# موعجیزە

## لە دیدی ئایین و زانست

زێبار عەزیز خان

کوردستان - سۆران ٢٠١٤

# موعجیزە

# لە دیدی ئایین و زانستدا

زێیار عەزیزخان مهاجیر

## ناسنامەی پەرتووك:

- ناوی کتێب: موعجیزە لە دیدی ئایینو زانست
- نووسینی: زێبار عەزیز خان
- بەرگ: بەرەکات قورڕتاس
- شوێنو ساڵی چاپ: سۆران- ٢٠١٤
- چاپخانەی: سۆران
- تیراژ: (١٠٠٠) دانە
- نرخ: (٣٠٠٠) دینار
- ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٢٦٦٨) ساڵی (٢٠١٣)ی پێدراوە.

خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی سۆران

ئامادەین بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی

هەموو جۆرە بڵاوکراوە و پەرتووکێکی نوسەران

**پرۆژەی چاپکردنی بەرهەمی نووسەرانی سۆران**

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِى ٱلْءَافَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ
يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ ۗ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ
شَىْءٍ شَهِيدٌ ﴿٥٣﴾ ﴾ فصلت: ٥٣.

# بەناوی خوای بەخشندەی دلۆڤان

## پێشەکی

سوپاس و ستایش بۆ خوای مەزن، درووددو سڵاو برژێ بەسەر پێغەمبەرو خانەوادەو شوێنکەوتووانی تا دوارۆژ.

خوێنەری بەرێز؛

دیاری کردنی گرنگی هەر بابەتێك بە ئەندازەی گرنگی بابەتیانە هەڵسەنگاندنی بابەتەکە پڕ بایەخە بەڵکو زیاتریشە، کە لێکۆڵینە لەسەر هەر دۆزێك و قسە لەسەر هەر مەسەلەیەك دەکرێت، دەبێ پێوەرە سەلمێنراوە عەقڵییەکان ڕۆڵی خۆیان ببینن و ئەرکی سەرشانیان ڕاپەڕێنن و لە سۆمای بابەتی بووندا تای تەرازووەکان بەگەڕ بخرێن، چونکە ئەگەر وانەبوو ئەوا توێژەر ماندوو بوونێکی بێ سوودی پێ دەبرێت و لە دەرەنجامیشدا نیگاری مەسەلە و دۆزەکە ناڕێك و کەم و کورت دەکێشرێت.

موعجیزەش وەك سەرجەم بابەتەکانی تر کە دەکەوێتە چوارچێوە بابەتە توێژراوەکان و قسەی زۆری لەسەر دەکرێت مێژووی خۆی هەیە، کە بە کۆنی هاتنی پێغەمبەرانی خوا موعجیزە کۆنە و بەشێکی گرنگی لاپەڕەکانی مێژووی داگیر

کـردووە، ناکرێـت مـوعجیزە بـە پێـودانگێکی تـر جگـە لـە عـەقڵ و زانسـت بپورێـت، چـونکە هـەر عـەقڵ و زاسـت بڕیـار دەدات کـە موعجیزە شتێکە دەکرێت ببێت و ئەستەم نییە.

گرنگی موعجیزە خۆی دەبینێتەوە لـە گرنگـی ئامـانجی هاتنـە کایـەی مـوعجیزە، ئـەویش سـەلماندنی ڕاسـتگۆیی پێغەمبـەران و پەیامی خواییە بۆ بەندەکان لە میانەی وێنا کردنـی بـێ دەسـەڵاتی مرۆڤ لە ئاست ئەنجامدانی کارێکی هاوشێوەی موعجیزە.

بە پێویستم زانی خزمـەتێك لـەو بـوارەدا پێشکەش بکـەم بـە ئامـادەکردنی کتێبێکـی لـەم جـۆرە کـە لـە سـێ تـەوەر پێکهـاتووە: (تەوەری یەکەم: سـەرەتایەك دەربـارەی مـوعجیزە. تـەوەری دووەم: قورئان گەورەترین موعجیزەیە. تـەوەری سێیەم: تـەوەری سێیەم: هەندێ جۆری موعجیزە لە فــەرموودەکانی پێغەمـــبەردا ﷺ)[1].

جێگای خۆیەتی سوپاسی ئەم بەڕێزانە بکەم کە ماندوو بـوون لە هەڵـە چـنین و پێداچـوونەوەی ئـەم بەرهەمـە، خـودا پاداشـتیان بداتەوە: (د. مـەلا مـادح بـەرزێوەیی، م. عـەقیل مـەلا زادە، ڕەقیـب ڕەسول ڕۆستایی).

---

[1]) بۆ تەفسیری ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز سوودم لە: تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، نووسینی بورهان محمد أمین. بینیوە

جا هەر چەندە نوکی خامەم کەم و زۆر بەدەوری ئەم باسەدا هێناوەو بردووە، کەچی ئەم باسە زۆر لەوە زیاتر لەخۆی دەگرێت، ناتوانرێت بەم کورتە نووسینە مافی تەواوی پێبدرێت، ئەم هەوڵەشم تەنها تێکۆشانێکی کەمە لە پێناو ڕەزامەندی خودا، بەو هیوایەی خوێنەر تێیدا سودمەند بێت، و شاعیر دەفەرموێت:

بەغەیری لوتفی تۆ قەت طالیبی گەنج و گەوهەر نابم
کە لوتفت بوو نییە فەرقی گەدابم یاوەکو پاشابم[1]

زێبار عەزیزخان مهاجیر
سۆران

---

1) ئەمین شێخ علاءالدین نەقشبندی: تەصەوف چییە؟ ٢٢٥.

# تەوەری یەکەم

# سەرەتایەك دەربارەی موعجیزە

پێناسەی چەمکی موعجیزە

موعجیزە بۆچی؟

جیاوازی موعجیزە لەگەڵ ڕووداوە ئاساییەکان

موعجیزە بەپێی ڕۆژگارو سەردەم هاتووە

موعجیزە پەیامێکە

حوکمی موعجیزە چییە؟

موعجیزە هۆکارێکە بەرەو مەبەست نەوەك ئامانج

## پێناسەی چەمکی موعجیزە

**بــوونی مــوعجیزە بــۆ ســەردەم و ڕۆژگــارێکی زۆر کــۆن دەگەڕێتەوە بەپێی کۆنی مرۆڤایەتی و نێردرانی پەیامبەران** (سڵاوی خوایـان لێبێـت)**، چـونکە مـوعجیزە یەکێکـە لـە تایبەتمەندیـەکانی پێغەمبـەران** (سـڵاوی خوایـان لێبێـت) **کـە بـۆ زیـاتر دڵنیاکردنــەوەی گەلـەکانیان لـە ڕاسـتێتی پەیامەکـەیان و سـەلماندنی ئـەوەی کـە لەلایـەن خـوای گـەورەوە نێـردراون بـە پەیامبـەر، ئێسـتاش بـۆ شـیکردنەوەی ئـەم چـەمکە دەچـینە خزمـەت هەنـدێك سەرچـاوە، بەتایبـەتی فەرهەنگـەکانی زمـانی عـەرەبی، چـونکە چـەمکەکەش هەر عەرەبییە.**

**لەزمانەوانی دا** (لغة): (و قد یکون من العَجْزِ. ویقـــال: عَجَـــزَ یُعْجِـــزُ عَـــنِ الأَمْـــرِ: **دەکـرێ لـە (عجـز)ەوە هاتبێـت. دەوترێـت: دەوستەوەسان بوو ئەگەر تواناى بەسەردا نەشکا.** و عاجِزُ اِلى ثُقَـــةٍ: **دڵی بۆ لای چوو.** و عاجز القـــوم: **شتێکیان جێهێشت جگەلـەویان بـرد.** و یقال: فُلانُ یُعاجِزُ عَنِ الحَقِ اِلى الباطِـــلِ: **پـەنای بـۆ دەبـات. و**

يُقال هُوَ يُكارِزُ اِلى ثُقَةٍ مُكارَزَةً: بەهەمان شێوە دڵی بۆ لای چوو. و الْمُعْجِزَةُ: تاکە، موعجیزە هی پێغەمبەرانە _ سڵاوی خوایان لێبێت _)[1].

ئیمامی نەوەوی وتویەتی: (و العَجْزٌ فِي كَلامِ العَرَبِ: أنْ لا تقدر على ما تريد)[2]. واتە: (عجز) لە زمانی عەرەبیدا: بریتییە لەوەی توانات نەشکێت بەسەر ئەوەی دەتەوێت.

لە فەرهەنگی (مختار الصحاح)دا هاتووە: موعجیزە تاکە و یەکێکە لە موعجیزەکانی پێغەمبەران _ سڵاوی خوایان لێبێت _، (و العجز) واتە: بێ توانایی و دەستەوسانی و بێ هێزی[3].

لە فەرهەنگی (معجم الصحاح)دا هاتووە: (عجز) واتە: دەستەوسانی، دەوترێت دەستەوەسان بووم لەوەی فڵانە کارە بکەم. و موعجیزە یەکێکە لە موعجیزەکانی پێغەمبەران[4].

---

1) ابن منظور، لسان العرب مادة (عجز).

2) محيي الدين النووي: المنهاج شرح صحيح مسلم بن الحجاج بەرگ ١ و بەش ١/٩.

3) أبي بكر محمد بن شمس الدين الرازي: مختار الصحاح مادة: (عجز).

4) اسماعيل بن حمأد الجوهري: معجم الصحاح مادة: (عجز).

**لــەزاراوەدا** (اصـطلاحاً): **جرجـانی لـە بـارەی پێناسـەی (موعجیزە[1]) وتویەتی:( أمْرٌ خـارِقٌ لِلْعـادَة، داعٍ إلى الْخَيْـرِ وَالسَّعادَة، مَقْرُونٌ بدَعْوَى النُّبُوَةِ، مَقْصُودٌ بهِ إظْهارُ صِدْقِ مَنِ ادْعَـى أنَّـهُ رَسُولُ مِـنِ الله)[2]. واتــە: کــارێکی دەرئاســایە، بانگەشــە بــۆ چــاکەو بەختــەوەری دەکــات، هاوکاتــە لەگــەڵ داوای پێغەمبەرایەتیــەوە، ئامانجی دەرخستنی ڕاستی داوای ئەو کەسەیە کە بانگەشەی ئەوە دەکات کە نێردراوی خوایە.**

**حەســەن بــەننا _** ڕەحمــەتی خــوای لێبێــت **_ لــەو بــارەوە وتویــەتی:(المعجِـزَةُ: أمْـرٌ خـارِقٌ لِلْعـادَة يَقَـعُ علـى يَـدِ نَبِـيٍ مَقْرُونًـا بـدَعْوَى التَّحَـدي)[3]. واتــە: مــوعجیزە، کــارێکی دەرئاســایە، لەســەر دەستی پێغەمبەرێك ڕوودەدات هاوکات تەحەدای پێ دەکرێت.**

---

**1) جێگای خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە موعجیزە وەکو زاراوە لە قورئانی پیرۆزدا نەهاتووە.**

**2) السيد شريف على بن محمد الجرجانى: التعريفات** ١٧٥.

**3) امام حسن البنان سلسلة من تراث امام البنا الكتاب الثانى التفسير** ١٣٤.

ئیمام جەلالەددینی سیوتی لەوبارەوە وتویەتی:( أمْرٌ خارِقٌ لِلْعادَةِ، مَقْرُونٌ بالتَّحَدِي، سَالِمٌ مِنَ الْمُعَارَضَةِ)[1]. واتە: كارێكی دەرئاسایە، هاوتایە بە تەحەدا كردنەوە، سەلامەتە لە ڕووبەڕوو بوونەوە.

دكتۆر كەمال عوسمان بەگ لەبارەی موعجیزەوە دەڵێت: بە كارێك دەوترێت موعجیزە، كاتێكدا ئەنجامدانی لەلایەن سەرجەم خەڵكیەوە ئەستەم بێت یاخود ئەو كارە ملكەچ نەبێت بۆ یاسا سروشتییەكان. بەم شێوەیە دەكرێ وەسفی بكرێت بەوەی كارێكی دەرئاسایە. ئەو كەسانەی خاوەنی موعجیزەن ئەوا پەیامبەرو پێغەمبەرەكانن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە خوای باڵادەست و خاوەن شكۆ ئەم كارە دەرئاسایەیان پێ دەدات بۆ ئەوەی بۆ خەڵكی بسەلمێنن كە ئەو پەیامەی هێناویانە لە خۆیانەوە هەڵیان نەبەستووە، بەڵكو سەرچاوەی هاتنی ئەو پەیامانە خوای بەدیهێنەری بونەوەرە، هەروەك بەو كارە دەرئاسایانە پشتیان دەگرێت كە هیچ مرۆڤێك توانای بەسەردا ناشكێت، ئەمەش بۆ سەلماندنی ڕاستگۆیی ئەوان و پشت گرتنی پەیامەكەیانە[2].

---

(1) امام جلال الدين السيوطى: الاتقان في علوم القرآن ٢/٢٢٨. سەیری ئەو سەرچاوەیەش بكەن كە بەهەمان شێوە پێناسەی كردووە: د. عمر سليمان عبدالله الأشقر، الرسل والرسلات ١٢٣.

(2) د.كمال عثمان بك: حقائق عن تناسخ الأرواح و الحاسة السادسة ١٢٠.

مەناع قەتان بەو شێوەیە لە بارەی پێناسەی موعجیزە دواوە وتویەتی: موعجیزە: سەلماندنی دەستەوسانیە، (العجز) لە پێناسەکاندا هاتووە: بەوەی ناوێکە بۆ دەرخستنی بێ توانایی لە ئاست ئەنجامدانی کارێك، پێچەوانەی توانادار و بەهێزییە، موعجیزە کارێکی دەرئاسایە و پەیوەستە بەتەحەداکردنەوە و سەلامەتیشە لە ڕووبەروو بوونەوە[1].

خاوەنی کتێبی ( کۆباسەکانی میحراب ) وتویەتی:(موعجیزە: بریتییە لەوەی خوای گەورە لەسەر دەستی پێغەمبەرێك دەریدەخات بەشێوەی تەحەددا. کە تاك و کۆمەڵ ناتوانن پێی هەڵسن، ناتوانن ڕووبەرووی ببنەوە، ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە کە خەڵکی باوەڕ بەو پێغەمبەرە بکەن، پشت ڕاستی (تصدیق)ی پەیامەکەی بکەن، ئەم جۆرە خەواریقانە پێیان دەوترێ (موعجیزە) تایبەتن بە پێغەمبەران)[2].

کورتەو پوختەی قسان: هەموو ئەو پێناسانەی بۆ موعجیزە کران لە پەراوێزدا یەك دەگرن، ئەویش بریتیە لەو کارە دەراسا و سروشت شکێن و یاسادڕانەی کە بەڵگەن لەسەر پێغەمبەرایەتی

---

(1) مناع القطان: مباحث في علوم القرءان ٢٣٦.

(2) شەماڵ عبدالرحمن موفتی: کۆباسەکانی میحراب، ئامادەکردنی: عادل شاسواری ٥٣٥.

پێغەمبەران و ڕاستێتی ئەو و پەیام و بەرنامانەی کە نێردراوانی خوا هێناویانە، ئەم کارەش وەك تەحەدایەك بە ڕووی مرۆڤایەتی ئەگەر بتوانن وێنە و هاوشێوەی ئەنجام بدەن، ئاشکراکردنی دەستەوسانی و بێ دەستەلاتی مرۆڤەکانە، ئەو کارەش بە ویست توانست و پشتیوانی خوا لەسەر دەستی پێغەمبەرێکی خوا ڕوودەدات کە بانگەشەو بانگەوازی بۆ پەیامەکەی دەکات و سەلامەتیشە لە ڕووبەروبوونەوە.

## موعجیزە بۆچی؟

**موعجیزەکانی پێغەمبەران (سڵاوی خوایان لێبێت) بەڵگەبوون لەسەر ڕاستگۆیی بانگەشە و بانگەوازەکەیان، بەوەی کە ئەوان ڕاسپێرراو و ڕەوانەکراون لەلایەن پەروەردگاری خاوەن ویست و توانستەوە، لەلایەن خوای مەزنەوە بۆ ئەم ئەرکە دەستنیشان کراون.**

**لەبەر ئەوەی ناحەزان لە دژی پەیامی پێغەمبەران (سڵاوی خوایان لێبێت) بۆ بەدرۆ خستنەوەیان یەکیانگرتبوو، شمشێری گومرایی و سەرلێشێواویان تیژکردبوو، هێزیان کۆکردبووەوەو تێدەکۆشان لە پێناو پووچەڵ کردنەوەی ئەو بانگەوازەی کە پێغەمبەران بانگەشەیان بۆ دەکرد، ئەویش یەکتاناسی و جێبەجێ کردنی بەرنامەی پەروەرێن لە ژیان و گوزەراندا.**

**پاش بەکارهێنان و بەگەرخستنی هێزی بازو گیرفان و سەروەت وسامان، ئەوا هەموو هەوڵ و تێکۆشانێکیاندا بەکارهێنا بۆ لەناو بردنی ئەو بانگەوازە، کەچی لە بەرامبەر تەنها یەك موعجیزە و کاری دەرئاسا دەستیان بەچۆکداهات و دەستەوسان بوون لەوەی کە بتوانن تەنها یەك وێنەو نمونەی لەو موعجیزەیە بێنن، چونکە ئەو کارە دەراسایانەی کە لە سەر دەستی پێغەمبەران**

(سڵاوی خوایـان لێبێـت) دەردەکـەوتن بەویسـتی خـوا ڕوویـان دەدا و لـە تواناو هێـزی مـرۆڤ بـەدەر بـوون، ئـەو مرۆڤـەی کـە هـەر هـەموو توانایەکی سنوردارە، ڕادەی دەستەڵاتی دیاریکراوە، چۆن دەتوانێت لـە دەرەوەی بازنـەی توانـای خـۆی پەلبهاوێـژێت و مەلـە بکـات. بێگومـان مـوعجیزە پـەیامی سـەلماندنی بـێ توانـایی مـرۆڤ لـە دوو توێی خۆیدا نمایش دەکات.

موعجیزە بۆ ئەوەیە کە ببێتە هۆکارو دەروازەیەك بـۆ بـاوەڕ هێنـان، لەگـەڵ ئەمەشـدا مایـەی بـەرپاوونی بەڵگەیـە لەسـەر بەنـدەکان. مـوعجیزە نیشـانەی دەسـتەبەرکردنی پاداشـتە بـۆ گوێڕایەڵ و باوەڕداران و ئامادەکرنی سـزایە بـۆ ئەوانـەی زبڵدان و زەلکاوی گومڕاییان هەڵبژاردووە.

## جیاوازی موعجیزه لەگەڵ ڕووداوە ئاساییەکان

بــۆ ئــەوەی مــوعجیزە لــە ڕووداوەکــانی تــر جیــا بکەینــەوە، پێویستە ئەوەی کە ڕوودەدات کارێك بێت لە ئاسا بەدەربێت، واتــە: لــە ڕێســاو یاســای بوونــەوەری و کەونیــە چەســپاوەکان بچێتەدەرو سروشـــتی بـــاو بشـــکێنێت، وەك: نەســـوتاندنی ئـــاگرو زینـــدوو کردنەوەی مردوو و لەت کردنی مانگ... هتد.

زانا لێکۆڵەرەکان ئەم چەند مەرجەیان داناوە، بۆ ئەوەی کارە دەراساکە پێی بوترێت موعجیزە[1]:

---

[1] العقيدة الإسلامية ومذاهبها: د. قحطان عبدالرحمان الدوري ٣٧٨ _ ٣٨٣. ئەمانە باسی ئەم هەشت مەرجانەیان کردووە: الباجوري في الجوهرة ٢٢١، السالمي في مشارق أنوار العقول ١٢/٢ نقلا عن الباجوري.

ئەم مەرجانە بێجگە لە مەرجی هەشتەم هاتوون لە: المواقف و شرحه للسيد الشريف ٢٢٣/٨_٢٢٧.

سەیری هەندێك لەو مەرجانە بکە لەم سەرچاوانەدا: أصول الدين للبغدادي ١٧٠_١٧١، الإرشاد للجويني ٣٠٨، االعقيدة النظامية ٢١٨، تبصرة الأدلة ٤٦٩/١، المقاصد وشرحه للتفتازاني ١١/٥، المسامرة ٢٤٠_٢٤٢، سبل الهدى والرشاد ٥٥٩/٩، كشف المراد ٣٧٧، رسالة التوحيد ٩٩، رسالة في التوحيد للطائي ٧٣_٧٤، حجة الله على العالمين في معجزات سيد المرسلين ٨ ولاپەڕەکانی دواتر، اليواقيت و الجواهر للشعراني ١/ ١٥٦_١٦١.

سەیری ئەمانەش بکە: ئەمین شێخ علاءالدین نەقشبندی: تەصەوف چییە؟ ٣٣٨، ٣٣٩، و د. يوسف القرضاوي: كيف نتعامل مع القرآن العظيم ٤٣، ٤٤، و يويسف

[1]_ پێویستە شتێك بێت لەلایەن خوای گەورەوە، تا ڕاستگۆیی ئەو کەسە بسەلمێنێت کە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکات.

جا ئەم شتەش ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

أ_ فەرمایشت: وەك قورئانی پیرۆز.

ب_ کردار: وەك هەڵقوڵانی ئاو لە نێوان پەنجەکانی پێغەمبەر ﷺ.

پ_ فەرامۆش کردن (ترك): وەك چۆن ئاگر پێغەمبەر ئیبڕاهیمی (سڵاوی خوای لێبێت) نە سووتاند.

[2]_ پێویستە دەرئاسا بێت، شتێکی بەدەر بێت لەوەی خەڵکی خوویان پێوەگرتووەو بۆتە داب و نەریت و جار جار ئەنجامی دەدەن.

ئەم مەرجە ئەوە دەگەیەنێت شتێك کە دەرئاسا نەبێت ناکرێت ببێتە موعجیزە، وەك ئەوەی یەکێك بڵێت: بەڵگەی ڕاستگۆیی من هەڵاتنی خۆرە لەو شوێنەی لێی هەڵدێت و ئاوابوونیەتی لەو شوێنەی لێی ئاوا دەبێت.

---

الحاج أحمد: موسوعة الاعجاز العلمي في القرآن الكريم و السنة المطهرة [14]، و گۆڤاری هەیڤ: ژ ١٤_١٥.

٣_ پێویستە لەسەر دەستی کەسێك دەربکەوێت کە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی یان پەیامبەرایەتی دەکات.

واتە: خاوەنی کارە دەرئاساکە دەبێت سەرقاڵی بانگەواز کردن بێت بۆ ئایین، کە مایەی بەختەوەری دونیا و دوارۆژە. بەم پێیەش ئەم شتانەی خوارەوە ناچنە ناو چوارچێوەی موعجیزە:

أ_ ڕیسواکردن (الاهانة): بریتیە لەو شتە دەرئاسایەی بەدەر دەکەوێت لەسەر دەستی کەسی لاسارو گوناهبار یاخود بێ باوەڕ، وەك :بەدرۆخستنەوەیەك بۆی، هەروەك چۆن لەسەر دەستی موسەیلەمەی درۆزن بەدەرکەوت، کاتێك تفی کردە ناو چاوی کەسێکی کوێری تا چاك ببێتەوە، کەچی ئەو چاوەشی کە کوێر نەبوو لە بینین کەوت.

ب_ پلەبەندی (استدراج): بریتیە لەو شتە دەرئاسایەی بەدەر دەکەوێت لەسەر دەستی کەسی لاسارو گوناهبار یاخود بێ باوەڕ، بۆ ئەوەی زیاتر بەسەرگەردانی خۆی سەرسام ببێت و گومڕاتر بێت، تا ئەو کاتەی فەرمانی خوای بۆ دێت کەچی لە بێ ئاگایی دایە، هەروەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ فَلَمَّا نَسُوا۟ مَا ذُكِّرُوا۟ بِهِۦ فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ أَبْوَٰبَ كُلِّ شَىْءٍ حَتَّىٰٓ إِذَا فَرِحُوا۟ بِمَآ أُوتُوٓا۟ أَخَذْنَٰهُم بَغْتَةً فَإِذَا هُم مُّبْلِسُونَ ﴿٤٤﴾ فَقُطِعَ دَابِرُ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ ۚ وَٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ

ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٤٥﴾ ﴾ الأنعام: ٤٤_٤٥. واته: (ئینجا کاتێك ئەو بەرنامە و ڕێبازەی کە یادیان خرابووەوە فەرامۆشیان کرد، ئێمەش دەروازەکانی هەموو شتێکمان بۆ واڵا کردنەوە و "نازو نیعمەتمان بەسەردا ڕژاندن" هەتا کاتێك دڵخۆش و شادومان بوون بەوەی کە پێیان درا، ئیتر لەناکاو گرتمانن و هەموویانمان سەرگەردان و ڕیسواکرد، ئەوان بێ ئومێد بوون و بەغەم و پەژارەیەکی زۆرەوە تیاچوون. ئیتر ئەو گەلەی ستەمیان کرد و بێ بڕوابوون بنبڕ کران "جا ئەو کاتە بوونەوەر هاوڕێ لەگەڵ ئیمانداران و فریشتەکاندا دەڵێن: سوپاس بۆ پەروەردگاری هەموو جیهان").

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (إِذا رأيت الله يعطي العبد في الدنيا وهو مقيم على معاصيه ما يحب فانما هو استدراج) ثم تلا رسول الله ﷺ هذه: ﴿ فَلَمَّا نَسُواْ مَا ذُكِّرُواْ بِهِۦ ﴾ الآية، والآية التي بعدها. واته: ئەگەر بینیت، خوای گەورە نازو نیعمەت بە بەندەیەکی بەخشی لە دونیادا، بەندەکەش تا حەز بکات هەر لەسەر تاوان بمێنێتەوە، ئەوە چاك بزانە ئەمە: پلە پلە نزیك بوونە (استدراج)ە، پاشان هەر دوو ئایەتەکەی خوێند.

پ_ یارمەتی (المعونة): بریتیە لەو شتە دەرئاسایەی کە لەسەر دەستی کەسێکی سادە و ئاسایی دەردەکەوێت و دەبێتە هۆی ڕزگار بوونیان لە تەنگ و چەڵەمەیەك.

ت _ کەڕامەت[1]: ئەو شتە دەرئاسایەیە لەسەر دەستی کەسێکی چاك و لە خواترس و پارێزگار دەردەکەوێت.

---

() کەڕامەت: بریتیە لە کارێکی دەرئاسا لەسەر دەستی وەلی و خۆشەویستێکی خوا بەدەر دەکەوێت و پەیوەست نییە بە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی.

وەلی: بریتیە لەو خواناسەی کە شارەزاییەکی تەواوی سەبارەت بە خواو سیفەتەکانی هەیە، بەپێی توانا و بەردەوامە لەسەر ئەنجامدانی پەرستشەکان، خۆی دوور دەگرێت لە تاوانەکان و سەرقاڵ نییە بە هەواو هەوەس بازی و ئارەزوو تێر کردن.

هۆکاری دەرکەوتنی کەڕامەت باوەڕ و پارێزکاری و تەقوایە، خوای گەورە لەم فەرمایشتەیدا وەسفی وەلییەکانی خۆی دەکات: ﴿ أَلَآ إِنَّ أَوۡلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ﴿٦٢﴾ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ ﴿٦٣﴾ لَهُمُ ٱلۡبُشۡرَىٰ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِۚ لَا تَبۡدِيلَ لِكَلِمَٰتِ ٱللَّهِۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ﴿٦٤﴾ ﴾ یونس: ٦٢ _ ٦٤.
واتە: (ئاگاداربن کە بەڕاستی چاکان و خۆشەویستانی خوای میهرەبان نەترس و بیم ڕوویان تێدەکات، نەغەم و پەرژارە و دڵتەنگی دایان دەگرێت. "ئەو بەختەوەرانە" ئەو کەسانەن باوەڕی بەتین و دامەزراوو پڕسۆزیان هێناوە بە پەروەردگاریان و خۆشیان دەپارێزن لە خەشم و قینی خوا. هەر بۆ ئەوانە مژدەی "کامەرانی و بەختەوەری" لە ژیانی دنیادا "کە مژدەی قورئان و فەرموودەیە" لە قیامەتیشدا "مژدەکان دەبنە واقیع و هەموو مژدە قورئانیەکان بە زیادەوە دێنەجێ"، بێ گومان ئەو بەڵێنانەی خوا هەر دێنەدی و هیچ گۆڕانێکیان بەسەر نایەت، ئا ئەوەیە سەرفرازی و کامەرانی گەورەو مەزن).

زۆربەی موسڵمانان لە پێشین و پاشینەوەو (أبو الحسين البصري) کە یەکێك بوو لە موعتەزیلەکان بڕوایان بە کەڕامەت هەبووە، تەنانەت ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل سەرزەنشتی ئەو کەسەی کردووە نکۆڵی لێ بکات و هەر بە گومڕای داناوە، هەندێ لە موسڵمانان بۆ چوونیان وایە نکۆڵی کردن لەو شتانە لاساری و بیدەعەچێتیە، ئەمەش هەندێك لە بەڵگەکانیان:

أ_ قورئانی پیرۆز: بۆ نمونە:

مەریەم بێ جووت بوون لەگەڵ پیاو سکپڕبوو.

کەوتنە خوارەوەی خورمای گەییو بۆ (مریم _ سڵاوی خوای لێبێت _) لە دارخورمای وشك، خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿ وَهُزِّيٓ إِلَيۡكِ بِجِذۡعِ ٱلنَّخۡلَةِ تُسَٰقِطۡ عَلَيۡكِ رُطَبٗا جَنِيّٗا ﴾ مریم: ٢٥. واتە: (ئەو دار خورمایەش "کە پاڵت پێوەداوە" کەمێك ڕایوەشێنە خورمای گەییوت بەسەردا دەبارێت).

بوونی ڕزق و ڕۆزی لەلای مەریەم بەبێ بوونی هۆکارێك، خوای بێ وێنە دەفەرموویێت: ﴿ كُلَّمَا دَخَلَ عَلَيۡهَا زَكَرِيَّا ٱلۡمِحۡرَابَ وَجَدَ عِندَهَا رِزۡقٗاۖ قَالَ يَٰمَرۡيَمُ أَنَّىٰ لَكِ هَٰذَاۖ قَالَتۡ هُوَ مِنۡ عِندِ ٱللَّهِ ﴾ آل عمران: ٣٧.واتە: (هەر کاتێك زەکەریا دەچوو بۆ سەردانی لە شوێنی خواپەرستیەکەیدا دەیبینی ڕزق و ڕۆزی و نازو نیعمەتی جۆراوجۆری لایە، زەکەریا وتی: ئەی مەریەم ئەو هەموو ڕزق و ڕۆزییەت لە کوێ بوو؟! مەریەم لەوەڵامیدا وتی: ئەوە لەلایەن خواوەیە، ئەو بۆم دەنێرێت).

مانەوەی یارانی ئەشکەوت (أصحاب الكهف) سێ سەد و نۆساڵ بێ خواردن و خواردنەوە، خوای پاك و تاك دەفەرموویێت: ﴿ وَلَبِثُواْ فِي كَهۡفِهِمۡ ثَلَٰثَ مِاْئَةٖ سِنِينَ وَٱزۡدَادُواْ تِسۡعٗا ﴿٢٥﴾ ﴾ الكهف: ٢٥. واتە: (ئەوسا ئیتر یارانی ئەشکەوت سێ سەد ساڵی تەواو "هەتاوی" لە ئەشکەوتەکەیاندا مانەوە "ئەگەر بەساڵی مانگی حیساب بکەیت" نۆ دانە ساڵی تریشیان خستە سەر "واتە دەکاتە ٣٠٩ ساڵ خەویان لێکەوت").

وەزیرەکەی سولەیمان (سڵاوی خوای لێبێت) ئاصفی کوڕی برخیا کاتێك تەختی بەلقیسی لە یەك چاوتروکاندا لەو ماوە دوورەدا هێنا: ﴿ قَالَ ٱلَّذِي عِندَهُۥ عِلۡمٞ مِّنَ ٱلۡكِتَٰبِ أَنَا۠ ءَاتِيكَ بِهِۦ قَبۡلَ أَن يَرۡتَدَّ إِلَيۡكَ طَرۡفُكَ ﴾ النمل: ٤٠. واتە: ("بەڵام یەکێك لە پیاوچاکان" کە زانست و زانیاری لە "نهێنیەکانی" کتێبی تەورات هەبوو وتی: من بۆت دەهێنم بەچاو تروکانێك).

ب_ ڕێژەیەکی زۆر لە کەڕامەت لە ژمارەیەکی زۆری هاوەڵانەوە هاتووە کە ناکرێ نکۆڵی لێ بکرێت، بۆ نمونە:

کاتێك عومەری کوڕی خەتتاب (خوا لێی ڕازی بێت) سوپایەکی نارد بۆ ناوچەی نەهاوەند بە فەرماندەیی یەکێك بەناوی (سارية)، جا کاتێك عومەر (لە مەدینە) وتاری دەدا، لەسەر دووانگە (منبر) هاواری دەکرد: (يا ساريةُ الجبل) واتە: ئەی (ساریە) پشت بە چیاکە ببەستە. ئینجا دواتر نوێنەری سوپاکە هاتە مەدینە ئیمامی عومەر پرسیاری بارودۆخەکەی لێکرد: ئەویش وتی لەگەڵ دوژمنەکان ڕووبەڕوو بووینەوەو ئێمەیان تێکشکاند، لەوکاتە کەسێك هاواری دەکرد: ئەی (ساریە) پشت بە چیاکە ببەستە، ئەی (ساریە) پشت بە چیاکە ببەستە، ئێمەش پشتمان دا بە چیاکە بەمەش خوای گەورە ئەوانی تێکشکاند.

کاتێك خالیدی کوڕی ولید (خوا لێی ڕازی بێت) گەمارۆی قەڵایەکی توندو تۆڵی دا، دانیشتووانی قەڵاکە وتیان ئێمە خۆمان بەدەستەوە نادەین تا خالید ژەهر نەخواتەوە، خالید ژەهرەکەی خوارد و هیچ زیانی پێ نەگەیشت نەبوو.

پ_چەسپاندنی کەڕامەت بۆ وەلی چەسپاندنی موعجیزەیە بۆ پێغەمبەر ﷺ، چونکە هیچ کەسێك نابێتە وەلی تا ڕاستگۆ و ساغ نەبێت لە ئایینەکەیدا، ڕاستگۆییەکەیشی بریتیە لە دانان بە زمان و دڵ بە پەیامی پێغەمبەر ﷺ و ملکەچ بوون بۆ فەرمان و ڕێگرییەکانی، لەبەر ئەوەی وەلی ئەگەر بانگەشەی سەربەخۆیی کرد و خۆی بەشوێن کەوتووی پێغەمبەر دانەنا، ئەوا نابێتە وەلی، ئەو دەرئاسا و کەڕامەتەش کە دەردەکەوێت لەسەر دەستی پلەی ویلایەت نییە، بەڵکو وەك پلە پلە نزیك بوونەوەیە (استدراج)ە.

ت_ کەڕامەت شتێکی شیاوی بوونە و ئەستەم نییە، بوونی شتە شیاوەکانیش پەیوەستن بە توانای هەمەلایەنی خوای گەورە، هەر شتێکیش شیاوی بوون بێت پەکی توانای خوای گەورە ناخات.

ئەوانەی نکۆڵیان لە کەڕامەت کردووە: (أبو اسحاق االإسفرايينى) و (الحليمى) کە لە ئەشعەرییەکانن و زۆربەی موعتەزیلەکان و إبن حزم الظاهری، ئەمەش بەڵگەکانیانن:

کەرامەت بە موعجیزە دەچێت و جیاوازییان نییە، ئەگەر کەرامەت هەبێت ئەوا مانای وایە موعجیزە بەڵگە نییە لەسەر پێغەمبەرایەتی، بۆیە دەرگای سەلماندنی بوونی کەرامەت داخراوە.

بەڵام بەرپەرچی ئەم بەڵگەیەیان دراوەتەوە بەوەی:

١_ کەرامەت بە دەقی قورئان چەسپاوە، کەواتە بەتەواتور هاتنی کەرامەت لە هەموو سەردەمێکدا ڕاستە و ناکرێت نکۆڵی لێ بکرێت.

٢_ موعجیزە بەو تایبەتمەندیانەی خوارەوە لە کەرامەت جیا دەبێتەوە:

أ_ موعجیزە بەوە جیا دەکرێتەوە کە تەحەدای پێ دەکرێت، بەڵام تەحەدا بە کەرامەت ناکرێت.

ب_ موعجیزە پەیوەستە بە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی، بەڵام کەرامەت پەیوەست نییە بە بانگەشەی پێغەمبەرایەتیەوە، خاوەن کەرامەت بانگەشەی پێغەمبەرایەتی ناکات، بەڵکو شوێنکەوتوو و دەستگرە بە ڕێبازو شەریعەتی پێغەمبەر، ئەگەر خاوەن کەرامەت بانگەشەی پێغەمبەرایەتی بکات ئەوا شیاوی نەفرەت و ڕیسوایی دەبێت، بەم پێیە کەرامەت و موعجیزە تێکەڵ نابن.

پ_ پێغەمبەران لە توانایاندا هەیە هەر کاتێك داوای موعجیزە بکەن، ئەوا موعجیزەکە ڕووبدات، چونکە خوای گەورە ئەمەی پێ بەخشیون، ئینجا ئەو داوا کردنەی پێغەمبەران چ بە ویستی خۆیان یان بە پێشنیاری ئوممەت بێت. بەڵام سەبارەت بە کەرامەت دەکرێ وەلی بتوانێت هەندێ جار بیخاتەڕوو و هەندێ جاریش نەتوانێت.

ت_ پێغەمبەران موعجیزەکانیان وەك بەڵگە دەهێننەوە بەسەر هاوبەش دانەران لەبەر ئەوەی دڵیان ڕەقەو بڕوا بەخوای پاك و تاك ناهێنن، بەڵام ئەولیاکان کەرامەت وەك بەڵگە بەسەر دەروونی خۆیاندا دەخەنەڕوو تا دەروونیان ئارام و دڵنیا بێت و نەشڵەژێت لە کاتی نەبوونی ڕزق هەڵپە نەکات، چونکە نەفس هەردەم فەرمان بەخراپە و نکۆڵی دەکات و هاوبەش بڕیار دەدات و گومان دەنێتەوە و دڵنیا نییە لەو ڕزقەی کە خوای گەورە پێیداوە.

٤_ ئەو دەرئاسایە پێش بانگەشە کردنی پێغەمبەرایەتی نەکەوێت، بەڵکو یان دەبێت هاوتا یاخود کەمێك دوا بکەوێت لە بانگەشەکە، بەشێوەیەك دواکەتنەکە لە نەریتی باو دەرنەچێت.

لەبەر ئەوەی موعجیزە گەواهی و شایەتیەکە کە لەلایەن خواوە لەسەر ڕاستگۆیی ئەو کەسە دەدرێت کە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکات، ناشبێت شایەتی پێش بانگەشە بکەوێت.

بەم پێیە: دەرئاسا ڕێخۆشکەرەکان (إرهاصات) کە بریتین: لەو دەرئاسایانەی ڕێخۆشکەرن بۆ پێغەمبەرایەتی و دەست پێکن بۆی، وەك: ئەو هەورانەی سێبەریان لە پێغەمبەر ﷺ دەکرد پێش ڕەوانەکرانی وەك پێغەمبەر. و قسە کردنی عیسا (سڵاوی خوای لێبێت) لە بێشکەدا. ئەم کارە دەرئاسایە ڕێخۆشکەرانە کەرامەتن، چونکە

---

ج_ هەر چەندە ژمارەیەکی زیاتری موعجیزە بە پێغەمبەران بدرێت، ئەوا چاکتر واتای پێغەمبەرایەتی و گەورەییان دەدرەوشێتەوە، جا ئەوانەی خاوەن کەرامەتن هەرچەندە کەرامەتیان زیاتر بێت ئەوا پارێزکارتر دەبن نەك ئەو کەرامەتەی بریتی بێت لە فریودانی نهێنی یاخود پلە پلە نزیك بوونەوە (استدراج) یان پاداشتیان تەنها ئەو کارە دەرئاسایە بێت لەلایەن خواوە و هۆیەك بێت بۆ نەمانی پلەو پایە مەزنەکەیان لەلایەن خوای گەورە. سەیری: د. قحطان عبدالرحمان الدوري: العقيدة الإسلامية ومذاهبها: ٣٨٠، و د. عبدالرحمن قحطان الدوري و د. رشدي عليان: أصول الدين الإسلامي ٢٢٢، و ئەمین شێخ علاءالدین نەقشبندی: تەصەوف چییە؟ ٣٣٨، ٣٣٩. و د. يوسف القرضاوي: كيف نتعامل مع القرآن العظيم ٤٣، ٤٤.

پێغەمبەران بەر لە پێغەمبەرایەتی  پلەیان لە پلەی ویلایەت کەمتر نییە.

٥_ پێویستە شتە دەرئاساکە کۆك و تەبا بێت لەگەڵ بانگەشەی پێغەمبەرایەتی.

واتە: هەر شتێکی دەرئاسا دژو پێچەوانەی بانگەشەکە بێت موعجیزە نییە، هەروەك یەکێك بانگەشەی پێغەمبەرایەتی بکات و بڵێت بەڵگەی ڕاستگۆیی من: لەت بوونی دەریایە، کەچی چیا لە جیاتی دەریا لەت ببێت.

٦_ دەرئاساکە بەدرۆخەرەوەی بانگخوازەکە نەبێت.

هەر شتێکی دەرئاسا بانگخوازەکە بەدرۆ بخاتەوە، ئەوا ئەو دەرئاسایە پێی ناوترێت موعجیزە، بۆ نمونە ئەگەر بانگەشە کارەکە وتی بەڵگەی ڕاستگۆیی من: بە دەنگ هاتنی ئەو شتە بێ گیانەیە، جا شتە بێگیانەکە بەدەنگ بێت و بڵێت بانگخوازەکە درۆزنە، ئەمە نابێتە موعجیزە.

٧_ کەس نەتوانێت ڕووبەڕووی دەراساکە ببێتەوە.

بەم پێیەش ئەم شتە دەرئاسایانە ناچنە ناو چوارچێوەی موعجیزە:

جادوو: چەند ڕێسایەکە بە هۆی خوێندنەوە بەدەست دەهێندرێت، بەگرتنەبەری  ڕێساکانی کاری نامۆ ئەنجام دەدرێت.

پێشبینی (الكهانة): بریتیە لە پێشبینی كردنی شتی شاراوەو غەیبی بەبێ بەڵگە.

چاوبەستی (الشعوذة): بریتیە لە شت شاردنەوە لە دەستدا و چاو پێ هەڵخەڵەتاندن، وا دەزانرێ ڕاستەقینەیە كەچی ڕاستەقینە نییە. هەروەك جادووگەرانیش دەتوانن كاری وا بكەن.

٨_ نابێت ئەو كارە دەرئاسایە لەو سەردەم و ڕۆژگارەدا بێت كە كاری دەرنەریت و دەرئاسای تێدا ڕوودەدەن، وەك: هەڵاتنی خۆر لە خۆرئاواوە، چونكە ئەو شتە دەرئاسایەی سەرهەڵدەدات لەكاتی دەركەوتنی نیشانەكانی قیامەت و كۆتایی ئەركدارییەكان نابێتە بەڵگە لەسەر ڕاستێتی بانگەشەكە، چونكە سەردەم و ڕۆژگارەكە بریتیە لە سەردەمی هەڵوەشانەوەی داب و نەریت، واتە: هەموو ڕووداوەكان دەرنەریت و دەرئاسان لەو سەردەمدا.

## موعجیزە بەپێی ڕۆژگارو سەردەم هاتووە

هەر موعجیزەیەك هاتووە لەو ڕووەوە بووە كە خەڵكی ئەو سەردەمە دەستێكی باڵایان تێدا هەبووە، خاوەنی شارەزاییەكی چاك بوونە و گەیشتوونەتە پلەی بەرزی زانیاری لەو بوارەدا، توانای داهێنانیان لەو لایەنەدا هەبووە.

كاتێك خەڵكی دەزانن ئەوەی پێغەمبەران بۆیان هاتووە یان ئەو كارەی لەسەر دەستیان ڕوویداوە لە چواچێوەی ئەو زانست و زانیاریانە بەدەرە كە ئەوان لێی دەزانن و دەستیان تێدا هەیە، بەڵكو ئەو موعجیزەیە لە زانست و زانیاریەكی تر سەرچاوە دەگرێت كە ئەوان نەك هەر نایزانن بەڵكو پەیشی پێنابەن، ئەوا ئەو كاتە دەستەوسان دەمێننەوە.

بۆ وێنە كاتێك پێغەمبەر موسا (سڵاوی خوای لێبێت) بە موعجیزەكانیەوە هات، موعجیزەكانی ناوبراو لە سیحرو جادوو دەچوو، چونكە لەو ڕۆژگارو سەردەمدا خەڵكەكە لە سیحرو جادووگەری دەستێكی باڵایان هەبووە.

ئینجا كاتێك كە دارعەساكەی دەستی دەبێت بە مار لەبەردەم چاوی جادووگەراندا، ئەو جادووگەرانەی كە گەیشتبوونە پلەی بەرز لە زانستی جادووگەریدا، زانیان ئەوەی كە لەسەر دەستی

**پێغەمبەر موسا** (سڵاوی خوای لێبێت) **ڕووی دا جادوویەك نییە کردبێتی بەڵکو موعجیزەیە. و خوای گەورە لەبارەی دەستەوەسانی جادووگەران و باوەرهێنانیان دەفەرمووێت:** ﴿ وَأُلْقِيَ ٱلسَّحَرَةُ سَٰجِدِينَ ﴿١٢٠﴾ قَالُوٓاْ ءَامَنَّا بِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٢١﴾ ﴾ الأعراف: ١٢٠_١٢١. **واتە: ( _ کاتێك دڵنیابوون ئەوە موعجیزەیەو لەدەستەلاٌتی ئادەمیزاددا نییە _ جادووگەران خران بەژووردا سوژدە بەربوون بۆ خوا، جادوگەران وتیان: ئێمە باوەڕێکی پتەومان هێناوە بە پەروەردگاری جیهانیان.... ).**

**بەهەمان شێوە: موعجیزەکانی پێغەمبەر عیسا** (سڵاوی خوای لێبێت) **لە شێوەی زانستی پزیشکدا بوون، بەلاٌم زانستی پزیشکیش نەبوو، چونکە خەڵکەکە لەو سەردەم و ڕۆژگارەدا شارەزاییەکی قوڵیان هەبوو لە زانستی پزیشکی، کاتێك پێغەمبەر عیسا** (سڵاوی خوای لێبێت) **مردووی زیندوو کردەوەو کوێری زگماك و نەخۆشی بەڵەکی چاك کردەوە بە ویستی خوا لە پێش چاوی خەڵکانێك کە گەیشتبوونە پلەی هەرە بەرز لە زانستە پزیشکیەکاندا، خەڵکەکە درکی کرد ئەوەی کە لەسەر دەستی پێغەمبەر عیسا** (سڵاوی خوای لێبێت) **ڕوودەدات شتێکە لە توانای ئەواندا نییە. موعجیزەی**

پێغەمبەرانی تریش (سڵاوی خوایان لێبێت) بۆ گەلەکانیان بەهەمان شێوەیە... [1].

## موعجیزە پەیامێکە

موعجیزە پەیامێکە بۆ عەقڵ و ژیری مرۆڤ، لەو کات و ساتەی کە ژیری مرۆڤ قبوڵی ئەو موعجیزەیە دەکات و وەری دەگرێت، ڕاستەوخۆ لە پاش دانپێدانان بەو موعجیزەیە و ئەوکارە دەراسایە دان بە ڕاستگۆی پێغەمبەرەکەدا دەنێت، ئینجا بەو شێوەیە لە یەکەم ساتی ملکەچ بوونی کەسەکە باوەڕ لە ناو دڵ و دەروونی دا دروست دەبێت و چەکەرە دەکات و بە شێوەیەکی سروشتی نەش و نوما دەکات، دوای ئەوەی ملکەچییەکەی بۆ خوای گەورە دەربڕی و دانی بەبێ توانایی خۆی دانا لە بەرامبەر هێزی بێ سنوری خوای زاڵ و پەنهان زان لە هێنانە کایەی ئەو موعجیزانەی کە نەوە دوای نەوە گێراویانەتەوە لەسەر زمانی کۆمەڵە خەڵکانێك کە هەرگیز گومان نابرێت لەسەر درۆ و شتی پڕو پووچ و هەڵبەستراو کۆببنەوە.

---

(1) د. وهبة الزحيلي: التفسير المنير ٢/ ٢٥٤.

لە هەمان کاتدا نامەیەکیشە لەلایەن خوای ئەزەلی ئەبەدەوە ئاراستەی گیان (ڕۆح) کراوە، بۆ ئەوەی ئەو پەیمانەی کە بەپەروەردگاری دابوو لەسەری بەردەوام بێت نەیشکێنێت[1]، تاکو خۆی جیانەکاتەوە لەو هەموو بەدیهێنراوانە و ڕیزپەڕ نەبێت و ئەو نامەیەش موژدە بەخشە بە ڕۆحە پاك و چاکەکان. ئاگاداری و بێدارییەکە بۆ نەفسە سەرکەشەکان تا چاوێك بە هەڵەو گوناهەکانیان بخشێننەوەو بەخۆیاندا بچنەوە.

## حوکمی موعجیزە چییە؟

حوکم بریتییە لە چەسپاندنی شتێك یان نەهێشتنی، ئەمەش بە هۆی: شەرع یان داب و نەریت و عادەت یاخود عەقڵ دەبێت، کەواتە دەبێتە سێ بەش:

---

(1) ئەم پەیمانە لەم ئایەتەدا هاتووە: ﴿ وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِنۢ بَنِىٓ ءَادَمَ مِن ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ ۖ قَالُوا۟ بَلَىٰ ۛ شَهِدْنَآ ۛ أَن تَقُولُوا۟ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ إِنَّا كُنَّا عَنْ هَٰذَا غَٰفِلِينَ ﴿١٧٢﴾ ﴾ الأعراف:١٧٢. واتە: یادی ئەوکاتەش بکەرەوە کە پەروەردگارت پشتاوپشتی نەوەی ئادەمی کۆکردەوە(لەجیهانی پەنهان و شاراوەدا پەیمانی لێوەرگرتن) و کردنی بەشایەت بەسەر خۆیانەوەو(پێی فەرموون): ئایا من پەروەردگاری ئێوە نیم؟! هەموو وتیان: نابێت تۆ خوای ئێمە نەبیت، بەڵێ شایەتیمان داوە (کە تۆ پەروەردگارمانیت) ئەمەش بۆ ئەوەی نەوەك لە ڕۆژی قیامەتدا بڵێن: بەڕاستی ئێمە لەمە بێ ئاگابووین!!.

١_ حوكمی شەرعی: (هۆی چەسپاندنی شەرعە)، وەك چەسپاندنی پێویست بوونی نوێژ.

٢_ حوكمی ئاسایی (العادی): (هۆی چەسپاندنی بریتیە لە داب و نەریت و عادەت و ئەزموون) وەك چەسپاندنی سیفەتی سووتاندن بۆ ئاگر.

٣_ حوكمی عەقڵی: (هۆی چەسپاندنی عەقڵە)، وەك چەسپاندنی سیفەتی جووتی بۆ ژمارە (٢) و (٤).

حوكمی عەقڵی:

دابەش دەبێت بۆ: ١_ پێویست (واجب) ٢_ ئەستەم (مستحیل) ٣_ شیاو و دروست (ممكن و جائز).

١_ پێویست (واجب): بریتییە لەوەی كە چەسپاوەو نەبوون قبوڵ ناكات یاخود بریتییە لەوەی كە عەقڵ دان بە نەبوونی دانانێت. وەك: پێویست بوونی توانا بۆ خوای گەورە و پێویست بوونی سیفەتی جووتی بۆ (٤).

٢_ ئەستەم (مستحیل): بریتییە لەو شتە نەبووەی كە شیاوی بوون نییە و هەرگیز ناكرێت بێتە بوون، ناتوانرێت ئەندێشە بكرێت كە ئەو شتە بێتە دۆخی بوونەوە یاخود بریتییە لەوەی كە عەقڵ ئەندێشەی هاتنە بوون و پەیدابوونی ناكات. وەك:

چەسپاندنی هاوبەش بۆ خوا و پێشکەوتنی کوڕ لە پێش باوکی لە بووندا.

٣_ شیاو و دروست (ممکن و جائز): ئەوەیە کە جارێك بوون و جارێکی تر نەبوون قبوڵ دەکات بەڵام لە دواییەك نەك لە یەك کاتدا. و ئەو شتەیە کە لە پێودانگی عەقڵدا بوون و نەبوونی وەك یەکە، ناهێتە خانەی بوونیش مەگەر بەهێزێکی پەسەندکەر نەبێت. وەك: بوونی تۆ ئێستا[1]، واتە بوونی تۆ ئێستا شیاوەو دەکرێت و شتێکی ئەستەم نییە.

جا بە ڕامان و ورد بوونەوە بۆمان دەردەکەوێت کە موعجیزە پێویست (واجب) نییە و ئەستەم (مستحیل)یش نییە بەڵکو هی سێیەمە کە شیاوی بوونە (ممکن)ە و دەکرێت ببێت، بە بەڵگەی ئەوەی موعجیزە پێناسە دەکرێت بە شتێکی دەرئاسا و عادەت و داب و نەریت شکاندن، شکاندنی داب و نەریت و عادەت شتێکی پێویست نییە و ئەستەمیش نییە کەواتە دروستە و دەکرێت ببێت، هەروەك بێگومان و دوودڵی ڕوویداوە.

[1]) العقيدة الإسلامية ومذاهبها: د. عبدالرحمن قحطان الدوري ٢١١.

## موعجیزه هۆكارێكه بەرەو مەبەست نەوەك ئامانج

قورئــانی پــیرۆز ئــەوەمان بــۆ ڕوون دەكاتــەوە كــە هــاتنی پێغەمبەران (سڵاوی خوایان لێبێت) بۆ ئەوە نەبووە تا موعجیزە نمایش بكــەن، بــەڵكو ســەلماندنی ئــەوە بــووە كــە ئــەوان مامۆســتاو ڕێ پیشــاندەرن، ئــەركیان ڕوونكردنــەوەی ڕاســتیەكانە و بانگــەوازی كردنە بۆ لای خوا. جا هەر تاكێك ڕێنموییەكەی وەرگرت و پێی ئاشنابوو ئەوا سەرفراز دەبێت، هەر یەكێكیش سەرپێچی كرد و ملی نەدایە بەر حەق و ڕاستی، بەراستی هەر خۆی زەرەرمەندە.

لە ئەرك و كاری پێغەمبەراندا نییە كە هەڵسوكەت لە ڕێسا و سوننەتە كەونی و بونەوەریەكان بكەن، چونكە ئەمە تەنها كاری پەروەردگاری مەزنە، هەر ئەو زاتی تاك و زاڵی بەتوانایە بەسەر هــەموو شــتێكدا، قورئــانی پــیرۆز لێــرەدا ئامــاژەی بــۆكردووە دەفەرمووێت: ﴿ وَيَقُولُونَ لَوْلَآ أُنزِلَ عَلَيْهِ ءَايَةٌ مِّن رَّبِّهِۦ ۖ فَقُلْ إِنَّمَا ٱلْغَيْبُ لِلَّهِ فَٱنتَظِرُوٓا۟ إِنِّى مَعَكُم مِّنَ ٱلْمُنتَظِرِينَ ﴿٢٠﴾ ﴾ یونس: ٢٠.

واتە: بێ باوەڕان دەڵێن: بۆ موعجیزەو بەڵگەیەك دانەبەزێنرایە سەری لەلایەن پەروەردگاریەوە، لەوەڵامیاندا بڵێ: بەڕاستی

مـوعجیزەو نهێنــی و شـاراوەکان تــەنها بەدەسـت خوایــە، جـا ئێـوە چاوەڕوانی بکەن، بێگومان منیش لەگەڵتاندا لە چاوەڕوانانم.

خــوای بــێ وێنــە دەفــەرموویت: ﴿ وَقَالُواْ لَوۡلَا نُزِّلَ عَلَيۡهِ ءَايَةٞ مِّن رَّبِّهِۦۚ قُلۡ إِنَّ ٱللَّهَ قَادِرٌ عَلَىٰٓ أَن يُنَزِّلَ ءَايَةٗ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ٣٧ ﴾ الأنعام: ٣٧. واتە: (ئەو خوانەناسانە) وتیـان: ئـەوە بـۆ محمـد _ دروودو سـڵاوی خـوای لێبێـت _ موعجیزەیــەکی لەلایــەن پەروەردگاریــەوە بــۆ نایەتە خوارەوە؟ بڵێ: بەڕاستی خوا دەسەڵاتی هەیـە کـە مـوعجیزە بنێرێت، بەڵام زۆربەی ئەوانە نافامن و نازانن.

ئــەم دوو ئایەتــە و چــەندان ئایــەتی تــر ئــەوەمان بــۆ ڕوون دەکەنــەوە کــە پێغەمبــەران تــەنها مـوژدەدەرو ترسـێنەرن و هیچـی تریان بەدەست نییە، لەم ئایەتانەدا چونکە ڕووی وتووێژو گفتوگۆ زیـاتر لـە بـێ باوەڕانـە چ ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ بێـت، بۆیـە زۆرتــر وشــەی (نــذیر) ترسـێنەری بـۆ بـەکارهاتووە و شـوێنەکەش هـەر ئـەوە دەخـوازێ، ئـەگینا مـوژدەدان بەخێروخۆشـی، ترسـاندن بەسـزایی خـوا هـەر دووکیـان ئــەرکی پێغەمبــەرانن (سـڵاوی خوایـان لێبێت).

# تەوەری دووەم

# قورئان گەورەترین موعجیزەیە

دەروازەی یەکەم: قورئان موعجیزەیە

دەروازەی دووەم: هەنـــدێك جۆرەکـــانی مـــوعجیزە لەقورئاندا:

یەکـــەم: ئیعجـــازی قورئـــانی لـــەڕووی زمانـــەوانی و ژیربێژیەوە

دووەم: ئیعجازی قورئانی لەڕووی هەواڵدانی غـەیبی و مێژووییەوە

سێیەم: ئیعجازی قورئانی لەڕووی یاسادانانەوە

چـــوارەم: چـــەند دیمـــەنێك لـــە ئیعجـــازی زانســـتی لـــە قورئاندا

# دەروازەی یەکەم

## قـورئــان موعجیــزەیە

کاتێـك مــرۆڤ لــە نێـو قوڵاییــەکانی چــەرخە تاریکــەکان دەتلایــەوە، خــودای مــەزن دوا پەیامبــەری خــۆی کــە (موحەمــەد) پێغەمبــەرە ﷺ ڕەوانــە کــرد تــا مرۆڤایــەتی لــە چــنگ و چــەپۆکی تــاوان و گونــاهو ســەرەنجام و ئاکامــەکانی ڕزگــاری بکــات. هاوکــات سروش و وەحییەکی خوایی پێدرابوو کە ژێدەرێکی هەتا هەتایی و هەمیشــەییە و لوتکــەی ڕابەرایــەتی ئاسمــانی بــۆ بــەرەی مــرۆڤ دەنوێنێت[1].

قورئــانی بــەپێزو پــیرۆز بــەو پێیــەی کــە زانایــانی زانســتی بنەماکانی فیقه (ئوصول) پێناسەی دەکەن بریتیــە لــە: (واتــە ئــەو فەرمایشتەیە کە دابەزێنراوە_ بۆ سەر پێغەمبەری پێشەوا ﷺ_ وەك دەراســاو یاســادڕ _ بــۆ پشــتگرتن و پشــت ڕاســتکردنەوەی

---

(1) د. مۆریس بۆکای: قورئان و زانستی نوێ، چاپخانەی تەفسیر، هەولێر، و: سەلام خۆشناو، ١٩٩٨، ٧٤، بە کەمێك دەستکارییەوە.

ڕاستێتی بانگەوازی پێغەمبەر لەبانگەوازەکەیدا[1]_ بە سوڕەتێك لە سوڕەتەکانی )[2].

پێویستە بزانین قورئانی پیرۆز پەرتوکێکی پارێزراوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ ﴿٩﴾ ﴾ الحجر: ٩. واتە: ئێمە قورئانمان ناردۆتە خوارەوە هەرخوشمان دەیپارێزین و چاودێری دەکەین.

هەروەك دیارە ئەو باس و بابەتانەی تایبەتن بە ئیعجازی قورئانی پیرۆزەوە گەلێك فراوانن بە ئەندازەیەك کە بەندە ناتوانێت بە هێزە سنوردارەکەی دەوری هەموو لایەکی بدات، بە هەمان شێوە هی واشیان تێدایە کە ئەوندە وردن چاوی (ژیری) هەموو کەسێك پەییان پێ نابات.

وتەیەك کەلەو پەڕی ڕوونی و ژیبیژی دابێت، هەر ئەو وتە شایەنی ئەوەیە کە چاوەکان ڕووناك و دڵەکان تێرئاو و گیانەکان ئاشنا بکات بە خوای هەربووی نەمر، ئایەتەکانی ئەم وتەیە کەوسەر ئاسا دڵان تێنوو شکێن و گیانەکانیش ئاسوودە دەکات، نەفسەکانیش ئارام و دەردی لاشەکانیش سارێژ دەکات. بەڕاستی

---

(١) ئەوەی ناو دوو هێماکەیە خۆم زیادم کردووە.

(٢) عبدالسلام محمود أبو ناجي: أصول الفقه الاسلامي ١٩٣. و سەیری ئەم سەرچاوەیەش بکە: د. مصطفى ابراهيم الزلمي: أصول الفقه في نسيجه الجديد ٢٥.

چاوی ئاسای کەسی بێ ئاگا لە زانست و گەورەیی و پلەوپایەی قورئان ئەوا هەر بەشێوەیەکی سادە قورئان دەبینێت بێ ئەوەی هەست بکات و پەی بەوە ببات کە قورئان زۆر لەوە فراوانترو گەورەترە، زانست و بەخششەکانی قورئان فرە جۆرن، بەڵام ئەم بەخششانە کەسانی تایبەت دەتوانن لێی سوودمەندبن ئەوانیش خزمەتکارانی قورئانن _ زانا بۆ خوالێبڕاوەکانن کە بە کردو کۆش خۆیان سەلماندووە _، ئەمەی کە باسمان کرد دەتوانین بە تیشکی خۆری بچوێنین کە چاوی سادە بەیەك ڕەنگی دەیبینێت کەچی خۆی لەخۆیدا فرە ڕەنگە.

بۆیە قورئان بریتییە لە فەرمایشتی خوای زانا بۆ جیهانی بینراو و نەبینراو، قورئان کۆگای زانیاری و ڕاستیەکانە، نهێنی یەك دەنگی کتێب و پەڕاوی گشت نێردراوانە، شوێنگەی خەتمی کۆی خاوەن ژیرانە، کۆڕای هەموو بوونەورانی لەسەرە کە ئەمە وتەی پەروەردگارە، ئەمە وتەیەکە کەلە عەرش دابەزیووەتە سەر فەرش بۆ سەرپێغەمبەری مەزن ﷺ.

جا خوای گەورە ویستی وابوو موعجیزەیەکی بەردەوام بە قورئان ببەخشێت_ واتە بیکاتە موعجیزەی هەمیشەیی بۆ سەرجەم نەوەو ڕۆژگارەکان _، لە قورئاندا هەندێك شت هاتووە کە ئەگەر لە کاتی دابەزینی سروش ڕاستەوخۆ بلاوببایەوە_

یـاخود زانـرابـا _ ئـەوا هـەواڵ دەرەكـەیان بـە شـێت نـاودەبرد _ هەروەك بـەو شـێوەیەش ناویـانبرد _، قورئـانی پـیرۆز كـە هات بـۆ چەرخەكانی داهاتووش بوو _ نەك تەنها تایبەت بێت بە چەرخ و نەوەیەكی دیاریكراو _ و بە درێـژای ئـەم ڕۆژگارانـە تـا ئـەو ڕۆژەی كە ئێمە تێیداین و بۆ ڕۆژانی داهاتوش _ هاتووەو موعجیزەكانی خۆی پەخش دەكات _، ئەگەر سەرنج بدەین قورئان لـە سـەردەمی پێغەمبەر ﷺ ڕاڤە و تەفسیرێكی گشتی و سەرتاپای بۆ نـەكراوە تـا موسڵمانان پێیەوە پابەندبن، ئەمە بۆچی؟ چونكە قورئـانی پـیرۆز لـە بەخشـینەكانی خـۆی بەبـەردەوامی شـتی نـوێ دەبەخشـێت بەگشت نەوەیەك، سەیر لەوەدایە كە مرۆڤ بە مـانگ گەیشت و بـە مەریخ و بە دوورتر لە مەریخیش لەوانەیە بگات، كەچی سـەرەڕای ئەوەش دەستەوسانە لەوەی تـەنها باڵـە مێشولەیەك دروست بكات كە داواكاریەكی زۆر لاوازە[1].

بەڵام پێویسـتە ئـەوەش بـزانین كـە: ئـەم قورئانـە بەرەكـەت و فەری خۆی بە كەس نابەخشێت، تـا ئـەو كەسـە بـەو شـێوە تـەواوە وەری نەگرێت، بە كردەوە پیادەی نەكات، چونكە ئـەم قورئانـە بـۆ ئەوە نەهاتووە، ببێتە كتێبێكی چێژو لـەزەتی ژیـری یـان كتێبێكی

---

() شیخ متولی الشعراوی: موعجزة القرآن، و ابراهیم نعمة: علوم القرآن ٤٣، ٤٤. بەكەمێك دەستكارییەوە.

ئەدەبی و هونەری یاخود کتێبێکی چیرۆك و مێـژوو.. ئەگـەر چـی ئەمانــە لــەناوەڕۆکی قورئانەکــەدا هــەن: بــەڵکو قورئــان بــۆ ئــەوە هاتووە بکرێتە بەرنامەی ژیان و گوزەران[1].

لـە سـەرەتای دەسـت پێکردنـی ئـەو تەحەددایـەی کـە قورئـانی بــەرێزو بــەپێز ئاراســتەی گشــت ڕەوانبێــژو ژیربێــژەکانی کــرد، ئەوانەی کە بـە ئەندێشـەیان دا دەهـات ڕووبـەڕووی ببنـەوە یـاخود وێنەیەکی هاوشێوەی بێنن. ئـەوا قورئـانی پـیرۆز گوڤتـارە ئـەڵماس ئاسـاکانی ئاڕاسـتەی ئـەوانی کـرد و ڕایگەیانـد، ئـەی بـێ بـاوەڕو سەرکەشـەکان، ئەمـە گۆرەپـان والآیـە و دەرگـای تەحـەددا کراوەیـە، دەسا ئێوە بە یارمەتی پیشتوانانتان لە پـەری و جنۆکـە وێنەیـەکی ئـەم قورئانــە بێــنن بــۆ چەســپاندنی قســەکەتان کــە دەڵــێن ئــەم قورئانە هەڵبەستراوە.

با ڕاستەوخۆ گوێ بـۆ وتـەی قورئـان بگـرین کـە چـۆن مرۆڤـە شـــەیتان ئاســـاکان دەمکـــوت دەکـــات: خـــوای زاڵ و بالآدەســـت دەفــــــــەرموێت: ﴿ فَلۡيَأۡتُواْ بِحَدِيثٖ مِّثۡلِهِۦٓ إِن كَانُواْ صَٰدِقِينَ ٣٤ ﴾ الطور:٣٤. واتە:( دەی کەواتە خـۆ ئـەوانیش قسـەزان و لێـزانن) دەبـا فەرمایشتێکی ئاوا وەك ئەم قورئانە بهێنن ئەگەر ڕاست دەکەن؟!.

---

(1) سید قوطب: مەشخەڵی ڕێ، وەرگێڕانی: کرێکار.

له پاش ئەوەی کە لە توانایان دانەبوو وێنەیەکی هاوشێوەی قورئان بێنن[١]، قورئانی پیرۆز تەحەدداکە لەسەریان سوکتر دەکات: لەو بارەیەوە خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿ أَمۡ يَقُولُونَ ٱفۡتَرَىٰهُۖ قُلۡ فَأۡتُواْ بِعَشۡرِ سُوَرٖ مِّثۡلِهِۦ مُفۡتَرَيَٰتٖ وَٱدۡعُواْ مَنِ ٱسۡتَطَعۡتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ١٣ ﴾ هود: ١٣. واتە: بەڵکو _ لەگەڵ ئەو هەموو بەڵگانەدا _ ئەوان دەڵێن کە محمد(صلى الله عليه وسلم) قورئانی هەڵبەستووە، پێیان بڵێ: جا ئێوەش دە سورەتی هەڵبەستراوی وێنەی ئەم قورئانە بێنن، هەرکەسیش لەخوای گەورە بەدەر، دەتوانن، بانگ بکەن _ بۆ هاوکاریتان پەنای بۆ بەرن _ ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن.

دوای ئەوەی نەیان توانی (دە) سورەت لە شێوەی دە سورەتی کورتی قورئان بێنن، تەحەددای قورئان هەر بەردەوام دەبێت بەوەی کە ئەگەر بتوانن تەنها سوڕەتێك لە شێوەی سورەتەکانی بێنن بۆ سەلماندنی ئەو گریمانە پروپەچە دوور لە ڕاستیەی کە لەلایەن مامۆستاکەیانەوە کە شەیتانە هێناویانە، خوای گەورە لەو بارەوە دەفەرموێت: ﴿ أَمۡ يَقُولُونَ ٱفۡتَرَىٰهُۖ قُلۡ فَأۡتُواْ بِسُورَةٖ مِّثۡلِهِۦ وَٱدۡعُواْ مَنِ ٱسۡتَطَعۡتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ٣٨ ﴾ یونس: ٣٨. واتە:

---

[١] الامام الزركشي، البرهان في علوم القرآن ٢/٥٥.

بەڵكو _ لەگەڵ ئەو هەموو بەڵگاندا _ ئەوان دەڵێن محمد ﷺ قورئانی هەڵبەستووە، بڵێ: دەئێوەش سورەتێك وەك سورەتەكانی داڕێژن و بیهێنن، داوا بكەن لەهەركەسێكی تر كە دەتوانن جگە لە خوا _ كەیارمەتیان بدات _ درێغی مەكەن ئەگەر ڕاستگۆن.

دواجار كە نەیانتوانی ڕووبەڕووی هیچ یەكێك لەم تەحەددیانەی قورئان ببنەوە، هاواری دەستەوەسانیان لێ بەرز بووەوە، كەم هێزی خۆیان نواند، زمان شكاوی خۆیان ئاشكرا كرد، چونكە دەمیان وەك تەڵەی تەقیو لێهات لە ئاست ئەو تەحەددیانە.

لە ئایەتێكی تری قورئانی پیرۆزدا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قُل لَّئِنِ ٱجۡتَمَعَتِ ٱلۡإِنسُ وَٱلۡجِنُّ عَلَىٰٓ أَن يَأۡتُواْ بِمِثۡلِ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ لَا يَأۡتُونَ بِمِثۡلِهِۦ وَلَوۡ كَانَ بَعۡضُهُمۡ لِبَعۡضٖ ظَهِيرٗا ﴿٨٨﴾ ﴾ الإسراء: ٨٨. واتە: ئەی محمد ﷺ پێیان بڵێ: سوێند بەخوا ئەگەر هەموو ئادەمیزاد و پەریەكان كۆببنەوە و _ هەوڵی بەردەوام بدەن تا _ قورئانێكی وەك ئەمە دانێن و بهێننە_ مەیدان _ ناتوانن كاری وابكەن و لە وێنەی بهێنن، ئەگەر چی هەموو لایەكیان ببنە پشتگیر و یارمەتیدەری یەكتری.

فەرموودەیەك تا ئەو ئەندازەیە بێ باك و تەحەددایەكە بەوشێوەیە بوێر و تا ئەم ئاستە لە خۆی دڵنیا بێت كە هیچ

یەکێك لە گرۆی مرۆڤ و پەری نەتوانن وێنەیەك لە وێنەی ئەم فەرموودەیە بێنن. ئەمە وای کردووە کە زۆرێك لە خەڵك هەر کە گوێبیستی دەبن ڕاستەوخۆ دەزانن شێوازی قورئان وێنەی نییە و لە پەرتووکەکانی تر ناچێت، ئەمەش دوو جۆر بۆچوونیان بۆ دروست دەبێت یان ئەوەتا قورئانی پیرۆز شێوازەکەی لە ئاست پەرتووکەکانی تر نزم و لاوازترە یاخود شێوازی قورئان لە گشت پەرتووکەکانی تر ئاست بەرزترە هەر لە ڕەوان بێژی و لایەنی یاسادانان... تاد، ئەمەی یەکەم دیارە گریمانێکی ئەستەمە، چونکە ژیری ڕەتی دەکاتەوەو قبوڵی ناکات، لەبەر ئەوەی ئەگەر ڕاست بوایە دەتوانرا وێنەیەکی بهێنرێت، کەواتە هەر دیدو بۆچوونی دووەم ڕاستە.

ئەو مرۆڤە توانا سنووردارەی کە توانای خوڵقاندنی هیچ شتێکی نییە، دەیەوێت ڕووبەڕووی گوفتارێك ببێتەوە کە لە سەرچاوەی زانستی بێ سنوورو ڕەهای خوای گەورەوە هەڵقوڵاوە؟! ئەو زانستەی کە دەوری هەموو شتێکی داوە و زانیاری لە بارەی هەموو جوڵەیەك هەیە کەلە گەردووندا ڕودەدات هەر لە عەرشەوە تا فەرش.

کاتێ خوای گەورە قورئانی بەڕێزو پیرۆزی دابەزاند بۆ سەر پێشەوامان ﷺ، لە گشت ڕوویێکەوە سنووری شکاند، بەهۆی

ئیعجازە زۆرو زەبەنـدەکانی، بەشـێوازێك کـە لـە دەرەوەی بازنـەی هێزو لێهاتووی و کـارزانی مـرۆڤ و پەرییەکانـەوە بـوو، ئەمـەش لـە کایەکانی ڕەنگی دایەوە.

## دەروازەی دووەم

### هەندێك جۆری ئیعجاز لە قورئاندا

**یەکـــەم: ئیعجـــازی قورئـــانی لـــەڕووی زمانـــەوانی و ژێربێژیەوە**

لـە سـاتەوەختی یەکەمـەوە قورئـانی پـیرۆز دڵـی عەرەبـەکانی بەرەو خۆی کەمەندکێش کرد (وەك ئەوەی قورئان جادووی لێکرد بـن)، جـا چ ئەوانـەی خـوا دڵیـان گوشـاد کردبـوو بـە ئیسلام یـان ئەوەی پەردەی لەسەر چاوەکانی دادراوە (واتە چاوی دڵ). و ئەگـەر ئێمە لە سنووری ئەو کەسە کـەم ژمارانـە دەربچین کـە کەسایەتی پێغەمبەر ﷺ خـۆی تـەنیا تاکـە هانـدەریان بـووە بـۆ بـاوەڕ هێنـان لەســـەرەتادا، وەك: خەدیجـــەی خێزانـــی، ئـــەبوبکر، علـــی، خزمەتکارەکەی زەید، ئەوا دەبیـنین قورئـان هۆکـاری یەکلاکـەرەوە بوو یاخود یەکێك بوو لە هۆکارە یەکلاکەرەوەکان، لـە باوەڕهێنـانی ئـەو کەسـە سـەرەتاییانە کـە لـە سـەرەتای بانگـەوازەوە باوەڕیـان

دەهێنـا، ئەمـەش لـە ڕۆژێکـدا بـوو محمـد هـیچ پەناگـە و هێزێکـی نەبوو و ئیسلام هیچ توانا و بەرگریەکی نەبوو[1].

سەرگوزەشــتەی بــاوەر هێنــانی عومــەری کــوری خــەتاب، نمونەیەکـە لـەو بەسـەرهاتانەی، کـە هێـزی کێشـندەی قورئـان دەردەخەن کە مایەی سەرنجی عەرەبەکانی هەر لە یەکەم ساتەوە، ئەمـە ئـەوە ڕوون دەکەنـەوە_ لـە دوو ئاراسـتەی جیـاوازدا _ کـە کەمەندکێشییەکەی قورئان چەند زاڵە، باوەرداران و بێ باوەڕان بە یەکسـانی دانـی پێـدا دەنـێن و بەسـەرهاتی باوەڕهێنـانی عومـەر چەند گێرانەوەیەکی هەن: یەکێك لەو گێڕانەوانەی کە هی عـەتا و موجاهیدە و (ئیبن ئیسحاق) هێناویەتی لە (عەبدوڵای کوڕی ئـەبو نەجیحەوە) باسی کردووە کە عومـەر (خوا لێی ڕازی بێت)_ وتویـەتی: من لە ئیسلامەوە دوور بووم و هاودەمی مەیی خواردنـەوەم دەکـرد هەمیشـە دەم خـواردەوە لـە سـەردەمی نـەفامێتی دا و زۆر خۆشـم دەویست... جا ڕۆژێکیان چوومە مزگـەوتی حـەرام و دەمویسـت بـە دەوری کەعبــەدا بســوڕێمەوە، لــەو کاتــەدا پێغەمبــەری خــوا ﷺ ڕاوەســتابوو و نوێــژی دەکــر، ئینجـا ئەگــەر نوێــژی کردبـا ڕووی

---

1) سید قطب، التصویر الفني في القرآن ٩، بەکەمێك دەستکارییەوە. و سەیری ئەم سەرچاوەیەش بکە، کەم و زۆر سودم لێ بینیوە بۆ ئەم باسە: أبي الحسن الندوی، دراسات قرآنیة، إعداد و تقدیم عبدالماجد الغوري ٤٧_ ٥٧.

دەکردە شام و کەعبە دەکەوتە نێوان ئـەو شـامەوەو نێـوان (ڕوکنـی ئەسـوەد و ڕوکنـی یـەمانی)ی بـۆ خـۆی هەڵبـژارد بـوو. کـە چـاوم پێکـەوت وتم: دەی گـەر ئـەو شـەو گـوێم بـۆ هەڵخـستبا و گـوێم لـە محمد بگرتایە تا ببیستم چی دەڵێت!، ئەوەم کرد و وتم ئەگەر لێی نزیـك ببمـەوە لەوانەیـە بترسـێت، دواتـر چـووم لـە ژێـر پـەردەی کەعبەوە خۆم حەشاردا، تەنها پـەردەی کەعبـە لـە نێوانمانـدا بـوو، کە گوێم لە قورئـان بـوو  دڵـم بـۆی نـەرم بـوو و گریـام، ئەمـە وای کرد موسڵمان بم[1].

هەموو گێڕانەوەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئیمامی عمـر (خوا لێی ڕازی بێت) هەندێك قورئانی گوێ لێ بووە یـان خوێندوویەتیـەوە، ئەمە هۆکارو پاڵنەری ئیسلام بـوونی بـووە. بـوونی هۆکـاری تـر لـە موسـڵمان بـوونی ئیمـامی عمـر (خوا لێی ڕازی بێت) سەرنجڕاکێشارانی نـاوبراو بـەهۆی قورئانـەوە ڕەت ناکەنـەوە، بێگومـان هۆکـاری یەکلاکەرەوە بووەو بەو هۆیەوە خێرا موسڵمان بوو[2].

قورئـانی پـیرۆز موعجیزەیـە لـە بنەمایـەکانی دەربڕینـی و پتـەوی تـەکنیکی و هونـەریی دا، بـەهۆی جـێگیر بـوونی لـە یـەك ئاست و پلەدا، نە جیاوازی تـێ دەکـەوێت و نـە پلـە پلـەش دەبێـت،

---

(1) سید قطب، التصوير الفني في القرآن ٩.

(2) سید قطب: التصوير الفني في القرآن ٩. بەکەمێك دەستکارییەوە.

خاسیەتەکانی دوا ناکەون، وەك: ئەو بارودۆخ و حاڵەتەی کە لە ڕەفتارەکانی مرۆڤدا هەیە، دەکرێ بەرزی و نزمی توانداری و لاوازی لە کاری بەندەدا هەبێت، کە حاڵەتی بەردەوام لە گۆڕاندایە، لە حاڵێکدا تایبەتمەندییەکانی قورئان لە یەك شێوە ڕێکخستن و یەك ئاستدا جێگیرن، بەشێوەیەك دامەزراوە کە پاشەکشە نەکات، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەو چاوگ و سەرچاوەیەی کە لێیەوە هاتووە کە هیچ کاتێك جیاوازی توخنی ناکەوێن[1].

وردی لە دەربڕینەکانی قورئاندا زیاتر واتای ئیعجازی تۆخ دەکاتەوە، ئەگەر ڕامێنین لە چەند ئایەتێکی قورئاندا و پەنجە بخەینە سەر شێوازی دەربڕنی ئەوا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە قورئانی پیرۆز لە هەموو سۆمایەکانەوە موعجیزەکانی پەخش دەکات: ئەگەر بێتوو سەیری ئەو دەربڕینە جیاوازەی قورئانی بکەین سەبارەت بەخێزانی پێغەمبەر زەکەریا جارێك خوای پاك و بەرز وشەی _ إمرأة: ئافرەت _ بەکارهێناوە، هەروەك لەو ئایەتەدا: ﴿ وَإِنِّي خِفْتُ الْمَوَالِيَ مِن وَرَائِي وَكَانَتِ امْرَأَتِي عَاقِرًا فَهَبْ لِي مِن لَّدُنكَ وَلِيًّا ﴿٥﴾ ﴾ مريم: ٥. و ئەو فەرمایشتەی خوای

---

[1]) سید قطب: في ظلال القرآن ٢٥٨٤.

گـــــەورە: ﴿ قَالَ رَبِّ أَنَّىٰ يَكُونُ لِي غُلَامٌ وَقَدْ بَلَغَنِيَ الْكِبَرُ وَامْرَأَتِي عَاقِرٌ ۖ قَالَ كَذَٰلِكَ اللَّهُ يَفْعَلُ مَا يَشَاءُ ﴿٤٠﴾ ﴾ آل عمران: ٤٠.

بەلاَم لە شوێنێکی تردا بە _ زوجة: خێزان _ ناوی دەر دەبڕێت، هەروەك لەو فەرمایشتەی خوای گەورەدا هاتووە: ﴿ وَزَكَرِيَّا إِذْ نَادَىٰ رَبَّهُ رَبِّ لَا تَذَرْنِي فَرْدًا وَأَنتَ خَيْرُ الْوَارِثِينَ ﴿٨٩﴾ فَاسْتَجَبْنَا لَهُ وَوَهَبْنَا لَهُ يَحْيَىٰ وَأَصْلَحْنَا لَهُ زَوْجَهُ ﴾ الأنبياء: ٨٩، ٩٠.

بێـژەی _ امـرأة: ئـافرەت _ بـۆ ئـافرەتی شـودراو و شـونەدراو بـەکاردێت، جـا کـە ژیـانی ژن و مێردایـەتی کامـڵ نـەبوو لـە تەواوترین وێنـەدا لەبـەر ئـەوەی نەزۆکـە، قورئـان وشـەی _ امـرأة: ئافرەت _ی بۆ بەکار هێناوە. پاش ئەوەی پەرچەکە و کۆسپەکە _ کە نەزۆکیە _ لاچوو و خـوای گـەورە چـارەی پـێ بەخشی، ئـا لـەو کاتەدا وێنەی کامڵی تەواو لە ژن و مێردایەتی دێتەجێ[1].

ئەگەر سەیری ئەم فەرمایشتە پیرۆزەی خوای بێ وێنە بکەین دەبینین _ نەناسراوی: نکرة _ سێ جار دووبارە بووەتـەوە: ﴿ اللَّهُ

[1] عبدالرحمن سعد صبي الدين: آيات الاعجاز العلمي من وحي الكتاب والسنة ٣٥٦.

ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن ضَعۡفٖ ثُمَّ جَعَلَ مِنۢ بَعۡدِ ضَعۡفٖ قُوَّةٗ ثُمَّ جَعَلَ مِنۢ بَعۡدِ قُوَّةٖ ضَعۡفٗا وَشَيۡبَةٗۚ يَخۡلُقُ مَا يَشَآءُۖ وَهُوَ ٱلۡعَلِيمُ ٱلۡقَدِيرُ ﴿٥٤﴾ ﴾ الروم: ٥٤.

**پێویسته بنچینەی زانستی ژیربێژی (مەنتیق) بەبیرە خۆمان بێنینەوە: کە ئەگەر _ نەناسراوێ: نکرة _ دووبارە بووەوە، ئەوا هەر جارەی مانایەکی نوێ دەبەخشێ.**

**(ضَعْفٍ) _ نەناسراوە: نکرة _ دووبارە بوونەوەی لە هەمان شوێندا مانای وایە کە _ ضَعْف _ لاوازی یەکەم جیایە لە هی دووەم و سێیەم.**

**مەبەست لەلاوازی یەکەم بریتییە لە: تۆواو _ لاوازە لە ئاوێکی بێ نرخ دروست کراوە _.**

**لاوازی دووەم: منداڵیە: چونکە پێویستی بە چاودێری دایکیەتی لە قوناغی شیر پێداندا و چاودێریەکی تایبەتی دەکرێت تا قۆناغی هەرزەکاری دەبڕێت و دەچێتە قۆناغی باڵغ بوونەوە.**

**لاوازی سێیەم: بەساڵاچوون و پیر بوونە _ چونکە لە قوناغی پیربووندا لاوازو دەستەوەسان دەبێت ... بیرو جوڵە و چالاکی لاوازو خاو دەبێتەوە.**

**ئەوەی جوانە کە _ قوة: بە نەناسراوی _ هاتووەو دووجار دووبارە بووەتەوە.**

**کەواتە: هێزی یەکەم جیایە لە هێزی دووەم.**

هێــزی یەکــەم: هێــزی مــاوەی منــداڵی _ منــداڵ بــەهێزو پاڵنراوەو جوڵەی زۆرە _.

هێزی دووەم: هێزی لاوی و گەنجی _ هێزی جەستە و هەست و ورەو خۆڕاگری و دەسپێکردن لە فکرو خەون و هیواو ئاواتـەکانی _.

﴿ ثُمَّ جَعَلَ مِنۢ بَعۡدِ ضَعۡفٖ قُوَّةٗ ثُمَّ جَعَلَ مِنۢ بَعۡدِ قُوَّةٖ ضَعۡفٗا ﴾

هێزی یەکەم سەرکێشی دەکات بۆ هێزی دووەم.

ئەم ئایەتە پیرۆزە ژیانی مرۆڤ پوخت دەکاتەوە لەسەر زەویـدا بۆ پێنـج قۆناغ:

١ _ لاوازە: کە منداڵە لە سکی دایکی دا.

٢ _ لاوازە: کە شیرە خۆرە لە باوەشی دایکی دا.

٣ _ بەهێزە: کە منداڵێکی پاڵنراوە.

٤ _ بەهێزە: کە لاوێکی چاڵاکی کارایە.

٥ _ لاوازە: کە بەساڵاچووێکی پیرە.

لێرەدا جوانی ئیعجازی ژیربێژی و دەربڕینـی ڕاسـت و ڕەوانـی قورئان دەردەکەوێت، لەوەی کە بەتێرو تەسەلی و بەکـەمترین وشـە و لە تۆکمەترین و سەیرترین ڕێکخستنـدا بـێ ئـەوەی ناتـەواوی لـە ناوکۆ (سیاق)ی ئایەتەکەدا دەربکەوێت ئەمە دەردەبڕێت[1].

---

[1] عبدالرحمن سعد صبي الدين: آيات الاعجاز العلمي من وحي الكتاب والسنة ٣٥٩.

ئەگـەر سـەیری هۆكـاری نـاو هێنـانی پاداشـتی تكـای چـاك (الشفاعة الحسنة) بە (النصـیب) و پاداشـتی تكـای خـراپ (الشـفاعة السیئة) بە (الكفل).

خوای گەورە فەرموویـەتی: ﴿ مَّن يَشۡفَعۡ شَفَٰعَةً حَسَنَةٗ يَكُن لَّهُۥ نَصِيبٞ مِّنۡهَاۖ وَمَن يَشۡفَعۡ شَفَٰعَةٗ سَيِّئَةٗ يَكُن لَّهُۥ كِفۡلٞ مِّنۡهَاۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ مُّقِيتٗا ٨٥ ﴾ النساء: ٨٥. بۆچی خوای گەورە لەبارەی تكای چاك فەرموویـەتی: ﴿ يَكُن لَّهُۥ نَصِيبٞ مِّنۡهَا ﴾ و لـەبارەی تكـای خـراپ فەرموویەتی: ﴿ يَكُن لَّهُۥ كِفۡلٞ مِّنۡهَا ﴾؟.

الكفل لەزمانەوانیدا بریتییە لە: بەشی چۆنیەك، وەك ئـەو. و كفیل ئەوەندە دەستەبەر دەكات كە بۆی دانراوەو زیاتر نا.

بـەلاَم (النصـیب) ڕەهـاو بـێ سـنورە و نەبەسـتراوەتەوە بـە شتێكی دیاری كراو.

بۆیـە خـوای گـەورە لـەبارەی خراپـەوە وتویـەتی هاوشـێوەی دەبێت... چونكە خراپە بە ئەندازەی خۆی سـزا دەدرێتـەوە، خـوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ مَنۡ عَمِلَ سَيِّئَةٗ فَلَا يُجۡزَىٰٓ إِلَّا مِثۡلَهَا ﴾ غافر: ٤٠.

له بارەی چاكەوە پاداشت چەندانەیە، هەروەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ مَن جَآءَ بِٱلۡحَسَنَةِ فَلَهُۥ عَشۡرُ أَمۡثَالِهَا ﴾ الأنعام: ١٦٠. ﴿ مَن جَآءَ بِٱلۡحَسَنَةِ فَلَهُۥ خَيۡرٞ مِّنۡهَا ﴾ القصص: ٨٤. لەبارەی كەسی گوناهبارەوە فەرموویەتی بە ئەندازەی گوناهەكانی سزا دەدرێت. و خاوەن ئاكارو تكای چاك ئەوا پاداشتی چەندانەیە. یەكسانی پاداشتەكە بە چاكەكان بە مەرج نەگیراوە، ئەمەش لە بەخشندەیی و زیادە چاكەی خوای گەورەیە[1].

حیكمەتی وێكچوونی هەندێك لە ئایەتەكانی قورئان، ئایەتەكانی قورئانی پیرۆز لەو پەڕی ڕەوانبێژی و ژیربێژی دان، بە جۆرێك كە هەر سورەتێك لە سورەتەكان خۆی لەخۆیدا قورئانێكی بچوككراوەیە و هەر ئایەتێكیش لە ئایەتەكانی سورەتێكی بچوككراوەیە و هەر وشەیەكیش لە وشەكانی ئایتێكی بچوككراوەیە.

جۆراوجۆرێتی (لەئایەتەكانی) قورئاندا جیا لە دووبارە بوونەوە ڕاستییەكی ڕوون و ئاشكرایە، (ئەو جۆراو جۆرێتییە) بریتییە لە یاسادرو دەرئاسا كە ئەو بابەتانەی دووبارە دەبنەوە (و لە شێوەی جیاوازدا نمایش دەكرێن) ئەوا بۆ بەبیر هێنانەوەو

---

(1) عبدالرحمن سعد صبي الدين: آيات الاعجاز العلمي من وحي الكتاب والسنة ٣٦٢، بەكەمێك دەستكاریەوە.

پەروەردەکردن و ئاراستە کردنە... جۆراوجۆریتی لە قورئانـدا بـەو ئەندازەیەیە کە هـەرگیز دوو سـورەت وەك یـەك دووبـارە نابنـەوە. سەرەڕای ئەو هەموو شوێنانەی کە ئەو بابەتانەی تێدا دێـن، ئەمـە حیکمـەت و داناییـەکی زۆری تێدایـە بـۆ پـەرتوکێك کـە هاتبێتـە خوارەوە بۆ ئەوەی بە بـەردەوامیش بخوێنرێتـەوەو ببێتـە بەشـێك لـە پەرستشـەکانی و بەهۆیـەوە بەنـدە لـە خـوا نزیـك ببێتـەوە. بەڕاسـتی جۆراوجـۆریتی لـە خـودی خۆیـدا جوانیـە.... سـەرەڕای ئەوەی کە گومانیش لەسەر دەروون لادەبات[1]!

خــوای زاڵ و باڵادەســـت دەفـــەرموێت: ﴿ كِتَٰبٌ أَنزَلۡنَٰهُ إِلَيۡكَ مُبَٰرَكٞ لِّيَدَّبَّرُوٓاْ ءَايَٰتِهِۦ وَلِيَتَذَكَّرَ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ﴿٢٩﴾ ﴾ ص: ٢٩. واتــە: ئــەم قورئانـە کتێبێکـی پـیرۆزە دامـان بەزانـدووە بـۆ لای تـۆ، بـۆ ئـەوەی ئایەتەکانی لێك بدەیتەوەو بۆ ئەوەی خاوەن بیرو هۆشەکان پەنـدو ئامۆژگاری وەربگرن و تێفکرن.

بەڕاسـتی ئـەم ئایەتـە بەسـە بـۆ ئـەوەی ببێتـە زمـان حـاڵی قورئانی پیرۆز.

خـوای گـەورە وەسـفی قورئـانی کـردووە[2] بـەوەی کـە تۆکمـە و ڕێك و پێك و دورە لە کەم و کورتی و هـەمووی (موحکەمـە) واتـە:

---

[1] محمد قطب: دراسات قرآنية ٢٧٠.

[2] د. وهبة الزحيلي: التفسير المنير ٢/ ١٦٥.

ڕێك و پێکه، هەروەك خوای بێ وێنە دەفەرموێت: ﴿ كِتَٰبٌ أُحۡكِمَتۡ ءَايَٰتُهُۥ ثُمَّ فُصِّلَتۡ مِن لَّدُنۡ حَكِيمٍ خَبِيرٍ ﴾ هود: ١. واتە هیچ کەم و کورتی تێدا نییە و وتێی نەکەوتووە، وتەیەکی ڕاستە و دەربڕین و بێژەکانی پاراون و ماناکانی ڕوونن، بەجوانترین شێوە ڕێکخراوە. خوای گەورە وەسفی قورئانی کردووە بە وێکچوو (متشابه) هەروەك دەفەرموێت: ﴿ ٱللَّهُ نَزَّلَ أَحۡسَنَ ٱلۡحَدِيثِ كِتَٰبٗا مُّتَشَٰبِهٗا ﴾ الزمر: ٢٣. واتە هەندێك (بەش و بابەتی) قورئان بەهەندێکی تر دەچێت لە چاکێتی و ڕێنماییکردنیدا، و دوورە لە تێکگیران و کرچ و کاڵی، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلَوۡ كَانَ مِنۡ عِندِ غَيۡرِ ٱللَّهِ لَوَجَدُواْ فِيهِ ٱخۡتِلَٰفٗا كَثِيرٗا ﴾ النساء: ٨٢. جا پێشەوا (جەلالەدینی سیووتی) لەبارەی (موحکەمەوە) وتویەتی واتە: مەبەست لە دامەزراوی و بێ کەم و کورتی قورئان بریتییە لە پاکێتی وچاکێتییەکەی بەوەی کرچ و کاڵی و تێکگیرانی تێ نەکەوتووە، لە خودی خۆیەوەی لە ڕووی ڕاستێتی و بەڵگەداری و ئیعجازەوە وێکدەچێ[1].

وێکچوون و دووبارە بوونەوەی چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆز لە تەنها چەند شوێنێك بەپێی پێویستی ئەو شوێنە بووە، ئینجا

---

[1] إمام جلال الدين السيوطي: الاتقان في علوم القرآن ٢/٣.

له هەندێ شوێن وا پێویست بووە کە تەنها بە کورتی باس بکرێت بۆ سەرنجراکێشان یان تەنها وەك گەشتێکی کورت بەناو شتەکان بەگشتی یاخود ئەگەر سەیری ئایەتە مەککییەکان بکەین دەبینین کە زۆر بە کورتی و پوختی بابەتەکانی لێبڕیوەتەوە، چونکە سەردەمی مەککە سەردەمی ڕوواندن و چەسپاندنی نەمامی بیروباوەر بوو، بۆیە لەو ماوەیەدا کە سەردەمی مەککەی پێ دەوترا قورئانی پیرۆز تیایدا دادەبەزی تەنها باسی بیروباوەرو دامەزراندنی عەقیدەبوو، نەك باسی دەوڵەت و بازرگانی و ئابوری و سیاسەت هتد...، بەڵکو ئەم ئایەتانە دوای کۆچ دابەزین واتە: لە مەدینە، چونکە موسڵمانان بوونە خاوەنی دەوڵەت و قەوارەیەکی سیاسی و ئابووری و بازرگانییەکی سەربەخۆ.

ئەم دووبارە بوونەوانە ئەگەر بیانپێوین بەو ئایەتەی کە باس لە جۆرەکانی بەرووبوومی بەهەشت دەکات ئەوا پڕ بە پێستی خۆی دێتەوە، چونکە ئەو ئایەتانە لە ڕاستیدا دووبارە بونەوە نییە بەڵکو ئەو وێکچونە کە دەبێتە هۆی جۆراوجۆرێتی، وتیشمان ئەم ئایەتانە وەك بەروبوومی بەهەشت وان، مرۆڤی بە هەشتی کاتێك ئەم بەروبوومەی دێتە بەردەمی دەڵێت: ئەوە کەمێك لەوەو بەر بینیمان و تاممان کردوو و خواردمان کەچی لە جاری دووەم دا کاتێك دووبارە دەیخوات تام و چێژو لەززەتی تری لێ دەبینێت،

بۆیە دەبینین لە کاتی تام کردندا ڕووە جیاوازەکانیان دەردەکەون، هەروەك خوای گەورە دەفەرمویێت:﴿ وَبَشِّرِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ أَنَّ لَهُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ ۖ كُلَّمَا رُزِقُواْ مِنْهَا مِن ثَمَرَةٍ رِّزْقًا ۙ قَالُواْ هَٰذَا ٱلَّذِى رُزِقْنَا مِن قَبْلُ ۖ وَأُتُواْ بِهِۦ مُتَشَٰبِهًا ۖ وَلَهُمْ فِيهَآ أَزْوَٰجٌ مُّطَهَّرَةٌ ۖ وَهُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٢٥﴾ ﴾ البقرة: ٢٥.

ئـــەم وێکچـــونە[1] دەبێتـــە هۆکارێـــك بـــۆ دروســـتبوونی جۆراوجۆرێتی، خـۆی لـە خۆیـدا ڕەنگێکـە لـە ڕەنگـەکانی ئیعجـاز، تـەنیا بابـەتێك چـەند جـار دەخرێتـە پـێش چـاو، لەگـەڵ دووبـارە بوونـەوەی بابەتـەکە هـەر جارێـك لەگـەڵ پێشـووتر جیـاوازی هەیـە، واتە لـە هـەر دووبـارە بوونەویەکـدا نوێبوونـەوە ڕوودەدات، لەگـەڵ خوێندنـــەوەی بـــەردەوامی قورئانـــدا ئـــەم بابەتانـــە خۆیـــان نوێدەکەنـەوە، کەچـی لەوانەیـە گۆڕانکـاری لـە تـەنها یـەك پیـت دابێـت، بـەڵام وێنـەی ڕووداوەکـە بـە تـەواوی دەگۆڕێـت. بـۆ نمونـە سـەیری ئـەم دوو ئایەتانـە دەکـەین، بـەڵام بـەڵێ وردبوونـەوەو تـێ ڕامان:

---

[1]) محمد قطب: لایأتون بمثله ١١ _ ١٢.

﴿ وَإِذْ نَجَّيْنَٰكُم مِّنْ ءَالِ فِرْعَوْنَ يَسُومُونَكُمْ سُوٓءَ ٱلْعَذَابِ يُذَبِّحُونَ أَبْنَآءَكُمْ وَيَسْتَحْيُونَ نِسَآءَكُمْ ۚ وَفِى ذَٰلِكُم بَلَآءٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَظِيمٌ ﴿٤٩﴾ ﴾ البقرة: ٤٩.

﴿ وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِ ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَةَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ أَنجَىٰكُم مِّنْ ءَالِ فِرْعَوْنَ يَسُومُونَكُمْ سُوٓءَ ٱلْعَذَابِ وَيُذَبِّحُونَ أَبْنَآءَكُمْ وَيَسْتَحْيُونَ نِسَآءَكُمْ ۚ وَفِى ذَٰلِكُم بَلَآءٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَظِيمٌ ﴿٦﴾ ﴾ إبراهيم: ٦.

**لێرەدا دوو جۆرە جیاوازی هەن لە نێوان ئەم دوو ئایەتەدا_ ئەگەرچی لە یەك بابەتەدایە _، لە ئایەتی یەکەمدا خوای مەزن ڕووی گوتاری کردۆتە نەوەی ئیسرایل و بەخششەکانی بیر ئەوان دەخاتەوەو منەتیان بەسەردا دەکات بەوەی ئەوانی ڕزگار کردووە لە دەست و پێوەندەکانی فیرعەون و ئەوانەی کە خراپترین سزایان بەسەر نەوەی ئیسرایل هێناوە.**

**ئایەتی دووەم وتەکە لە پێغەمبەر موساوەیە** (سڵاوی خوای لێبێت) **بۆ گەلەکەی و بەخششەکانی خوایان دێنێتەوە یاد، بە تایبەتی ئەو بەخششە گەورەیە کە ڕزگارکردنیانە لە دارودەستەی فیرعەون کە**

بەخراپترین شێوە ئازاری ئەوانیان دەدا. لێرەدا سەیری ئەو بەشە سزایە بکە:

﴿ يَسُومُونَكُمْ سُوٓءَ ٱلْعَذَابِ يُذَبِّحُونَ أَبْنَآءَكُمْ وَيَسْتَحْيُونَ نِسَآءَكُمْ ۚ وَفِى ذَٰلِكُم بَلَآءٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَظِيمٌ ﴾

﴿ يَسُومُونَكُمْ سُوٓءَ ٱلْعَذَابِ وَيُذَبِّحُونَ أَبْنَآءَكُمْ وَيَسْتَحْيُونَ نِسَآءَكُمْ ۚ وَفِى ذَٰلِكُم بَلَآءٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَظِيمٌ ﴾

جیاوازی لە نێوان ئەم دوو دەربڕینە بریتییە لە پیتێك کە لە ئایەتی دووەمەوە هاتووە لە پێش وشەی (وَيُذَبِّحُونَ)، بەڵام تەماشاکە ئەم پیتە چەند جیاوازی دروستکردووە لە نێوان ئەم دوو ئایەتەدا! لە ئایەتی یەکەم سزاکە کورت هەڵدێنێ لە کوشتنی منالٚ و هێشتنەوەی ئافرەتان، لە ئایەتی دووەمدا ئەم سزایە (کە کوشتنی منداڵ و هێشتنەوەی ئافرەتە) تەنها دەبێتە جۆرو وێنەیەك لە وێنەکانی سزادان کە دەڕژا بەسەر نەوەکانی ئیسرایل دا، ئەگەر چی مانا گشتیەکەی ئەوە دەربخات کە ئەم سزایە دیارترین و سەختترین سزابووە، کوشتنی منالٚان و هێشتنەوەی ئافرەتانی تایبەت کردووە.

ئەم نمونەیە زیاتر ڕووی لێکچوون دەردەخات وەك بەرهەم و بەروبوومی بەهەشت، هەروەك لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە،

زۆربـەی ئایەتـە وێکچـوەکانیش بـریتین لـە چیرۆکی پێغەمبـەران (سڵاوی خوایـان لێبێـت) لەگـەڵ گەلـەکانیان و باسـی خۆشـی و ناخۆشـی دوارۆژ تا ببنە مایەی پەندو ئامۆژگاری بۆ بەنـدەکان، ئـەم تـەرزە بابەتانەش زۆرترین بابەتن کە لە قورئانی پیرۆزدا هاتوون.

ئێستاش دەچینە خزمەت سورەتی فاتیحـە، بـۆ زیـاتر بەرچاو ڕۆشـنی لـەبارەی ژێربێـژی قورئانـەوە ئـەوا توێژینەوەیـەکی کـورت لەبارەیەوە دەخەینەڕوو. ئەمەش لەبەر ئەوەی کـە سـورەتی فاتحـە بریتیە لە: ( أم القرءان و الـدعاء والكـافي و الشـافي والحمـد و ... )، و سورەتی(فاتحة) بریتیـە لـە قورئـانێکی بچوك كـراوەو گـەورەترین سـورەت، و ڕامـان و توێژینـەوەی سـورەتی فاتیحـە خوێنـەر دەسـپێکێك لـە زانیـاری و شـارەزایی بەدەسـت دێنـێ کـە قورئـان بەشێوەیەکی هەمـەکی و سورەتی فاتیحـە بەشێوەیەکی هەنـدەکی خـاوەنی چـەندین ئیعجـازی لـەڕاددە بـەدەرن، کـە بەدرێـژای گشـت نەوەیەك ئیعجازی خۆیان پەخش دەکەن.

ئەگـەر سـەیری ئایەتـە پـیرۆزو ئیعجـاز بەخشـەکانی سـورەتی ناوبراو بکەین بەچاوێکی بێگەرد و وردبینی ڕەوان بێژانە دەبینین هەر وشەیەك چەندین ئیعجازی تێدایە.

خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿ بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ١ ﴾ الفاتحة.

واتە: بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان_ بەناوی ئەو خوایەی کانگای رەحمەت و سۆزو بەزەییە _).

لەم ئایەتەدا پیتی(أ)ی هەمزەی پێك گەیاندن (وەصل) نەهێلْراوەو لادراوە لە وشەی (بِسْمِ) کە بۆ کورتبڕی و بەهۆی زۆر بەکارهێنانیەتی و لەبەر چەند نهێنیەکی وردو شاراوەیە[1].

ئەم ئایەتە پیرۆزە گەلێك مانا لەخۆ دەگرێ، بەوەی کە خاوەنی ئیعجازێکی لە ڕادە بەدەرە، ئەوە دەسەلمێنێت کە هەموو شتێك بەدیهێنراوی دەستی توانستی پەروەردگاری بێ وێنەیە، هەر ئەو زاتەیە شایەنی ئەوەیە کە بکرێتە جێگای مەبەست لە گشت کارو چالاکی و جولانەوە.. هتد. سەرەتای هەر هەنگاوێك ناوی ئەوی لێ بهێنرێت. چونکە زاتێکی تاکی بێ هاوەڵە.

بۆیە لە کاتی ئەنجامدانی کارێکدا کە ﴿ بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ١ ﴾ لەسەر هێنرا، ئەوا گەلێك واتا و مانا لە خۆدەگرێ، وەك:

ئەم کارە بەناوی خوا دەکەم..، ئەم کارە دەکەم بۆ خوا...، ئەم کارە دەکەم بە فەرمانی خوا..، لە پێناو خوا ..، لەبەر خۆشەویستی خوا.. لەژێر چاودێری خوا... هتد.

---

[1]) محمد شملول: اعجاز رسم القرآن ٣١، ٣٢.

له ئایەتی دووەمـدا دەفـەرموویت: ﴿ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٢﴾ ﴾ الفاتحة. واتـە: سوپاس و ستایش هـەر شایستەی خوایـە و بۆ خوایە، کە خاوەن و پەروەردگاری هەموو جیهانیانە.

سـوپاس و سـتایش تـەنها بـۆ خوایـە، مـوڵکی خوایـە، واتـە: سوپاس و ستایش تـەنها شایستەی ئـەو بەدیهێنـەرەیـە کـە هـەموو شتێکی بەدیهێناوە یاخود سوپاس و ستایش تەنها کورت هـەڵهاتووە لەوەی کە سوپاسی خوای پێ بکرێت نەك هۆکارەکان.

ئێمە ناڵێین کە یەکێك یارمەتی دایت سوپاسی نەکەی و بڵێی من تەنها سوپاسی خوا دەکەم، نـەخێر دەست خۆشی لـەو بکـە کـە یارمـەتی تـۆی داوەو سوپاسـی ڕاسـتەقینەش تـەنها ئاڕاسـتەی پەروەردگار بکە، چونکە هۆکارەکان تەنها چەند پەردەیەکن لەسـەر دەستی توانستی پەروەردگار.

لــە ئایــەتی ســێیەمدا دەفــەرموویت: ﴿ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴿٣﴾ ﴾ الفاتحة. واتە: بەخشندەو دلۆڤانە، کانگای ڕەحمەت و میهرەبانیە.

ئەم چەمکە لە ئایەتی یەکەمی ئەم سورەتەشدا هاتووە، ئەمـە جەختکردنـەوەو زیـاتری دەرخسـتنی سـیفەتی ڕەحمـەت و میهـرو بەزەیی خوای میهربانە.

توێژەرەوانی قورئان بەو شیوەیە لێکیان داوەتەوە: دەڵێن لە پاش ڕستەی ﴿ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾ەوە ﴿ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴾ هاتووە تا بزانرێت خوای گەورە تەنیا لە ئەنجامی سۆزو بەزەیی خۆیەوە بوونەوەری خوڵقاندووە. لەوانەیە کەسێك بڵێت بۆچی خوا بوونەوەری خوڵقاندووە؟! ئەوا بە ئایەتی سێیەم ﴿ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴾ وەڵامی ئەم پرسیارە دەدرێتەوە، بەوەی کە بەدیهێنانی بوونەوەر تەنها لە ئەنجامی سۆزو بەزەیی لوتفی خوا بووە نەك بەمەبەستێکی تر[1].

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ٤ ﴾ الفاتحة.

واتە: خاوەن و سەرداری ڕۆژی پاداشت و سزایە.

ئەم ئایەتە پیرۆزو بەپێزە چەندین توێژینەوەی زۆرو زەبەندی لەسەر کراوە، بەهۆی ئەو ئیعجازەی کە هەیەتی گەلێك ماناو واتای مەزن لەخۆ دەگرێ.

بە (مَلِك) یان خوێندۆتەوە واتە: سەرۆك، خاوەن دەسەڵات و هێز. و چەمکی دواى ئەویش کە ﴿ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ﴾ە، وشەی (الدین) سێ مانای هەیە:

یەکەم: ئایین و بەرنامە و ڕێساو ڕێباز.

---

(1) علی باپیر: پوختەیەك دەربارەی ئیسلام لەژێر ڕۆشنای سورەتی فاتیحەدا ١٢٥.

دووەم: سـزاو پاداشـت، وەك لـەم ئايەتـە پـيرۆزە بـەم مانايـە هاتووە.

سێيەم: گەردەن كەچی و ملكەچی.

ئەم ئايەتە لەوكاتـەی كـە بەنـدەی موسـڵمان دەيلێتـەوە مانـای وايـە دان دەنێـت بـەوەی كـە خـوای گـەورە خـاوەنی ڕۆژی سـزاو پاداشتە، سەرداری و دادوەری ڕۆژی قيامەتە، كـە تيايـدا چاكەكاران بە چاكترين شێوە پاداشت دەدرێنـەوەو خراپـەكارانيش بـە تونـدی بە سزای خۆيان دەگەن.

خـوای گـەورەو كاربەدەسـت دەفـەرموێت: ﴿ إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ۝٥ ﴾ الفاتحة. واتە: خوايـە؛ تـەنها هـەر تـۆ دەپەرسـتين و هەر لە تۆش داوای يارمەتی و پيشتيوانی دەكەين.

وشەی (عبودية) و (عبادة) لـە بنـەڕەتی زمـانی عەرەبيـدا بـە مانای ملكەچی و فەرمانبەری و ژێردەستەيی دێت، شـەرعيش هـەر لەسـەر واتـا بنەڕەتييەكـەی خـۆی بـەكاری هێنـاوە، ئەوەنـدە هەيـە مەرجی بەس بۆ خوابوونی خستۆتەسەر، كەواتە وشەی ناوبراو لـە زاراوەی شـەرعدا بريتييـە لـە: بـەس پەرسـتن و تـەنيا بەندايـەتی كردن بۆ خوا[1].

[1] علی باپير: خواپەرستی ئيسلامی لەبەر ڕۆشنايی قورئان و سوننەت ٤١.

ئەگەر سەیری وشەی (إِيَّاكَ) بکەین دەبینین بەرکار (مفعول به) بەپێش کەوتوە ئەمەش بۆ تایبەت کردنە، هۆکارو حیکمەتی پێشکەوتنی ڕاناوەکە بۆ کورتکردنەوەی کرداری پەرستن و پشت بەستنە بەوەی بەندە تەنها خودای گەورە دەپەرستێت و پشتیش تەنها بەو دەبەستێت[1].

ئەگەر بەسەرنجێکی قوڵتر تەماشای بکەین دەبینین جێناوەکان (ڕاناوەکان) لە شێوەی کۆ (جمع)دا بەکارهاتوون، (نعبد) و(نستعين) بە شێوەیەك کە ئیماندار لە کاتی خوێندنی ئەم ئایەتە ئەوا بەناوی گشت بەدی هێنراوان گفتوگۆ لە گەڵ خوای گەورە دەکات، واتە بەندەی ئیماندار پەیامێك دەگەیەێنێت بە خوای گەورە کە خەتم و واژووی گشت بوونەوەری لەسەرە، لەلایەن کۆی دروستکراوان پشت گیری نامەو پەیامەکە کراوە.

کاتێك ئیماندار لە نوێژی بە کۆمەڵ (جەماعەت)دا ئەم چەند ئایەتە دەڵێتەوە لە هەمان کاتدا برا ئیماندارەکانی تری کە لەگەڵی دەیڵێنەوە ئەوا هەموویان گەواهی لە سەر ڕاستی یەکتری دەدەن بەوەی کە هەموویان کۆڕان لەسەر ڕاستێتی وتەی ئەوی تر.

ئێستا زۆرێك لە موسڵمانان وا تێگەیشتوونە کە ئیسلام تەنها پەرستشە یان لە چەمکی (إِيَّاكَ نَعْبُدُ) کورتیان کردۆتەوە،

---

(1) محيي الدين الدرويش: اعراب القرآن الكريم ٣١.

موسڵمانێتی تـەنها لـەوەدا بـەدی دەکـەن، واتـە تـەنها لـە چـەمکی ناوبراو تێگەیشتوون و چەمکی (وإِياك نســـتعين)یـان لەبیرچۆتەوە، گەر لە بیرشیان بێـت و بیخوێننـەوە تێـی ناگـەن گـەر تێشی بگـەن کـاری پێناکـەن، تێگەیشـتنەکە ناکەنـە پێگەیشـتن، و زانیاریـەکان ناکەن بەکردار، بۆیە هەر بەندەیەك ئەگەر هاتوو تێگەیشتنەکەی نەکات بە پێگەیشتن و ئەو زانست و زانیاریـەی نـەکات بـە ڕەفتـار، ئـەوا بـە ڕاسـتی لـە سەریشـی قـەرزدار دەبێتـەوە، خـۆی توشـی سەرزەنشـت و لۆمـە دەکـات و لێ پرسـینەوەی توونديشـی لەگـەڵ دەکرێت لەلایەن پەروەردگار.

هەر کە موسڵمانان پشـتیان بـە جگەلـە پـەروەردگار بەسـتبێت ڕاسـتەوخۆ توشـی دەردە سـەری و کەساسـی و ژێردەسـتی و دامـاوی بوونـەتەوە، هەروەك ئێستا شتێکی بەڵگـە نەویسـتە کـە موسڵمانان لە زۆربەی بوارەکاندا دواکەوتوون بە هۆی ئـەوەی کـە بـێ بـاوەران بە پیشتیوان دەزانن لە بڕی خواو پێغەمبەرو بـڕواداره دڵسۆزەکان یاخود لە پشت بەستنەکەیاندا بوار بۆ بێ بڕوایـانیش دیـار دەکـەن کە ئەوانیش بە بەشێك لـە پشـتیوانان دەزانـن و هـەر دوو چـەمکی یارمەتیـدان (التعـاون) و هەڵسوکەوتکردن (التعامـل)یـان تێکـەڵ و پێکەڵ کردووە.

یان دەبینین پشت دەبەستن بە هۆکارەکان، خۆ ئێمە نالێین هۆکارەکان فەرامۆش بکە، بەڵکو هۆکارەکان بگرە بەرەو ئامانج، پشتیش تەنها بەخوای کاربەدەست ببەستە.

کەچی خەڵکێکی زۆر پێیان وایە پشت بەستن (التوكل) جێگرەوەی هۆکارو هەوڵدانە، هەر کە گلەییان لێکرا بۆچی هۆکارەکان ناگرنەبەر؟ فلانە هۆکارە دابین ناکەن؟ دەڵێن: ئاخر ئێمە بە تەمای خوا لێی گەڕاوین و پشتمان بەو خۆشە!.

پشت بەخوا بەستن، مانای پشتێ کردن و واز هێنان لە کارکردن نییە بەو بەهانەیەی پشت بەخوا بەستن! نا، چونکە خوای گەورە دوو فەرمانی بە ئێمەی موسڵمان کردووە: فەرمانی پێداوین، کە کار بکەین، فەرمانیشی پێداوین پشت بە کارەکەی خۆمان نەبەستین... فەرمانی پێداوین کاسبی بکەین، فەرمانیشی پێداوین باوەڕمان بەوە هەبێت، کە تەنها خوا ڕۆزیدەرە. فەرمانی پێداوین، کە ئامێرو تفاقی جەنگ ئامادەکەین، بەڵام فەرمانیشی پێداوین، کە دڵنیابین سەرکەوتن هەر لەلایەن خواوەیە و ئەو دەیبەخشێت... فەرمانی پێداوین دەرمان بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانمان بەکار بهێنین، فەرمانیشی پێداوین، کە بیروباوەڕمان وا نەبێت دەرمانەکە بۆ خۆی چاکمان دەکاتەوە! فەرمانی پێداوین، کە هەموو هۆیەك بۆ سەرکەوتنی کارەکانمان

بگرینەبەر، فەرمانیشی پێداوین، کە پشت بە خوای گەورە ببەستین لە بەدەستهێنانی سەرکەوتن.. جا هەر کەسێ هەموو هۆکارەکانی ئەنجامدانی کارێکی ئامادەکرد، بەڵام لەکارەکەیدا پشتی بەخوا نەبەست، ئەوە یەکێك لە فەرمانەکانی شکاندووە. هەر کەسێکیش پشتی بەخوا بەست بێ ئەوەی هۆکارەکانی ئەنجامدان و سەرکەوتنی کارەکەی ئامادە بکات، ئەویش فەرمانێکی بەجێ نەهێناوە.... جیاوازی نێوان کافرو موسڵمان لێرەدا دەردەکەوێت، کافر هەموو تواناو ڕەنجێکی دەخاتەگەڕ، موسڵمانیش وەك ئەو هەموو تواناو ڕەنجێکی دەخاتە گەڕ، بەڵام کافرەکە پشت دەبەستێت بە ڕەنجەکەی خۆی، موسڵمانیش پشت دەبەستێت بە خوای گەورە[1].

جا هەر لە ڕۆژگاری پێغەمبەریش دا ﷺ ئەو جۆرە بیرکردنەوە چەوتە هەبووە، ئەوەتا عەرەبێکی خێڵەکی پرسیار لە پێغەمبەر ﷺ دەکات سەبارەت بەوەی کە وشترەکەی ببەستێتەوە یاخود بەرەڵای بکات و پشتیش بەخوا ببەستێت؟. پێغەمبەر ﷺ وەڵامی دایەوەو فەرمووی: بیبەستەوەو پاشان پشت بەخوا ببەستە. ئیمامی تورمذی گێڕاویەتیەوە[2].

---

(١) سعيد حوى: الاسلام ٨١.

(٢) د. وهبة الزحيلي: التفسير المنير ٨/٥.

بـەڵێ (بەسـتنەوە) و (پشـت بـەخوا بەسـتن) دژو پێچـەوانەی یـەكترنین، بـەڵكو تەواوكـەری یـەكترن، بەسـتنەوە (كـە مەبەسـتی گرتنەبـــەری هۆیەكانـــە) پەیوەنـــدی بەدەســـت و بەجەســـتە و ئەندامەكانەوە هەیە، پشـت بـەخوا بەسـتنیش پەیوەسـتە بـە دڵ و دەروونەوە.

خوای پەروەدگاریش كاتێك كە لە ستایش و پێدا هەڵدانەوە باسی (زولقەرنەین)ی كردووە، فەرموویەتی: ﴿ إِنَّا مَكَّنَّا لَهُۥ فِي ٱلْأَرْضِ وَءَاتَيْنَٰهُ مِن كُلِّ شَيْءٍ سَبَبًا ﴿٨٤﴾ فَأَتْبَعَ سَبَبًا ﴿٨٥﴾ ﴾ الكهف: ٨٤ _ ٨٥. واتە: ئێمە دەستەڵاتمان پێدابوو لە زەویدا و بۆ هەرشتێك هۆكاری _ ئەنجام دانی _ مان بۆ ڕەخساند بوو، ئەویش كەڵكی تەواوی لە هۆكارەكان وەرگرت.

حەسەن بەننا (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لـەم بارەیـەوە دەڵێـت: ئـەم ئایەتە لە كۆ وشەیە، چونكە ئاماژەیەكە بۆ پوختەی ئەو ئامانجەی پەیامەكان و نێردراوانی پێشوو بۆی هاتوون، لـە دیـاركردنی چاكە و مافـەكانی خـوا لەسـەر بەنـدەكانی، ئـاایینی (ئیسلام) لـە ﴿ إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ﴿٥﴾ ﴾ زیـاتر نییـە، چـونكە چـەمكی یەكـەم ســەرەتای ناســینی خوایــە، و چــەمكی دووەمــیش بەرهــەم و بەروبوومەكەیەتی، لە نێوان ئەم دووچـەمكەدا چـەندین پلـە هـەن

کە کەس ناتوانێت بەم پلانەدا گوزەر بکات مەگەر لە بەندە نزیکەکانی خوا بێت[1].

دەفەرموێت: ﴿ ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ٦ ﴾ الفاتحة. واتە: خوایە؛ بەردەوام ڕێنموییمان بفەرموو بۆ سەر ڕێبازی ڕاست و دروستی (ئیسلام).

لەبەر ئەوەی مرۆڤی بڕوادار پێشتر هیدایەتی وەرگرتووە، بۆیە ئەو داواکردنە لە خوای گەورە بریتییە لەوەی خوایەگیان یارمەتی و کۆمەکی خۆتمان بۆ بنێرە بە توانا و دەسەڵاتی خۆت پشتیوان و پشتگیریمان بکە و ببە بە پشتیوانمان بۆ ئەوەی بەردەوام بین لەسەر ئەم ڕێگایە، دامەزراویمان پێ ببەخشە لەسەر ئەم ڕێگایە کە ڕێگای پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و شەهیدان و پیاوچاکانە. هەروەك خوای گەورە لەبارەی ئەوانە کە بەخششی ئیمانی پێبەخشیون دەفەرموێت: ﴿ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّٰلِحِينَۚ وَحَسُنَ أُوْلَٰٓئِكَ رَفِيقٗا ٦٩ ﴾ النساء: ٦٩. واتە: ئەوەی فەرمانبەرداری خواو پێغەمبەر بکات، جا ئەوانە لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەبن (لە بەهەشتدا) کە خوا نازو نیعمەتی ڕژاندوە

---

(١) إمام حسن البنا: سلسلة من تراث امام البنا الكتاب الثانى التفسير ٢٤٠.

بەسەریاندا لە پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و شەهیدان و پیاوچاکان، ئای کە ئەوانە هاوەڵ و هاوڕێ و هاودەمێکی چاك و بێ وێنەن.

ڕێگای ڕاست (الصِّرَاطَ المُستقِيمَ) ڕێگاو جێگای ئەمانە دەگرێتەوە کە لەو ئایەتەی سەرەوەدا ئاماژەیان بۆ کراوە بە چاکترین هاودەم و هاوڕێ ناویان هاتووە.

لە ئایەتی دواتر دەفەرموێت: ﴿ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ٧ ﴾ الفاتحة. واتە: بەرنامەو ڕێبازی ئەوانەیە کە لە نازو نیعمەتی خۆت بەهرەوەرت کردوون، نەمانخەیتە سەر ڕێبازی ئەوانەی خەشم و قینیان لێگیراوە. و نەمانخەیتە سەر ڕێبازی ئەوانەش سەر گەردان و گومڕان(١).

ئەم ئایەتە پیرۆزە چەندین ئاماژەی تێدان بۆ ئەوەی ڕوونکردنەوەکە درێژە نەکێشێت، ئەوا تەنها چەند ئاماژەیەك باس دەکەین:

**ئاماژەی یەکەم:** لە سەرەتای ئایەتەکەدا خوای گەورە ئاماژە بەوە دەکات کە بەردەوام خەڵکانێك کە بڕوادارن خوای گەورە بەخشش و نیعمەتی خۆی لەگەڵ کردوون، ئەو بڕوادارانە هەمیشە لە گشت چەرخ و سەردەمێکدا هەن، قورئانی پیرۆزو سوننەتی بە

---

(١) هەمان سەرچاوە ١.

پێزی پێغەمبەر ﷺ لەکردارو گوفتاریان دا دەدرەوشێتەوە، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ لەو بارەیەوە دەفەرموێت: (لا تَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَتِي ظاهِرِينَ على الْحَقِ حَتى يَأْتِيَ أَمْرُ الله) ئیمامی مسلم گێڕاویەتیەوە.

واتە: هەمیشە کۆمەڵێك لە ئوممەتی من هەن لە گشت سەردەم و ڕۆژگارێکدا کە لەسەر حەقن تا ڕۆژی دوای دێت.

الصِّرَاطَ المستَقِيمَ = صِرَاطَ الَّذِينَ أَنعَمتَ عَلَيهِمْ

بەڕاستی بەشێوەیەکی ئیعجاز بەخش ئەم ئایەتە چەندین نهێنی لە جوغزی خۆیدا هەڵی گرتوون. ئەو کۆمەڵەش کۆمەڵێکن کە نە زیادەڕەون و نەکورت ڕەون بەڵکو کۆمەڵێکی میانڕەون.

**ئاماژەی دووەم:** مەبەست لە وشەی (أنعمت) لەم ئایەتە پیرۆزەدا بەمانای نیعمەت و بەخششی موسڵمانی و ئیمانداریيە، هەر چەندە لە ڕواڵەتدا وشەکە بە چەمکێکی گشتی هاتووە، چونکە ﴿ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ ﴾ لەگەڵ ﴿ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ﴾ ڕووبەروو دەبێتەوە، چونکە ئەگەر بێتو وشەو چەمکی (أنعمت) بە بەخششی ماددی لێك بدەینەوە، ئەوا لە بەرامبەردا پێویستە چەمکی ﴿ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ﴾ بەو کەسانە

لێـك بدەینــەوە کـە لـە بــەهرەو بەخششــەکانی خــوا بــێ بەشــن، بێگومان ئەم لێکدانەویەش لێکدانەوەو توێژینەوەیەکی هەڵەیە[1].

دەشتوانین بڵێین کە چوار ئایەتی یەکەم لایەنی باوەر (ایمـان) و سێ ئایەتی دوایش لایەنی کـردەوە (عمـل) پێـك دێـنن. هـەروەك دیارە ئیسلامەتی باوەرو کردەوەیە.

هەرچەندە لەبارەی ئەم سورەتەوە بنووسین هەر کەمـە، بۆیـە بـە وتـەی پێشـەوا ئـیبن قـەییم (رەحمـەتی خـوای لێ بێـت) کۆتـایی بـە لێکدانـەوەی ئـەم سوڕەتە دەهێـنین، دەڵێـت: خـوای گـەورە (١٠٤) پەڕاوی ڕەوانە کردووە، پاشان مانـای هـەموویانی کۆکردوەتـەوە لـە تــەوڕات و ئینجیــل و زەبــوردا، لــەوەودوا لەقورئانــدا مانــای هـەموویانی کۆکردۆتـەوە، لـە سـورەتی فاتیحەشـدا مانـای هـەموو قورئــانی کۆکردۆتــەوە، لــە ئایــەتی ﴿ إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ ٥ ﴾دا مانـای فاتیحـەی کۆکردوەتـەوە، ئـەم ئایەتـەش دوو بەشـە، بەشــی یەکــەمیان: خواپەرســتی و دینــداری ئیمانــدار دووپــات دەکاتـەوە، بەشـی دووەم: بـەکارهێنانی هۆکارەکـانی ژیانـە کـە خـوا دروسـتی کـردوون بـۆ سـەرکەوتن و پێشـکەوتن لـە گوزەرانـدا، بـۆ بەڕێوەبردنی دونیا بە پێی بەرنامەی خوا، جا هـاوەڵان و پێشـینە

---

(1) علی باپیر: پوختەیەك دەربارەی ئیسلام لە ژێر رۆشنای سورەتی فاتحە ٣١٣.

چاكەكانمان هەر دوو چەمكەكانیان بە جوانی پیادەكرد، بۆیە ڕابەرایەتی دونیایان كرد و لە دونیا و دواڕۆژدا سەركەوتوو بوون[1].

بەڵێ دوای ئەم هەموو هەوڵانەی كە لەلایەن نەیارانی ئایینی خوا درا بۆ ئەوەی قورئان لە ئاستی ئیعجازیەكەی بخەن بەلاَم لە ئەنجامدا هەوڵەكانیان مایە پووچ بوو.

پوختەی قسە ئەوەیە كە (جاحظ) وتویەتی: ﴿ لَما لَمْ يَكُـنِ الْمُعارَضَةُ بِالْحُرُوف، اِضْطَرُّوا اِلى الْمُقارَعَةِ بالسِّيوف﴾[2]. واتە: لەبەر ئەوەی بەرەنگاری _ قورئان _ یان بە پیت (واتە بە وتە) لەتوانادا نەبوو، ناچار دەستیان دایە شمشێرو جەنگیان هەڵبژارد.

---

[1] عمر خالید: ڕازی قورئانی، وەگێڕانی: بورهان محمد أمین، عوسمان محمد ڕەشید ١٤.

[2] سەعیدی نوورسی: سەرجەمی پەیامەكانی نوور، مكتوبات ٣٠٧.

## دووەم: ئیعجازی قورئانی لە ڕووی هەواڵدانی غەیبی و مێژووییەوە

**قورئانی پیرۆز بەشێوەیەکی دەرئاسا هەواڵی هەندێك شتی داوە بەپێغەمبەر ﷺ کە پێشتر ڕوویان دابوو، لە کاتێکدا پێغەمبەر ﷺ هیچ زانست و زایارییەکی لەم بارەیەوە نەبوو. بەهەمان شێوە هەواڵی دەربارەی چەندین شتی داهاتوو داوە کە پێغەمبەر ﷺ هیچ زانیاری لەبارەیەوە نەبووە.**

**خوای گەورە لەبارەی ئەو هەواڵە پەنهانانە دەفەرموێت:** ﴿ ذَلِكَ مِنْ أَنبَاء الْغَيْبِ نُوحِيهِ إِلَيكَ وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ يُلْقُون أَقْلاَمَهُمْ أَيُّهُمْ يَكْفُلُ مَرْيَمَ وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ يَخْتَصِمُونَ ﴾ **آل عمران: ٤٤. واتە: ئەو شتانەی باسکران چەند هەواڵێك بوون لە غەیبەوە، ئێمە لە ڕێگەی (وەحی) سروش و نیگاوە بە تۆی دەگەیەنین، خۆ تۆ (ئەی محمد ﷺ) لەوێ نەبوویت کاتێك پێنوسەکانین هەڵدەدایە (ئاوەوە، پێنوسی کێ سەرکەوت و ئاو نەیبرد) ئەویان مەریەم پەروەردە بکات، تۆ لەوێش نەبوویت کاتێك کێشەیان بوو (لەسەر ئەوەی کێ بەخێوی بکات).**

**خوای گەورە بەهەمان شێوە بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەو هەواڵە پەنهانانە لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت:** ﴿ تِلْكَ مِنْ أَنبَاء الْغَيْبِ نُوحِيهَا إِلَيْكَ مَا كُنتَ تَعْلَمُهَا أَنتَ وَلاَ قَوْمُكَ مِن قَبْلِ هَذَا فَاصْبِرْ إِنَّ

الْعَاقِبَةَ لِلْمُتَّقِينَ ﴾ هود: ٤٩. **واتە: ئەی محمد ﷺ ئەو باسانەی بۆمانکردیت لە هەواڵە نادیارەکانە کە بۆت دەنێرین، نە تۆ دەتزانی و نە هۆزو نەتەوەکەشت پێش ئەم باسەی ئێمە، جا خۆگرو بە ئارام بە، چونکە بەڕاستی پاشەڕۆژ بۆ خواناس و پارێزگارانە.**

**لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت:** ﴿ ذَلِكَ مِنْ أَنبَاء الْغَيْبِ نُوحِيهِ إِلَيْكَ.. ﴾ یوسف: ١٠٢. **واتە: ئەی محمد ﷺ ئەم بەسەرهات و سەرگوزەشتەیەی یوسف** (سڵاوی خوای لێبێت) **کە بۆت نیگا دەکەین لە هەواڵ و بەسەرهاتە شاراوەکانە.**

**ئەم چەند ئایەتانەی سەرەوە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەر ﷺ کاتێک ئەم بەسەرهات و چیرۆکانەی کە لەلایەن خواوە پێی ڕادەگەیەنرا هیچ زانیارییەکی لەبارەیانەوە نەبوو.**

**خوای گەورە بەردەوام بە بەڵگەی تەواو ڕاستی بۆ مرۆڤەکانی سەلماندووەو بە موعجیزەی جۆراوجۆر پشتگیری لە پێغەمبەر ﷺ کردووە، بەهێزترین موعجیزەش قورئانی پیرۆزە، کە بەڵگەی زۆری لە دوو توێی خۆ گرتووە، بۆ نمونە قورئانی پیرۆز هەواڵی هەندێك لە ڕاستیە زانستییەکانی پێداوین، وەك هەواڵی قوڵایی دەریاکان و ناوەوەی زەوی و بەرزایی ئاسمانەکان و تاد... .**

**نمونەی یەکـەم:** لـە سـاڵی ٦١٩ز لەناوچـەی نزیـك دەریـای مـردوو جـەنگ لـە نێـوان هـەر دوو ئیمپڕاتـۆری فـارس و ڕۆمـدا هەڵگیرسـا و تیایـدا فـارس بەسـەر ڕۆمـدا سـەرکەوت. ئـەم سـەرکەوتنەی فـارس و شـکانی ڕۆم، موسـڵمانانی پـەژارەو خەفـەتبارکرد، چـونکە فـارس ئـاگر پەرسـت بـوون و ڕۆم خـاوەن کتێب و ئایینی ئاسمانی بوون، ئەم بەسەرهاتە لە ناو خەڵکدا بـووە هـەواڵ و ئـەبو بـەکری سـدیق (ڕەزای خـوای لێبێـت) هەواڵەکـەی بـە پێغەمبـەر ﷺ گەیانـد، خـوای گـەورەش لـە وەڵامـدا فـەرمووی: ﴿ غُلِبَتِ الرُّومُ، فِي أَدْنَى الْأَرْضِ وَهُم مِّن بَعْدِ غَلَبِهِمْ سَيَغْلِبُونَ، فِي بِضْعِ سِنِينَ لِلَّهِ الْأَمْرُ مِن قَبْلُ وَمِن بَعْدُ وَيَوْمَئِذٍ يَفْرَحُ الْمُؤْمِنُونَ ﴾ الروم: ١_ ٤. خـوای گەورە لەم ئایەتانەدا بەڵێن بە موسڵمانان دەدات کە پاش ساڵانێکی کـەم لـە جـەنگێکی تـردا ڕۆمـەکان بەسـەر فارسـەکاندا سـەرکەوتن بەدەست دەهێنن، وشەی (بضع) یش کە لە ئایەتەکەدا هاتووە (سێ تـا نـۆ) ساڵە، پـاش حـەوت سـاڵ لـە دوای ڕوودانـی جـەنگی یەکـەم خـوای گـەورە بـەڵێنی خـۆی بـۆ موسـڵمانان جێبـەجێکرد و دڵنیـای کردنەوە، هـەروەك لـە قورئـانی پـیرۆزدا هـاتووە: ﴿ فِي بِضْعِ سِنِينَ لِلَّهِ الْأَمْرُ مِن قَبْلُ وَمِن بَعْدُ وَيَوْمَئِذٍ يَفْرَحُ الْمُؤْمِنُونَ، بِنَصْرِ اللَّهِ يَنصُرُ مَن يَشَاءُ وَهُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ، وَعْدَ اللَّهِ لَا يُخْلِفُ اللَّهُ وَعْدَهُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴾ الروم: ٣_ ٦. واتە: ڕۆم لە دوای سەرکەوتنی فـارس بەسـەریاندا لـە

ماوەی سێ تا نۆ ساڵ فارس دەشكێنن، سەركەوتنی پێشتری فارس و سەركەوتنی پاشتری ڕۆم هەمووی هەر بە فەرمانی خوای گەورەیـە، ئـەو ڕۆژەی ڕۆم سـەردەكەوێ بـاوەڕداران هـەم بـە سـەركەوتنی ڕۆم بەسـەر فارسـدا و هـەم بـە سـەركەوتنی خۆیـان بەسـەر هاوبەشـدانەراندا، سـەركەوتنی هەرسـێكیش بەویسـت و خواسـتی خوای گەورەیە، ئەمە پەیمانی خـوای گەورەیـە، خـوا بـەڵێنی خـۆی پشت گوێ ناخات، بەڵام زۆرترین خەڵك، بێ باوەڕن و خوای گەورە ناناسن. كاتێك لە ساڵی ٦٢٦ز جەنگێكی تر لە نێوان فـارس و ڕۆم بـەرپا بـوو، ڕۆم سـەركەوتنی بەدەسـت هێنـا، ئـەوەش هاوكـات بـوو لەگەڵ سەركەوتنی موسڵمانان بەسەر هاوبەشدانەرانی قورەیش لـە جەنگی بەدردا[1].

سەبارەت بە وشـەی (أدنـی): بـەمانای نـزیكتر، كـەمتر، بچوكتر دێت، ئایا ئەم سێ سیفەتە پێكەوە لە هیـچ ناوچـەیەكی سـەر زەوی دا كۆدەبنـەوە؟ بـەڵێ: دەریـای مـردوو، چـونكە شـوێنی دەریـای مردوو:

١ _ نزیكترینە: نزیكترین زەوی ڕۆم بووە لە زەوی عەرەبەوە.

---

(١) گۆڤاری هەیف ژ ١٦. و سەیری ئەم سەرچاوانەش بكە: شەماڵ عبدالرحمن موفتی: كۆباسەكانی میحراب ١٢٨ _ ١٢٩. عبدالرزق أحمد: ئاشكرابوونی موعجیزەكانی قورئان و سوننەت لە سەردەمی نوێدا. و د. أحمد مصطفی متولي: الموسوعة الذهبية في اعجاز القرآن والسنة النبوية ٢٣٤. بەدەستكارییەوە.

٢_ بچوکە: ئەم ناوچەیە ڕووبەرەکەی زۆر بچوکە و لە چەند کیلۆمەترێکی دیاری کراو دەرناچێت.

٣_ کەمترینە: ئەم شوێنە کەمترین بەرزی هەیە لە ڕووی وشکاییەوە، نزیکەی ٤٠٠ مەتر لە ئاستی ڕووی دەریا نزمترە، لە جیهانیشدا جگەلە قولایی زەریاکان، لەم ناوچەیە چاڵترو نزمتر نابینیەوە.

لە ڕووی زانستیەوە بە پێوانی جۆراو جۆر چەسپاوە چاڵای ئوردن لە هەموو بەشەکانی تری وشکایی لە ئاستی ڕووی دەریا نزمترە، دەریای مردوش دەکەوێتە نزمترین بەشی چاڵای ئوردنەوەو ئاستی دەریای مردوو نزیکەی ٤٠٠ م لە ژێر ئاستی ئاوی دەریاوەیە، ئاستی تەختایی (بنی) دەریای مردووش لە قوڵترین بەشیدا نزیکەی ٨٠٠ م لە ژێر ئاستی ئاوی دەریایە، لە کاتێکدا دەریای مردوو دەریایەکی داخراوە، واتە: لەڕاستیدا تەختاییەکەی یان بنەکەی بە بەشێك لە وشکایی دادەنرێت، ئەمەو چاڵایی دەریای مردوو بە بەشێك لەو ڕۆچوونە گەورەیەی زەوی دادەنرێت کە لەناوچەی (بوحەیرات) لە ڕۆژهەلاتی ئەفریقاوە دەست پێدەکات تا دەریاچەی (تەبەریە) و سنوری باشوری تورکیا و دەریای سوورو کەنداوی عەقەبەش دەگرێتەوە، ئەم ڕۆچوونە دەگاتە ئەو ڕۆچوونە قوڵەی لە زەوی تەختایی

هەریـەك لـە ئۆقیانوسـی هنـدی و دەریـای عـەرەب و كـە نـداوی عەدەندا هەیە، درێژی چاڵاییەكانی ئوردن. دۆڵی (عربة) نزیكەی (٦٠٠) كیلۆمـەترەو لـە باشـوورەوەو لەكەنـداوی عەقەبـەوە درێـژ دەبێتـەوە تـا دەریاچـەی (تەبەریـە) لـە بـاكور، پانتـایی ئـەو چاڵاییانەش لـە نێـوان (١٠ _ ٢٠) كیلۆمـەتر دایـە. ئاسـتی ڕووی زەویـش لـە چاڵایی ئوردونـدا لـە هـەموو بەشـەكانی تـری وشـكایی نـزمترە، بەشـێوەیەك ئاسـتی ڕووی ئـاو لـە دەریـای مـردوو دەگاتـە ٤٠٢ م لـە ژێـر ئاسـتی ناوەنـدی ڕووی ئـاو لـە هـەر دوو دەریـای دراوسێدا: دەریای سورو دەریای ناوەڕاست، ئەمەش نزمترین ئاسـتی زەوییـە لـە ڕووی وشـكایی. پـاك و بێگـەردی بـۆ خـوای گـەورە كـە بەردەوام موعجیزەكانی تازە دەبنەوەو دەردەكەون(١).

كەواتـە سـوڕەتی (الـروم) ئیعجـازێكی گـەورەی غـەیبی لـەخۆ گرتـووە ئـەویش هـەواڵ پێدانـە بـەوەی ڕۆم كـە پێشـتر بەدەسـتی فـارس شـكابوون، لـە جـارێكی تـرداو لەماوەیەكـدا كـە ٩ سـاڵ ناخایـەنێ ڕۆم بەسـەر فارسـدا سـەردەكەون، لـە ڕاستیشـدا ئـەو

---

(١) گۆڤاری هەیف ژ ١٦. و سەیری ئەم سەرچاوانەش بكە: عبدالرحمن عصافي: ڕاستیەكانی زانستی سەردەم ٥. و د. أحمد مصطفى متولي: الموسوعة الذهبية في اعجاز القرآن والسنة النبوية ٤٤٢، ٤٤٣. بەدەستكارییەوە.

ماوەیــە، تێنەپــەڕی هــەتا ئالّــای ڕۆم بەســەر فارســدا شــەکایەوەو فارسەکانیان تێك شکاند.

**نمونەی دووەم:** چیرۆکی حـەزرەتی نـوح (سلاّوی خوای لێبێت) لـە قورئانی پیرۆزدا بە یەکێك لە موعجیزە غەیبیەکان دادەنرێت، کە ئاسەوارە دۆزراوەکانی سەردەم پشتی دەگرن. چیرۆکەکانی لـە مـەڕ تۆفـان و کەشـتیەکەی نـوح لـە سەرانسـەری دنیـادا بـلاّوە، هـەر لـە مێژوویـەکی یـەکجار کۆنــەوە لـە ئـەدەبیاتی خۆرهـەلاّتی نزیـك و هیندستان و چـین و مـەلایۆ ، ئۆسـترالیا و دوورگـەکانی ئۆقیانوسـی ئـارام و هـەموو کۆمەلگـەکانی هیندییــە سـورەکاندا هـاتووە، هـەر یەکـەیان بـە شـێوەیەك بـە نـاوی جیـا جیـا لێـی دواون، سـەبارەت بەقورئانی پیرۆزیش، وەك ئاشکرایە چل و سێ جار ناوی حەزرەتی "نووح"ی هێناوەو بەسەرهاتی خۆی و گەلەکـەی و چیرۆکی تۆفـان و کەشـتییەکەی تێدایـە. خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَحَمَلْنَاهُ عَلَى ذَاتِ أَلْوَاحٍ وَدُسُرٍ، تَجْرِي بِأَعْيُنِنَا جَزَاء لِّمَن كَانَ كُفِرَ، وَلَقَد تَّرَكْنَاهَا آيَةً فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ ﴾ القمـر: ١٣-١٥. واتـــە: ئەوســا نووحمــان لەســەر چــەند تەختــەو بزمــار هــەلگرت (مەبەســتی کەشــتیەکەیە). لــە ژێــر چاودێری خۆماندا (لە ناو ئەو زریانە سامناکەدا) دەهات و دەچوو، ئا بەوشـێوەیە پاداشـتی ئـەو کەسـەمان دایـەوە کـە بـڕوای پێنـەکرا

(واته: نوح). به ڕاستی ئێمه ئەم بەسەرهاتەمان هێشتەوه بەبەڵگە بۆ هەموو نەوەكان.. ئایا كەسێك هەیە كە پەندو ئامۆژگاری لێ وەربگرێت؟!. ڕاناوی (ها) لە وشەی (تركناها) بە ڕوونی دەگەڕێتەوه بۆ ئەوەی كە مەبەست پێی كەشتییەكەی حەزرەتی **نوحە** (سڵاوی خوای لێبێت)[1].

پاشماوەی كەشتیەكەی نوح (سڵاوی خوای لێبێت) لەسەر چیایەكی كوردستان بە ناوی "چیای جودی" دۆزرایەوه، بەپێی نەخشەی جیهانی ئەمڕۆ دەكەوێتە باشوری وڵاتی توركیا و ٨ كم لە سنوری عێراقەوه دووره، له پارێزگای "شرناخ" قەزای "سلۆپی"دایه.

دیدو بۆچوون و ڕای تریش هەن كە چیای جودی ئەو چیایه نییە كە لە كوردستانه. بەڵام بەڕاستی پێویستە ئەم دیدو تێڕوانینانە بە بەڵگەی ڕاست و ڕاشكاو پشت ڕاست بكرێنەوه. هەروەك مامۆستا مسعود عبدالخالق لە بەشی یەكەمی كتێبەكەی (مەوسوعەی جودی بۆ چەمك و زاراوەكانی سەردەم) باسی كردووه دەڵێت:( هەموو گێرسانەوەی كەشتیەكە بۆ جوودی دەگێڕنەوه، هەر چەندە بەشێك لەوانە د. ئەحمد سوسە لە كتێبی (حضارة العربية) و ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام له (معجم الديانات و أساطير العالم) و (موسوعة العربية الميسرة) بەشێكی تری فەرهەنگە

---

[1]) گۆڤاری هەیف ژ ١٦، بەدەستكارییەوه.

عەلمانیــەکان دەڵــێن: لــە ئــارارات گیربــووە، بــەڵام کتێبــی (أصــدق الحــدیث) دەڵــێ: کەشــتیەکەی نــوح لــە شــاخی جــودی کوردســتانی سەروو گیرساوەتەوەو جارێکی تر مێژووی مرۆڤایەتی لەوێ دەستی پێکردۆتــەوە بــۆ هــەموو جیهــان، زۆربــەی شــارو دێیــەکانی نزیــك جودی نازناوی نوحی پێوەیە، هەتا شارناخیش گوایــە مانــای شــاری نوحە و گۆڕی حەزرەتی. نوح[1].

ئینجا کاری لێکۆڵینەوە لــە ســەر ئــەم دۆزینەوەیــە _ لــە ڕووی زانستەوە _ لەلایەن هەناردەیەکی زانستیەوە بەسەرپەرشتی دوو زانای شوێنەوارناسی ئەمریکی بەناوی ڕوون وایت (ron wayt) و دەیڤێد فاسۆلد (david fasold) ئەنجام درا. ئەو زانایانە لەســەر تــاوتوێکردن و هەڵســەنگاندنی ئــەو دۆزینەوەیــە بــەردەوام بــوون، هەتا لە دواساتەکانی سەدەی بیستەمدا سەرجەمی کارەکانیــان بــە دوورو درێژی لە فیلمێکی بەڵگەنامەییدا بڵاوکردەوە، جــا لــە ســاڵی ١٩٥٩ز فرۆکــەوانێك لەســەر چــیای "جــودی" وێنــەی شــوێنی کەشــتیەکەی لــە بەرزاییــەوە گــرت کــە بــە ڕوونــی شــوێنەواری کەشــتیەکەی دەردەخســت. کاتێــك ئــەم هەواڵــە گەیشــتە ڕۆژنامــە

---

(1) مسعود عبدالخالق: مەوسوعەی جودی بۆ چەمك و زاراوەکانی سەردەم، بەشی یەکەم ٥٤٩، ٥٥٠. جێگای ئاماژە پێدانە کە ملای گەورە لە تەفسیرە ناوازەکەیدا:( تەفسیری کوردی لە کەلامی خواوەندی) بەهەمان شێوە لەبارەی چیایی جودی دەڵێت دەکەوێتە کوردستان. سەیری تەفسیری ناوبراو بکە.

ئەمریکیەکان، لە ساڵی ١٩٦٠ز هەڵمەتێکی ڕۆژنامەوانیان بەرەو ئەو شوێنە لە چیای "جودی" ڕێکخست بە سەرپەرشتی ڕینی جەرمەن کە نووسەرێکی ئەمریکی بوو، لەگەڵ جۆن فان دیمان کە پێشکەش کارێکی ناسراوی تەلەفزیۆنیە و کەسێکی ئینجیلییە. کاتێ ڕۆیشتنە ئەوێ، هەموو هەوڵێکیان بریتی بوو لە گەڕان بە دوای تەختەداردا کە هی پاشماوەی کەشتیەکە بێت! پێدەچێ ئەو تیمە ڕۆژنامەوانە لە ڕووی زانستییەوە نەیانزانی بێت کە بەدرێژایی کات (تەختە دارەکان) دەبن بە (بەرد) هەرچەندە پارێزگاری شێوەی تەختەدار دەکەن! بۆیە بە دەستی بە تاڵ گەڕانەوە بۆ ئەمەریکا. قورئانی پیرۆز هەشت جار ناوی کەشتی نوحی بە (الفلك) هێناوە، کە لە زمانی عەرەبیدا بۆ کەشتی زۆر گەورە بەکاردێت. ئەم دۆزینەوە ناوبراوەی سەر چیای "جودی"ش دەری خست کە ٥١٥ پی) درێژایی کەشتیەکە بووە، واتە: مەزنترین کەشتی کۆن بووە کە تا ئێستا ناسرا بێت، گەورەتریش بووە لە کەشتیە گەورەکەی سەدەی نۆزدەم و پێی دەڵێن: کەشتی "وایومینگ" و درێژاییەکەی ٣٣٠ پێیە[1].

خوای گەورە لەبارەی ئەو کەشتیەی حەزرەتی نوح دەفەرمووێ: ﴿ وَحَمَلْنَاهُ عَلَى ذَاتِ أَلْوَاحٍ وَدُسُرٍ ﴾ القمر: ١٢. **قورئانی**

---

[1]) گۆڤاری هەیف ژ ١٦، بەدەستکارییەوە.

پیرۆز لەوەدا لەگەڵ کتێبەکانی پێش خۆیدا یەکدەگرێتەوە کە "درەختەکان" ماددەی بنەڕەتی کەشتیەکە بوون، بەڵام قورئان بە تەنها خۆی باسی شێوەی ئەو دارانەی کردووە، و وشەی (أَلْـواَح)ی بۆ بەکارهێناوە، کە بریتیە لە تەختەداری ڕوو تەخت و ڕێکخراو بەدەستی مرۆڤ. چونکە دەگونجێ _ بە وێنەی هەندێ لە کەشتییە کۆنەکان _ لە کۆکردنەوەی بنکی درەختەکان کەشتیەك پێکبێت! بێ گومان لە ڕووی زانستییەوە ئەو تەختە دارانە بە درێژایی هەزاران ساڵ وەك خۆیان نامێننەوە، بەڵکو دەبن بە"بەرد". واتە لەگەڵ مانەوەی شێوەی داری تەختدا، وردیلەکانی "لم" (سیلیکان) تێکەڵ بە تانوپۆی درەختەکان دەبن و بەدرێژایی کات ئەو تەختەدارە دەبێتە بەرد. ئەمەش لە ڕووی جیۆلۆجییەوە پێی دەوترێ: (selicfication). ئاشکرایشە تەختەدارێکی ڕووتەختی بە بەردبوو لە سروشتدا بەدی ناکرێت، بەڵکو دەبێت ئەم تەختەیە کاری مرۆڤ بووبێت پێش ئەوەی بوو بێت بە "بەرد"[1].

یەکێك لەو شتانەی کە لەم دۆزینەوەیەدا سەرنجی مرۆڤ ڕادەکێشێت پەیوەندی بە بەشە ئایەتەکەی قورئانەوە هەیە کە دەفەرموویت: ﴿ وَلَقَد تَّرَكْنَاهَا آيَةً ﴾ ئەوەیە کە هەزاران ساڵە ماوە درێژخایەنەی دوای حەزرەتی نوحدا (سڵاوی خوای لێبێت) ئەو

---

[1]) گۆڤاری هەیف ژ ١٦، بەدەستکارییەوە.

بوومەلەرزەیەك كەشتیەكەی دەرخست خوای گەورە هەڵیگرت بۆ سەردەمێكی وا كە پێشكەوتنی پیشەسازی و زانستی ئامێری ئەوتۆی داهێنابێت، كە وەك كەرەسەیەكی زانستی پشت پێ بەستراو بۆ دڵنیا بوون لە كەشتی دۆزراوەكە پشكنین و ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەری بەكاربهێنرێت.

## سێیەم: ئیعجازی قورئانی لە ڕووی یاسادانانددا

ئـــەو کۆمەڵـــە و کۆمەڵگانـــەی دوای ئـــەوەی کـــە ڕازیبـــوون بیروبـــاوەڕو تێڕوانینـــە فەلســـەفیەکانیان لـــە خـــودی واقیـــع و بارودۆخی کۆمەڵگای خۆیان وەرگرن و قبوڵیشیان کرد کە دین لە ژیـــن جیابکرێتـــەوە، دوای لێکۆڵینـــەوەی قـــوڵ و زۆری زانیـــاری و پێگەیشتووی زانست، بۆیان دەرکەوت کە دەبێت پەیامێك هەبێت چارەسەری دۆزو پرسیارە خوارسك (فیترِی)یەکان، کە بوونی مرۆڤ و مافە سروشتیەکەیتی لە بوون دا بەبێ لادان و وێنە ناشرین کردنی پیشان بدات[1].

لە سەردەمی نوێدا موسڵمانان هەوڵیانداوە ئیعجازی قورئانی پیرۆز بەشێوەیەکی تر دەربخەن جگە لە ئیعجازی دەربڕین و وشەسازی (ئیعجاز البیان) وەك: ئیعجازی زانستی ئەمەش لە پێناو زیاتر پتەوتر بوونی بڕوای شوێنکەوتووانی و دڵنیابوون لەوەی کە ئەو قورئانە لەلایەن دانایەکی ئاگادارەوە نێردراوە بۆ قەناعەت پێکردنی بێ باوەڕانی خاوەن ویژدان کە دووبارە بیر بکەنەوە. یەکێك لە جۆرەکانی ئیعجازی قورئان یاسادانانە کە توێژینەوەی زۆری لەسەر کراوە، گرنگترین ڕووی ئەم ئیعجازە دانانی

---

(١) هیشام البدرانی: العقلیة الاسلامیة بناؤها و تکوینها ٣٢. بە کەمێك دەستکارییەوە.

سیستەمێكی بێ وێنەیە لە دیاركردنی حوكمەكاندا، كە هەیانە لەچەند ئایەتێك تێپەڕ ناكات[1].

هەندێ وا دەزانن ئیعجازی یاسادانانی قورئان ئەوەیە بڕێك شتی حەڕام كردووە، خەڵكی دوای سەردەمی قورئان (ئەڵبەتە مەبەستی ئەوەیە كە دوای تەواو دابەزینی قورئان) بۆی دەركەوتووە هۆی چییە ئەو شتە حەڕام كراوە، هی واش هەیە وا لە ئیعجازی یاسادانان گەیشتووە كە قورئان پێش هەموو كەسی تری عاقڵ ئاماژەی بۆ بنەماو ڕێساكانی بەرنامە و دەستوری ژیان كردووەو زۆر وردە لەو ئاماژانەدا. بەڵام لە ڕاستیدا ئیعجازی یاسادانانی قورئان ئەوانە نین بە تەنیاو بەڵكو بریتین لە:

١_ هەمەلایەنی قورئان لە یاسادانات بۆ ژیان: قورئان بەرنامە و شەریعەتێكی هەمەلایەنی داناوە بۆ كایەكانی ژیان، شتێك نییە لە ژیاندا ئەم قورئانە باسی لێوە نەكردبێت. بنەماكانی بیروباوەڕو خوو ڕەوشتی زۆر بە وردی و بەڕۆشنی باس كردووە، چ باسی خواناسی یان پێغەمبەرایەتی یاخود باسی لایەنی ڕۆحی یان باسی بیستراوەكان "سەمعیات" بێت.

---

(١) پرۆڤیسۆر ئەحمەد یوسف سلێمانی: ئیعجازی تەشریعی لە میراتدا، وەگێڕانی: مافناس دایكی لانە ٣.

*** جـا یاسـا بـۆ پیـاو و ژن و منـداڵ دادەنێـت و خێزانەکـە کۆنترۆڵ دەکات، بۆ نمونە:**

_ ﴿ الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاء ... ﴾ النساء: ٣٤. **پیـاو بەڕێوبـەرە لە ناو خێزاندا.**

_ ﴿ ... فَالصَّالِحَاتُ قَانِتَاتٌ حَافِظَاتٌ لِّلْغَيْبِ بِمَا حَفِظَ اللّهُ ... ﴾ النساء: ٣٤. **ژنی چاك دەستپاك و گوێڕایەڵە.**

_ ﴿ لِّلرِّجَالِ نَصيِبٌ مِّمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالأَقْرَبُونَ وَلِلنِّسَاء نَصِيبٌ ... ﴾ النساء: ٧. **ژن و پیاو پشکیان لە میراتدا هەیە.**

_ ﴿ وَقَضَى رَبُّكَ أَلاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَاناً ... ﴾ النساء: ٢٣. **دایك و باوك دەبێ چاکەیان بەرامبەر بکرێ.**

_ ﴿ الطَّلاَقُ مَرَّتَانِ فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ ... ﴾ النساء: ٢٢٩. **تەلاقدان دوو قۆناغە و پاش ئەوە یان بە چاکی پێکەوە دەبن یان بە چاکی لە یەکتر جیادەبنەوە.**

_ ﴿ وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ ... ﴾ النساء: ٣٤. **ژن بـە ئەندازەی ئەرکەکانی مافی هەیە[1].**

*** یاسا بۆ پەیوەندی مرۆڤ و مـرۆڤ، مـرۆڤ و ژیانـداران، مـرۆڤ و بوونەوەر دادەنێت[2]:**

---

(1) ئیکرام کەریم: دەروازەیەك بۆ زانستەکانی قورئان ١٠٨ - ١١٢، بەدەستکارییەوە.

(2) هەمان سەرچاوە ١١١.

_ ﴿... وَقُولُواْ لِلنَّاسِ حُسْناً ... ﴾ البقرة: ٨٣. **واته: گوفتاری چاك و جوان ڕوو به خەڵکی بڵێن.**

_ ﴿ ... وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوباً وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا ... ﴾ الحجرات: ١٣. **واته: کردومانن به چەندەها گەل و تیرەو هۆزی جۆراو جۆر، تا یەکتر بناسن و پەیوەندیتان خۆش بێت بەیەکەوە[1].**

_ ﴿ هُوَ الَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي الأَرْضِ جَمِيعاً ثُمَّ اسْتَوَى إِلَى السَّمَاءِ فَسَوَّاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ ﴾ البقرة: ٢٩. **واته: هەر ئەو زاتە هەموو شتێکی لە زەویدا بۆ ئێوە دروست کردووە، پاشان ویستی ئاسمان دروست بکات، بۆیە بە حەوت چین بەدیهێناو و ڕێکی خستن، هەر خۆیشی بە هەموو شتێك زاناو ئاگادارە.**

*** یاسا بۆ مرۆڤ بۆ هەموو لایەنەکانی بونیادی دایدەنێت، بۆ پاکسازی دەروونی، پاراستنی ژیری، گەشەکردنی دەروون و لەش و لار. و بەندە هاندەدات بۆ خوێندەواری و فێری بیرکرنەوەی دەکات و فێری دەمپاکی و دڵپاکی و دەستپاکی و داوێن پاکی دەکات[2]:**

_ ﴿ قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا، وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّاهَا ﴾ الشمس: ٩،١٠. **واته: به ڕاستی ئەو کەسە سەرفرازە کە نەفسی پاك و پوختە کردووە و ئیمان و ترسی خوای تێدا ڕوواندووە. بێگومان نائومێد بوو ئەو**

---

**(1) هەمان سەرچاوە** ٥١٧.

**(2) ئیکرام کەریم: دەروازەیەك بۆ زانستەکانی قورئان** ١٠٨ - ١١٢**، بەدەستکارییەوە.**

**کەسەی نەفسی خۆی ناپوخت کرد و ئالۆدەی گوناهو تاوان و خراپەی کرد.**

_ ﴿... فَمَا لِهَؤُلاء الْقَوْمِ لاَ يَكَادُونَ يَفْقَهُونَ حَدِيثاً ﴾ **النساء:** ٧٨.

**واتە: ئەوە بۆچی ئەو خەڵکە _ باوەڕ لاوازە _ هیچ شتێك تێناگەن و لەڕاستیەکان حاڵی نابن.**

_ ﴿ فَاعْتَبِرُوا يَا أُولِي الْأَبْصَارِ ﴾ **الحشر:** ٢. **واتە: ئەی خاوەن بیروهۆش و دووربینەکان وانە و پەندو ئامۆژگاری وەربگرن.** ﴿ قُلِ انظُرُواْ مَاذَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا تُغْنِي الآيَاتُ وَالنُّذُرُ عَن قَوْمٍ لاَّ يُؤْمِنُونَ ﴾ **يونس:** ١٠١. **واتە: پێیان بڵێ: تەماشا بکەن و سەرنج بدەن: خوا چی دروست کردووە لە ئاسمانەکان و زەویدا، کەچی بەڵگە و نیشانە و ئاگاداریەکان سوودیان نییە بۆ ئەو کەسانەی کە باوەڕ ناهێنن (و ڕێبازی ئێمە ناگرنەبەر).**

_ ﴿ اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ ﴾ **العلق:** ١. **واتە: (ئەی محمد ﷺ) بخوێنە بەناوی پەروەردگارەتەوە کە هەموو شتێکی بەدیهێناوە.** ﴿ وَالْقَلَمِ وَمَا يَسْطُرُونَ ﴾ القلم: ١. **واتە: سوێند بە پێنوس و ئەوەی کە دەینوسن.**

**٢_ دانانی بنەماکانی دەستوورو یاساکانی بۆ کۆمەڵگە: ڕاستە قورئان تەنیا کتێبی یاسادانان نییە، بەوەی هەمووی هەر یاساو ڕێسا بێت، بەڵام هەموو بوارەکانی دەستووریشی دیاری کردووەو**

**بنـــەمای سیســـتەمە جـۆراو جۆرەکـانی دانـاوە. وەك بنـــەماکانی: (سیســـتەمی حـــوکمڕانی، بـــواری ئـــابوری، ڕاگەیانـــدن، خوێنـــدن، ســـزاکان، ســـەربازی، پەیوەندیـــە نێـــو دەوڵەتیـــەکان، کۆمەڵگـــەی مەدەنی... تاد. بۆ نمونە دەربارەی بنەماکانی (سیستەمی سیاسی):**

_ ﴿ ... وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ ... ﴾ الشورى: ٣٨. **ئاماژەیـــە بـــۆ جـۆری حـــوکم و چـۆنیەتی دامەزرانـــدنی دەزگـــای یاســـادانان و جێبەجێ کردن.**

_ ﴿ ... وَإِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ النَّاسِ أَن تَحْكُمُواْ بِالْعَدْلِ إِنَّ اللّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُم ... ﴾ النساء: ٥٨. **ئاماژەیـــە بـــۆ مەبەســـت و ئامانجـــەکانی حوکمڕانی و کە بەرپاکردنی داد و یەکسانییە.**

_ ﴿ خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِم بِهَا وَصَلِّ عَلَيْهِمْ إِنَّ صَلاَتَكَ سَكَنٌ لَّهُمْ وَاللّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴾ التوبة: ١٠٣. **ئاماژەیە بۆ چۆنیەتی دابەش کردنی سەروەت و سامان لە نێوان خەڵکیدا.**

_ ﴿ .. وَلاَ يُضَآرَّ كَاتِبٌ وَلاَ شَهِيد.. ﴾ الشورى: ٣٨. **ئاماژەیـــە بـــۆ ئـــازادی نووســـین و شـــایەتی دان لەســـەر مافـــەکانی خـــەڵکی، عەبـدولڕەحمان کـەواکیبی لـە کتێبـی (طبـائع اسـتبداد و مصـارع اسـتبعاد)دا دەڵـێ: ئـەم ئایەتـە دروشمـی ئـازادی ڕۆژنامەگەرییـە لـە ئیسلامدا.**

کەواتە سیستەمی حوکم لە ئیسلامدا لەسەر ئەم بنەمایانە دەوەستێ:

أ_ خوا حاکم و بڕیاردەرەو ڕاگری بەرژەوەندی مرۆڤەکانە.

ب_ ئیسلام سەرچاوەی یاسادانانە، هەر ڕێسایەك پێچەوانەی دەستووری ئیسلام بێت خۆی لە خۆیەوە بە خۆبزێوی هەڵدەوەشێتەوە.

پ_ کارە سیاسیەکە (بە یاسادانان و جێبەجێ کردنەوە) دەبێت بە ڕاوێژو ڕاگۆڕینەوە بەڕێوە ببرێت و "تاکڕەوی و دیکتاتۆریەت" نابێت بێتە ناو پرۆسەکەوە.

ت_ دەبێت داد بەرقەرار ببێت و کەس مافی نەخورێت، جا ئەو کەسە هەرکێ و لە هەر کوێ بێت.

ج_ ئازادی ڕادەربڕین پارێزراو بێت مەگەر ئەو ڕاو بۆچوونانە بێت کە دژایەتی نەگۆڕەکانی شەریعەت بکات یان دژایەتی یاسای گشتی دەوڵەت بکات.

دوای ئەمانە "عەقڵەکان" و "ئەزموونە مرۆییەکان" ئەرکی ئەوەیان دەخرێتە سەر کە ئامرازو هۆکاری گونجاو بۆ ئەو بنەما گشتیانە بدۆزنەوە.. [1].

---

[1]) ئیکرام کەریم: دەروازەیەك بۆ زانستەکانی قورئان ١٠٨ - ١١٢، بەدەستکارییەوە.

٣_ بوونی فەلسەفەی ورد لە هەر یەك لەو یاسایانەدا: وتمان ئیعجازی قورئـان لەوەدایـە كـە لـەبواری یاسادانانـدا موعجیزەیـە و (یاساكانی هەمەلایەنن) و (هێڵە سەرەكییەكانی پرسە گەورەكان) دادەنێت و مرۆڤەكانیش لە فەلسەفەی هەندێ ئەو یاسایانە ئاگادار دەكاتەوە. بۆ نمونە: خوای گەورە دەفەرموویّت: ﴿ وَلَكُمْ فِي الْقِصَاصِ حَيَاةٌ يَاْ أُولِيْ الأَلْبَابِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴾ البقرة: ١٧٩. لە تۆڵە سەندنەوەدا ژیان دەستی خەڵكی دەكەوێت ئەی خاوەن جەوهەرەكان. كەواتە هۆی پێویست كردنی "تۆڵە" پەرژینكردن و پاراستن و دەستەبەركردنی ژیانە بۆ خەڵك وەك دەڵێین: "جەنگ لە پێناو ئاشتیدایە".

یاساو ڕێسای قورئان بە درێژایی سەردەم و ڕۆژگارەكان بەسەر هەموو یاساو ڕێسا دەستكردەكانی مرۆڤ سەركەوتنی بەدەستهێناوە، ئەو یاسا دەستكردانەی كە زادەو بەرهەمی تواناو لێهاتووە سنوردارەكانی مرۆڤن لە بەرامبەر تەنها دانە یاسایەكی قورئان بەراورد ناكرێت، چونكە یاساو ڕێسایەك كە سەرچاوەی گرتبێت لە زانستی بێ سنوری خواوە، ئەوا هەرگیز ناچێتە پێودانگەوە لەگەڵ ڕێسایەك كە كانگای هەڵقوڵانی بریتی بێت لە بیرو ئاوازی تەسك و هێزی لەبن هاتووی بەندە.

موعجیزەی قورئان هەر لە سروشتی یاساو ڕێساکانیەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە هەموو یاسایەکی لەوپەڕی وردەکاری دایە.

بۆیە (ئیبن روشد) [1] دەڵێ: یاساکانی پێشوو لە خودی خۆیاندا موعجیزە نەبوون، چونکە ئەو پێغەمبەرەی کە ڕەوانە دەکرا بۆ لای گەلەکەی، دەبوایە ئەو بەرنامەیەی کە پێی بوو لە ئاست هێزو توانای ئەواندا بێت، موعجیزەکانی پێشووی پێغەمبەران لە دەرەوەی ئەو یاسایانە بوون کە هێنابوویان، واتە: ئەو بەرنامەیەی کە هێنابوویان خۆی لە خۆیدا موعجیزەو دەرئاسا نەبوون، بەڵکو خوای گەورە چەند موعجیزەیەکی تری پێ دابوون تا پێغەمبەرایەتیان پێ بسەلمێنن، وەك: موعجیزەی پێغەمبەر موسا (سڵاوی خوای لێبێت) کە لەو بوارەدا بوو کە خەڵکەکە جادوویان تێدا، و موعجیزەی پێغەمبەر عیسا (سڵاوی خوای لێبێت) لە بواری پزیشکی کە گەلەکەی دەستێکی باڵایان تێدا هەبوو و بەم شێوەیە... .

بەویستی خوا لێرەدا بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە ئەوا چەند نمونەیەکی تر پێش چاو دەخەین:

---

[1] موسوعة المفاهيم الأسلامية: وزارة الأوقاف المصرية، مجلس الأعلى للشؤن الإسلامية، لە بەرنامەیەکی ئەلیکترۆنی وەرگیراوە.

**یەکەم: خوای گەورە دەفەرموێت:** ﴿ وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ ﴾ النور: ٣١. **واتە: بە ئافرەتانی ئیماندار بڵێ: چاویان بپارێزن (لە تەماشای نامەحرەم) داوێنی خۆیان بپارێزن لە گوناه و جوانی خۆیان دەرنەخەن جگەلەوەی کە دیارە (وەك دەم و چاو و دەست) با سەرپۆشەکانیان بدەن بەسەر سینەو ملیاندا.**

**پێغەمبەر ﷺ لەبارەی خۆداپۆشینی ئافرەتەوە دەفەرمووێت:** (نساء كاسيات عاريات مائلات مميلات رؤوسهن كأسنمة البخت المائلة لايدخلن الجنة ولا يجدن ريحها) ئەبو داود گێڕاویەتیەوە. **لێکۆڵینەوە زانستییەکان سەلماندویانە کە ڕووتی و بێ پۆشتەیی ئافرت دەبێتە ئاشوب و بەسەر خۆیدا دەشکێتەوە، ئامارەکانی ئێستا ئاماژەیان داوە بۆ بڵاوبوونەوەی پەتای شێرپەنجە (سەرەتان)ی ناپاك لەو بەشانەی کە پۆشتەنەکراون لە جەستەی ئافرەتان، بەتایبەت ئەو ئافرەتانەی جلی کورت لەبەر دەکەن، گۆڤاری پزیشکی بەریتانی دەڵێت: شێرپەنجەی ناپاك و پیسی (الميلانو الخبيثة) یەکێکە لە دەگمەنترین جۆرەکانی شێرپەنجە کە ئێستا لە زیادبووندایە، ژمارەی کچە توشبووەکان کە لە تەمەنی سەرەتادان بەردەوام ئێستا لە زیاد بووندایە و تووشی پێیەکانیان دەبێت. و هۆکاری سەرەکی**

بـەربلاْوبوونی ئـەو شـێرپەنجە پیسـە بریتییـە لـە بـەربلاْوبووی پۆشتەی کورت کە بۆ ماوەیـەکی زۆر لـە سـالْدا جەسـتەی ئـافرەت دەخاتـەڕوو بـۆ تیشـکی ڕۆژ، و گـۆرەوی تـەنك و نـایلۆن لـە دەسـت نادەن بۆ پاراستنی لەو پەتایە[1].

پزیشـکان داوایـان کـرد بـۆ ئـەوەی بگـەڕێن بـۆ کۆکردنـەوەی زانیاری لەبارەی ئەو نەخۆشیە کە خەریکە ببێتە بە ئاشوب، ئەمە ئەو فەرمایشتەی پـەروەردگارمان بـیر دێنێتـەوە: ﴿ وَإِذْ قَالُواْ اللَّهُمَّ إِن كَانَ هَذَا هُوَ الْحَقَّ مِنْ عِندِكَ فَأَمْطِرْ عَلَيْنَا حِجَارَةً مِّنَ السَّمَاءِ أَوِ ائْتِنَا بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴾ الأنفال: ٣٢. واتە: یادی ئەو کاتـە بکـرەوە کـە بێبـاوەڕان وتیـان: خوایـە ئەگـەر ئـەم دیـن و بەرنامـە و قورئانـە ڕاسـتە، لەلایـەن تۆیشەوە ڕەوانەکراوە، ئەوا بەرد لە ئاسمانەوە ببارێنە بەسـەرماندا یان بەلاْو سزایەکی بە ئێشمان بۆ بهێنە.

ئـەو سـزایە بەئێشـە یـان بەشـێك لـەو سـزایە لـە شـێوەی شـێرپەنجەی پـیس کـە پیسـترین جۆرەکـانی شـێرپەنجەیە بلاْوبووەتەوە، ئەم نەخۆشیە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە جەسـتە بکەوێتـە بـەر تیشـکی خـۆر و تیشـکی سـەرووی وەنەوشـەیی بـۆ ماوەیەکی زۆر، ئـەوەی تێبینـی دەکـرێ ئەوەیـە کـە تووشـی هـەموو

---

[1] یویسف الحاج أحمد: موسوعة الاعجاز العلمي في القرآن الکریم و السنة المطهرة ١٩٢_١٩٤، بەکەمێك دەستکارییەوە.

(یــان زۆربــەی) لاشــە ڕووتــەکانی (کــەناری دەریــا) دەبێــت بەڕیژەیــەکی جیــا جیــا کــە لــە ســەرەتادا شــوێنێکی بچــوك دەردەکەوێت کە زۆر بچوکە زۆربەی کات لەسەر قاچ یان پێ و هەندێ کات لە چاودا دەبێت، پاشان دەست بەبڵاو بوونەوە دەکات بە هەموو ئاراستەکانی لاشە، لەگەڵ ئەوەی زیاد دەبێت و گەشە دەکات لەو شوێنەی کە سەرەتا لێیەوە سەری هەڵداوەو هێرش دەکاتە سەر لیمفە گرێیەکانی سەر ڕان و پاشان هێرش دەکاتە سەر خوێن و لە جەرگدا نیشتەجێ دەبێت و تێکی دەشکێنێت و لەناوی دەبات. دەکرێ لە هەموو ئەندامەکاندا جێگیر ببێت لەوانە ئێسقان و ورگ و بەتایبەتی گورچیلەکان و جاری وا هەیە لە پاش هێرش کردنەکەی بۆ سەر گورچیلەکان خوێنی ڕەش بە دوای میزدا دێت. و لەوانەیە بگوازرێتەوە بۆ منداڵ کە لە سکی دایکی دایە، ئەمەش ئەنجامی هێرشی ئەو نەخۆشییە لەناوبەرەیە. لێرەوە دانایی ڕێسادانانی ئیسلام دەردەکەوێت لەبارەی خۆ پۆشتەکردن بە جلی بەرین کە هەموو لاشە دابپۆشێت جگە لە دەست و دەم و چاو، نەك بە جلی تەسك و تەنك[1].

---

[1]) عبدالرحمن سعد صبي الدين: آيات الاعجاز العلمي من وحي الكتاب والسنة ٢٦٨. و يوسف الحاج أحمد، موسوعة الاعجاز العلمي في القرآن الكريم و السنة المطهرة ١٩٤، بەکەمێك دەستکاریەوە.

**دووەم: لە بارەی تۆقەکردنی ئافرەت و پیاو، خوای گەورە دەفەرموویت:** ﴿ قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ذَٰلِكَ أَزْكَىٰ لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ ﴾ النور: ٣٠. **واتە: (ئەی پێغەمبەر ﷺ) بە پیاوانی ئیماندار بڵێ: چاویان بپارێزن (لەسەرنجدانی ئافرەتی نا مەحرەم) و ناموس و عەورەتی خۆیان لە حەرام بپارێزن، بێگومان ئەمە پاکترو پوختترە بۆیان (بۆ دڵ و دەروون و ڕواڵەت و ڕۆح و لاشەیان) بەڕاستی خوا ئاگادارە بەو هەڵسوکەوت و ڕەفتارانەی کە دەیکەن.**

**پرسیارکرا ئایا چی تێدایە ئەگەر ئافرەت و پیاو تۆقەیان کرد؟!.**

**شێخ زندانی وەڵامی دایەوەو وتی[1]: زانستی توێکاری (تشريح) دەڵێ: پێنج ملیۆن خانە هەن کە ڕووی لاشە دادەپۆشن... هەر خانەیەك لەو خانانە هەستەکان دەگوازێتەوە، جا ئەگەر جەستەی پیاو بە بەر جەستەی ئافرەت کەوت ئەوا پەیوەندییەکیان لە نێواندا دێت و دەڕوات کە شەهوەت و ئارەزوو هەوەس دەجولێنێت ... و پێغەمبەر ﷺ دەفەرموویت:** (اني لا أصافح النساء ولكن قولي لأمرأة قولي لمئة امرأة) **واتە: من تەوقە**

---

**[1] يويسف الحاج أحمد: موسوعة الاعجاز العلمي في القرآن الكريم و السنة المطهرة ١٩٥_١٩٦.**

لەگەڵ ئافرەتان ناکەم، بەڵام وتەی من بۆ یەك ئافرەت بۆ سەد ئافرەتە. ئەمەشی خستە سەر و وتی: زانستی توێکاری (تشریح) باسی هەستەکانی بۆنکردن دەکات، کە بۆنکردن بەشێوەیەك پێکهاتووە کە پەیوەستە بە دەزگای شەهوەت و ئارەزووەوە، ئەگەر پیاو یان ئافرەت هەستی بە هەندێ لە بۆن کرد ئەوا دەچێتە ناو دەمارەکانی ئارەزوو شەهوەتەوە... بەهەمان شێوە بیستن پەیوەستە بە دەزگای ئارەزووەوە، ئەگەر پیاو یان ئافرەت جۆرێکی ئاوازی تایبەتیان بیست هەروەك ئەوەی هەندێ قسەی پەیوەندیدار بەو شتەیان بیست یان نەرم و نیانی و لەنج و لاری لە قسەی ئافرەتدا ئەوا ئەمە هەمووی دەگوازرێتەوە بۆ دەزگای بیستن. ئەمە قسەی ئەو زانا مادیانەیە بە هەموو دەزگاو ئامێرەکانیانەوە لەوبارەیەوەو ئێمەش دەڵێین پاك و بێ گەردی بۆ خوا کە پیاوان و ئافرەتانی ئیماندار پاراستووەو دەرگاکانی شەیتانی لەسەر داخستوون. خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ ..فَلَا تَخْضَعْنَ بِالْقَوْلِ فَيَطْمَعَ الَّذِي فِي قَلْبِهِ مَرَضٌ ﴾ الأحزاب: ٣٢. واتە: قسە بە ناسکی و بەشێوەیەك مەکەن، نەوەك ئەوەی دڵی نەخۆشە بووروژێت و نیازی خراپ بکات، هەمیشە و بەردەوامیش قسەی چاك و بەجێ بکەن.

**سێیەم: زەکاتدان:** ڕیشەو وشەی زەکات لە (زکی یزکو) هاتووە کە بەسێ مانا دێت[1]:

أ_ (طَهَرَ) پاك بووەوە: خوای گەورە لەم بارەیەوە دەفەرموویت:﴿ قَدْ أَفْلَحَ مَنْ زَكَّاهَا ﴾ الشمس: ٩.

ب_ (نما و زاد) گەشەی کردو زیادی کرد: هەروەك دەوترێت گژوگیاو شینایی و دانەوێلە یان بازرگانیەکە گەشەو زیادی کرد.

ج_ (صلح) چاك بوو. کەواتە وشەی زەکات لە زمانەوانیدا بە هەرسێك ماناکانی دێت: پاکبوونەوەو گەشەکردن و چاکبوون. لە ڕاستیدا ئەم سێ مانایەش هەر سێکیان پێکەوە پەیوەستن، چونکە هیچ شتێك بەبێ پاکسازیی و چاکسازیی گەشەو نەش و نوما ناکات.

لە زاراوەی شەرعدا: ئیمامی (نەوەوی) وتویەتی زەکات: ناوە بۆ وەرگرتنی ئەندازەیەکی تایبەت، لە ماڵێکی تایبەت، بەگوێرەی چەند مەرجێکی تایبەت کە هەیەتی، بۆ کۆمەڵێکی تایبەت[2].

---

(1) إمام النووی: المجموع شرح المهذب ٦/٣٣٠. و د. مصطفى الخن وآخرون: الفقه المنهجي على مذهب الامام الشافعي ١/٢٧٠، ٢٧١. و على باپير: خواپەرستی ئیسلامی لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سوننەتدا ٣/٣٨.

(2) إمام النووی، المجموع شرح المهذب ٦/٣٣٠. و د. مصطفى الخن وآخرون، الفقه المنهجي على مذهب الامام الشافعي ١/٢٧١.

خاوەنی (فقه السنة) بەو شێوەیە پێناسەی کردووە:(زەکات ناوە بۆ ئەو شتەی کە مرۆڤ دەری دەکات لەماڵی خۆی، ئەو شتەش مافی خوای گەورەیە بۆ هەژاران، ناونراوە بە زەکات لەگەڵ بوونی هیوای بەرەکەت و پاك کردنەوەی دەروون و گەشەپێ کردنی بە خێرو خێرات، چونکە وشەی زەکات لە (زکا)ەوە هاتووە کە مانای گەشەکردن و خاوێنی بەرەکەتە، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِمْ بِهَا﴾ التوبة: ١٠٣. واتە: وەربگرە لە دارایی و ماڵیان بەشێك لە خێرو صەدەقە بۆ ئەوەی پاکیان بکەیتەوە پێی لە تاوان و گەشەیان پێبدەی[1].

خوای گەورە لەبارەی زەکات دەرکردن لەماڵ و سامان دەفەرمووێت:﴿ وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَارْكَعُوا مَعَ الرَّاكِعِينَ ﴾ البقرة: ٤٣. واتە: ( نوێژەکانتان بەچاکی ئەنجام بدەن بەدروشمەکانیەوەو زەکاتیش بدەن، لەگەڵ کرنووش بەراندا کرنووش ببەن _ بۆ پەروەردگارتان _).

زەکاتدان سێیەم بنچینەیە لە بنچینەکانی ئیسلام، کە ئایەتی زۆری لەبارەیەوە هاتوون کە لە سی ئایەتدا زیاتر دووبارە بووەتەوەو فەرمانیش کراوە بەجێبەجێ کردنی هاوشان لەگەڵ نوێژدا. ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە کەم کردنەوەی ڕەگەزە لەکار

---

(1) سید سابق: فقه السنة ١/٥٣٤.

کەوتووەکان و نەهێشتنی بێکاری و چاك دابەش کردنی داهات و سەرمایە[1].

زەکات یەکەمین دەزگاو دامەزراوەیە لە مێژوودا بۆ لێپرسراوێتی دەستەبەرکردنی کۆمەڵایەتی: بەم پێیە زۆر بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێت زەکات بەو شێوەیەی کە ئیسلام دایڕشتووە، بریتیە لە یەکەمین دامەزراوە بۆ دەستەبەرکردنی لێپرسراوێتی کۆمەڵایەتی، ئەگەر لێپرسراوێتی کۆمەڵایەتی لە خۆرئاوا نەناسرا بێت تا ئەو ڕۆژگارە وێنەیەکی نەبوو بێت تا ساڵی ١٩٤١ ئەو کاتەی کە بەریتانیاو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کۆبوونەوە لە بەڵێننامەی ئەتلەنتی لەسەر پێویستی دەستەبەرکردنی لێپرسراوێتی کۆمەڵایەتی بۆ تاکەکان، ئەوا لێپرسراوێتی کۆمەڵایەتی لە مێژووەکەماندا بە شەریعەت و بەرنامە و جێبەجێ کاری دەستی پێکرد هەر لە بەرەبەیانی هەڵهاتنی خۆری ئیسلام[2].

چەند سوودێکی زەکات بە پوختی: بە ڕاستی ئەستەمە لێرەدا بتوانین سوودەکانی زەکات بخەینەڕوو و توانای ماف پێدانی

---

(1) د. أحمد مصطفى متولي: الموسوعة الذهبية في اعجاز القرآن والسنة النبوية ٢٣٤. بەدەستکارییەوە.

(2) د. يوسف القرضاوي: الزكاة و دورها في علاج المشكلات الاقتصادية و شروط نجاحها ٣٤.

تــەواوی ئــەوەمان نییــە، بۆیــە هــەر بــە کــورتی چــەند ســوودێك دەخەینە پێش چاو[1]:_

١_ پێویستی هـەژارو نـەداران دابـین دەکـات، کـە هەمیشـە لـە هەموو وڵاتێکدا زۆرینەن.

٢_ گەشە دەدات بە موسڵمانان و سەربەرزو بەهێزیان دەکات.

٣_ دەبێتـە هـۆی نەهێشـتنی ڕق و کینـە لـە دڵـی هـەژاران و نەداران لە بەرامبەر دەوڵەمەندان، ئەگـەر دەوڵەمەنـدەکان بەشـێك لەپارەی خۆیان بدەن بە هەژاران_ کـە لـە ڕاسـتیدا مـافی هەژارانـە بەســەر دەوڵەمەنــدەکان (ئــەوا دەبێتــە هــۆی دروســت بــوونی خۆشەویستی و تێکەڵاوی).

٤_ مــاڵ و دارایــی و ســەروەت و ســامان بــە پیــت و پێــزو بەرەکەتـدار دەبێـت و گەشـە دەکـات، هـەروەك لـە فەرموودەیـەکی ڕاسـت و دروسـتدا دا هـاتووە: (ما نقصت صدقة من مال) واتـە: هـیچ ماڵێك بە بەخشین کەم ناکات. ئەگەر بە ژمارەش مـاڵ و داراییەکـە کـەمی کـرد ئـەوا پیـت بەرەکـەتی زیـاد دەبێـت و دوارۆژ چـاکتری پێدەدرێت.

(١) هەمان سەرچاوە ٩_ ٥٦. و د. أحمد مصطفى متولي، الموسوعة الذهبية في اعجاز القرآن والسنة النبوية ٤٩٥، ٤٩٦. بەدەستکارییەوە.

٦_ دەبێتە هۆی نەهێشتنی کەڵەکە بوونی پارەو دارایی لە دەستی چەند کەسێکدا.

٧_ دەبێتە هۆی دووبارە دابەش بوونەوەی داهات و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگا.

٨_ بێ کاری ناهێڵێت، هەر خاوەن پیشەیەك ئەندازەی پێویستی پێدەدرێت بۆ دووبارە بوژانەوەی کارەکەی.

## چوارەم: چەند دیمەنێك لە ئیعجازی زانستی لە قورئاندا:

### ١_ مرۆڤ

بوونی مرۆڤ لەم جیهانە و دروست بوونی سەراپای بوونەوەر تەنیا ئاکامی چەند ڕووداوێك یان بەرهەمی سروشتێکی ڕێکەوت نین. ئەم بوونەوەرە هەموو دانە ئەتۆم و گەردیلەیەکی بانگمان دەکات و بۆمان دەسەلمێنێت کە " بەدیهێنەرێکی میهرەبان و بە بەزەیی و خاوەن توانست" لە پاڵ ئەو بوونەوەرەیە، بۆیە هەموو ئەم شتانە داوامان لێدەکەن دان بنێین بە بوونی خوای بەدیهێنەر کە خاوەنی ناوی جوان و سیفاتی بەرزو پیرۆزە[١].

مرۆڤ وەك شاگوڵی باغی بونەوەرو جوانترین بەدیهێنراوی پەروەردگار، ڕازاوەترین ئاواز لە ناو کۆرسی صەدای بووندا، خۆی لە خۆیدا جیهانێکی بچوکە و ئاوێنەی درەوشانەوەی ناوە پاك و چاك و سیفەتە بەرزو پیرۆزەکانی خوای گەورەیە، لەوپەڕی جوانی و بە توانستێکی دەرئاسا بەدیهێنراوە، لەو بارەوە خوای زانا و دانا دەفەرموێت: ﴿ لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ ﴾ التين: ٤. واتە: بە

---

[١]) د. مۆریس بۆکای، قورئان و زانستی نوێ ٦٩، بەدەستکارییەوە.

**ڕاستی ئێمە مرۆڤمان لە جوانترین شێوەو ڕێك و پـێکترین شـێوازدا دروست کردووە لە هەموو ڕوویەکەوە.**

**ئـەم ئایەتـە پـیرۆزەش ئـەوە دەگەیـەنێت کـە بـەدیهێنراوێك شـایانی ئەوەیـە ببێـت بـە جێنیشـین لەسـەر زەوی کـە لەوپـەری ناوازەیی و ڕێك و پێکی و قەشەنگی بەدیهێنرا بێت.**

**مرۆڤ خاوەنی ژیری و عەقڵە، ئەرکی جێنیشینایەتی لەلایـەن پەروەردگار پێبەخشراوە، زانیاریەکی زۆری پێدراوە لەلایـەن خـوای گەورەوە، مێشکێکی زۆر بەهێزو بە پێزی تێـدا بـەدیهێنراوە، بۆیـە شـایەنی ئـەوە بـوو بکرێـت بـە جێنیشـینی خـوا لەسـەر زەوی، و ئەرکی ئـاوەدان کردنـەوەی زەوی پـێ ببەخشـرێت، هـەروەك خـوای گەورە دەفەرموێت:** ﴿ وَعَلَّمَ آدَمَ الأَسْمَاء كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى الْمَلاَئِكَةِ فَقَالَ أَنبِئُونِي بِأَسْمَاء هَـؤُلاء إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ﴾ البقرة: ٣١. **واتـە: (ئینجا ئادەمی دروستکرد، پاشان ویستی توانـا و لێهاتووی بـۆ فریشـتەکان ڕوون بکاتەوە) ناوی هەرچی پێویستی دەوروبەر هەیە فێـری کـرد، لـەوەودوا بـە فریشـتەکانی ڕانوانـد و پێـی فـەرموون: ئـادەی ئێـوە ناوی ئەو شتانەم پێ بڵێن ئەگـەر ڕاسـت دەکـەن (و توانـای ئـاوەدان کردنەوەی زەویتان هەیە؟).**

**ئەم ئایەتە پیرۆزە هەمبانەی زانیاری مرۆڤمان بۆ دەردەخـات، بەشـێوەیەکی ئـەو تـۆ کـە توانایـەکی مـەعریفی تایبـەتی پێـدراوە**

بەشێوەیەك کە ئەم زانستە وای کرد مرۆڤ پێش فریشتە بکەوێت بۆ وەرگرتنی پلە و ئەرکی جێنیشینایەتی.

وەك ئەوەی خوای گەورە هێزێکی ئامادەباشی بە ئادەم (سلاوی خوای لێبێت) بەخشی کە بتوانێت ناو لە هەموو شتێك بنێت.

بەڕاستی ئەمە گەورەترین ئاماژەو نیشانەیە لەسەر گەورەیی و یەکتایی خوای گەورە، دانانی ئەم جۆرە تواناو هێزە دەرئاسایە لە مرۆڤدا مەگەر بەدەسەلاتی خوا بکرێت ئەگینا چۆن بە سروشتی کەرو لاڵ و ڕێکەوتی کوێر دەکرێت.

لێرەدا چەند لایەنێکی ئیعجازی لە جەستەی مرۆڤدا دەخەینە ڕوو:

خوای تاك و پاك لەهاوەڵ دەفەرموویێت: ﴿ كَلَّا لَئِن لَّمْ يَنتَهِ لَنَسْفَعاً بِالنَّاصِيَةِ، نَاصِيَةٍ كَاذِبَةٍ خَاطِئَةٍ ﴾ العلق: ١٥، ١٦. واتە: نەخێر سوێند بەخوا ئەگەر کۆڵ نەدات و کۆتای (بە دوژمنکاری نەهێنێت)، ئێمە پێشە سەری دەگرین (بۆ دۆزەخ کێشی دەکەین)، ئەو پێشە سەرە درۆزنە تاوانکارە.

لە ڕووی زمانەوانیەوە: السفع: بریتیە لە گرتن و پڕدانی شتێك بە دەست و ڕاکێشانی زۆر بە توندی بە هێزەوە. و الناصیة: پێشە سەرە، کۆیەکەشی (النواصی)یە[1].

---

[1] یوسف الحاج أحمد، موسوعة الاعجاز العلمي في القرآن الكريم و السنة المطهرة ١٥٨.

لـەڕووی زانسـتی: پـرۆفیسـۆر (کیـث ال مـور) لـە بـارەی ئـەم مـوعجیزە زانسـتیەوە دەڵێـت: ئـەو زانیاریانـەی ئێمـە لـە بـارەی پیشەی مێشکەوە دەیزانین بە درێژایی مێژوو نەك هەر نـەزانراوە، بـەڵکو بـاس و خواسیشـی هـەر نـەبووە، هیچیش لـەو بارەیـەوە لـە کتێبـە پزیشـکیەکانەوە دەسـتمان نەکـەوتووە، جـا ئەگـەر ئێمـە هەڵسـین بـە هێنـانی کتێبـەکانی سـەردەمی پێغەمبـەر ﷺ و هـی سەردەمانی دوای ئەویش بـە چـەند سـەددەیەك ئـەوا هـیچ باسـێك بەدی ناکەین کە باسی کاری پێشـە سـەرو نێوچـەوان بکـات و هـیچ ڕوونکردنەوەیەکمان دەست ناکـەوێت لەسـەر ئەمـە، هـیچ قسـەیەك لـەم بارەیـەوە نـەهاتووە تـەنها لـە قورئـانی پـیرۆزدا نـەبێت، کـە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو زانست و زانیاریە تەنها لە خوای پاك و بەرزەوەیە، کە زانایە بە هەموو شتێك، ئەمەش بۆ ئەوەیە شایەتی بـدات لەسـەر ئـەوەی کـە محمـد ﷺ نێـردراوی خوایـە. سـەرەتای پەیداکردنی زانیاری لەلایەن خەڵکەوە سەبارەت بـە پێشـە سـەر لـە ساڵی ١٨٤٢ز بوو، ئەمەش کاتێك زانـرا کرێکارێکی هێڵی ئاسنین دارێکی بـڕاو لـە نێوچـەوانی کـەوت و نێوچـەوانەکەی کـوون بـوو، ئەمەش کاری کـردە سـەر هەڵسوکەوت و ڕەفتـار و زیانیشـی نـەبوو بۆ سەر باقی کارەکـانی تـری جەسـتەکەی، پزیشـکان بـەر لـەو کاتـە بڕوایان وابوو ئەو بەشەی مێشکی مرۆڤ شوێنێکی بێدەنگـە و هـیچ

کارو پیشەیەکی نییە، ئینجا دەبێ کێ پێغەمبەری فێرکرد بێت کە ئەو بەشە لە پێشە سەر بریتیە لە ناوەندی ڕابەرایەتی مرۆڤ و گیانلەبەران و سەرچاوەو چاوگی درۆکاری و هەڵە بەرپاکردنە[1].

**خوای گەورە دەفەرموویێت:** ﴿ وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ إِذَا أَنتُم بَشَرٌ تَنتَشِرُونَ ﴾ الروم: ٢٠. **واتە: لە نیشانە و بەڵگەکانی خوا ئەوەیە ئێوەی لە خاك بەدیهێناوە، لەوەو دوا دوای بڕینی چەند قۆناغێك کتوپڕ بوونەتە مرۆڤێك و بڵاودەبنەوە بە زەویدا.**

**خوای گەورە دەفەرموویێت:** ﴿ وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ مِنَ الْمَاء بَشَراً فَجَعَلَهُ نَسَباً وَصِهْراً وَكَانَ رَبُّكَ قَدِيراً ﴾ الفرقان: ٥٤. **واتە: هەر ئەو زاتەیە کە لە ئاو مرۆڤ بەدیدەهێنێت (لەوەو دواش زۆربەی پێکهاتەی لەشی هەر ئاوە) و کردویەتی بەهۆی خزمایەتی (لە ڕێگەی پیاوەوە کۆمەڵێك خزم دروست دەبێت هەروەها لە ڕێی ئافرەتەوە کۆمەڵێك)، بێگومان پەروەردگاری تۆ بەردەوام دەسەڵاتی بێ سنورە (لە هەموو بوارێکدا).**

**لە ئایەتی یەکەم ئاماژە دەکات بۆ خوڵقاندنی مرۆڤ لە خاك و گڵ و لە ئایەتی دووەمدا بۆ ئاو ئاماژە دەکات، پاشان لە ئایەتی**

---

**[1] عبدالرحمن سعد صبي الدين، آيات الاعجاز العلمي من وحي الكتاب والسنة ٢٢٧. عبدالرزق أحمد، ئاشکرابوونی موعجیزەکانی قورئان و سوننەت لە سەردەمی نوێدا ٦١. بەدەستکارییەوە.**

سـێیەمدا دەفـەرموویێت: ﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ مِن سُلَالَةٍ مِّن طِينٍ ﴾ المؤمن: ١٢. قورِ له ئەنجامی تێکەڵ کردنی گڵ و ئاودا پێك دێت. بەم شێوەیە لـە ئایـەتی ڕابـردوو ئامـاژە دراوە بـۆ ئـەوەی کـە بنچینەی مـرۆڤ و پێکهاتـە و کـانزای سـەرەکیەکەی بریتیـە لـە گڵ و کـانزای ئەو زەوییە. توێژینەوە شیکردنەوەکان ئەوەمان دەست دەخەن کە: ئەگەر مرۆڤ بگەڕێنرێتەوە بۆ ڕەگەزە سـەرەتاییە بنچینەییەکانی، ئەوا دەگەیـنە ئەوە کە مرۆڤ لە کانگە دەچێت، کە (٢١) ڕەگـەز لـە پێکهاتەکانی دا بەژدارن، بەشێوەیەکی سـەرەکی بـۆ ئەمانـە دابـەش دەبن:

١_ ئۆکسـجین (o)، هایـدروج (h) لـە سـەر شـێوەی ئـاو بـە ڕێژەی ٦٥ % _ ٧٠ % لە کێشی لەشدان.

٢_ کـــاربۆن (c) و هایـــدرۆجین (h) و ئۆکســـجین (o) و پێکهاتە بنچیەییەکانی ئەندامەکان لە شەکرو چـەوری و پـرۆتین و فیتامین و هۆرمۆن پێکدێنن.

٣_ مادده وشکەکان، دەکرێت بۆ ئەو بەشانە دابەش بکرێن:

أ_ شـــەش مـــادده: کلـــۆر (cl)، کبریـــت (s)، فســـفۆر (p)، مـەگنیزیۆم (mg)، پۆتاسـیۆم (k) و صـۆدیۆم (na)، کـە هـەموو ٦٠ – ٨٠ % ماددەی وشك پێکدێنن.

ب_ شەش مادده بە پلەیەکی کەمتر: ئاسن (fe)، مس (cu)، یود (i)، مەگنیزیۆم (mn)، کوبالت (co)، توتیا (zn) و مولبیدیۆم (mo).

ج_ شەش ڕەگەز کە ڕێژەکەیان کەمێکە: فلۆر (f)، ئەلەمنیۆم (al)، بور(b)، سیلینیۆم (se)، کادمیۆم (cd) و کروم (cr). ئەم ڕەگەزانە:

یەکەم: لە بنچینەدا لە ئاو پێکدێن، بە ڕێژەیەکی زۆر، تا ئەندازەیەك کە مرۆڤ ناتوانێت ژیان بگوزەرێنێت زیاتر لە چوار ڕۆژ بەبێ ئاو، سەرباری ئەو توانایەی کە هەیەتی، ئەمەش بەسەر هەموو ژیاندارو زیندەوەران جێبەجێ دەبێت، پاك و پیرۆزی هەر بۆ خوای زاناو خاوەن توانا کە دەفەرموویت: ﴿ أَوَلَمْ يَرَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقاً فَفَتَقْنَاهُمَا وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ ﴾ الأنبياء: ٣٠.

دووەم: هەموو ئەو ڕەگەزانە لە خاك و گڵی زەویدا هەن، مەرج نییە کە هەموو ئەو پێکهاتانەی لە ناو گڵ و خاکدان لەناو پێکهاتەی جەستەی مرۆڤیشدا هەبن، زیاتر لە سەد ڕەگەز لە زەویدا هەن، کەچی دەکرێت بە ڕێژەی جیا جیا لە لاشەی مرۆڤدا هەبن، قورئان ئاماژەی بۆ کردووە: ﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ مِن سُلَالَةٍ

مِّن طِينٍ ﴾ المؤمن: ١٢. هەروەك لەوەدا ئیعجازێکی زانستی زۆر ئاشکراو ڕوونی تێدایه[1].

---

(1) د. أحمد مصطفى متولي، الموسوعة الذهبية في اعجاز القرآن والسنة النبوية ٢٦٩، ٢٧٠. عبدالرحمن سعد صبي الدين، آيات الاعجاز العلمي من وحي الكتاب والسنة ٢٣٠، ٢٣١. بەدەستکارییەوە. بۆ زیاتر قوڵ بوونەوە لە بارەی موعجیزە لە لاشەو پێکهاتەوە شانەو خانەکانی مرۆڤ سەیری ئەم سەرچاوانە بکەن: دوو سەرچاوەی پێشوو، و یوسف الحاج أحمد، موسوعة الاعجاز العلمي في القرآن الكريم و السنة المطهرة. و د. عبدالرحيم ماردينى، موسوعة الاعجاز العلمى في القرأن والسنة.

## ٢_ ئاسمان و زەوی

بۆچوونی هەربووی و بێ سەرتایی گەردوون پرسیارێکی فەلسەفی گرنگ دەوروژێنێت کە بۆچی ئەم ڕووداوانەی ئێستا ڕوودەدەن پێشتر ڕوویان نەدواوە؟، چونکە هەر گۆڕانێك ڕوودەدات دەبوایە پێشتر ڕووی بدایە لە گەردوونێکی بێ سەرەتادا، هەموو جوڵە و گۆڕانێك کە خولەك بە خولەك ڕوودەدات دەیسەلمێنێت کە گەردوون سەرەتای هەیە. پرۆفیسۆری ناسراوی فیزیا (ستیڤن هوکینگ) لە کتێبی (کورتە مێژووی کات) باس لە سەرەتای گەردوون دەکات و چۆنیەتی هاتنە بوونی هەموو گەردوون لە زۆر کەمتر لە چرکەیەکدا، پاشان بە چەند قۆناغێکدا ڕۆشتووە تا بۆتە ئەم شێوە گەردوونەی ئێستا. و لەلایەکی ترەوە زانستی ئەمرۆ کە پێی وایە هەموو گەردوون لە سەرەتادا یەك پارچە بووەو بەتەقینەوەیەکی گەورە[1] ئەم شێوەیەی ئێستای وەرگرتووەو بە تەواوی لەگەڵ فەرموودەیەکی تری قورئاندا دەگونجێت: ﴿ أَوَلَمْ يَرَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقاً فَفَتَقْنَاهُمَا وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاءِ كُلَّ

---

[1]) د. أحمد مصطفى متولي، الموسوعة الذهبية في اعجاز القرآن والسنة النبوية ١٣_١٥.
محمەد حەسەن، ئینسکلۆپیدیای ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا ١/٤١_ ٤٤.
بەدەستکارییەوە.

شَيْءٍ حَيٍّ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ ﴾ الأنبياء: ٣٠. بەڵێ کۆمەڵە زانایەکی زۆر سەرسامن لەوەی گەردوون بۆ بەم شێوەیەی ئێستا پەیدابووە، کێ دیاری کرد کە گەردیلەکان لە چەند جۆرە توخمێکدا ڕیز بن، پێشتریش پرۆتۆن و نیوترۆن و ئەلیکترۆنەکان بۆ دروستکردنی گەردیلەی توخمەکان بە چەند شێوەیەکی موعجیزە ئامێز ڕیز ببن؟ بەڵێ ئەو هێزە گەورەیەی کە ئەوەی خوڵقاندووەو لە پشت یاساکانی فیزیاوە دەوەستێت و یاساکانی فیزیاشی هەر لەگەڵ خوڵقاندنی بوونەوەردا [١] خوڵقاندووە: ﴿ بَدِيعُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ ... ﴾ الأنعام: ١٠.

کە تەماشای قورئانی پیرۆز دەکەین دەبینین لە زۆربەی ئەو ئایەتانەی باسی ئاسمان دەکەن، گرنگیان داوە بە شوێنی ئەستێرەکان، ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَلَا أُقْسِمُ بِمَوَاقِعِ النُّجُومِ، وَإِنَّهُ لَقَسَمٌ لَّوْ تَعْلَمُونَ عَظِيمٌ ﴾ الواقعة: ٧٥، ٧٦. واتە: سوێند بە شوێنی ئەستێرەکان (لە ئاسمانی فراواندا کە لەژمارە نایەن)، بێگومان ئەو سوێندە گەر بزانن سوێندێکی زۆر گەورەیە.

ئێستا زانایانی سەردەم گەورەیی ئەستێرەکان و شوێنەکانیان و دووریان بۆ دەرکەوتووە، ئەمەش گرنگی و گەورەیی ئەم ئایەتە دەردەخات. کاتێك زانستی گەردوونناسی لە سەدەی بیستەمدا ئەو

---

() گۆڤاری هەیف ژ ١٤ -١٥. بەدەستکارییەوە.

پێشـكەوتنە گەورەیـەی بەخۆیـەوە بینـی، شـتی گـەورەتری لـە شوێنگەی ئەستێرەكان (مواقع النجوم)دا دەرخست، ئێستا باسی تـر لە ئارادایە و لە هەندێك بیردۆزی زانستییەوە ئـەوە ڕوون بـووەوە كە ئەستێرەكان ئێستا ئێمە لە شوێنێكدا تێبینی دەكـەین بـەڵام لـە ڕاستی دا لـە شـوێنەكەیدا نـەماوە، بـۆ نمونـە ئەسـتێرەیەك كـە ٤ ساڵی ڕووناكی لێمانەوە دوور بێت، ڕووناكی هاتوو لـەو ئەسـتێرەیە ٤ سـاڵ دەخایـەنێت ئینجـا دەگاتـە ئێمـە و دەیبیـنین، واتـە: ئەستێرەیەك ساڵی ٢٠٠٨ ڕووناكی بۆ ناردووین ئێمـە لـە ٢٠١٢ بینیومانـە، كەواتـە ئێمـە لـە ٢٠١٢ شـوێنی ئـەو ئەسـتێرەیەمان بینیوە! ئەو ئەستێرەیە ئێستا لە شوێنی جارانی نـەماوەو چووەتە شوێنێكی تر، ئەم شوێن گۆڕییە خـۆی لـە خۆیـدا گـەورەیی شـوێنی ئەستێرەكان دەردەخات كە ئایەتەكەی سەرەوە ئاماژەی پێداوە(١).

فراوان بوونی گەردوون لە قورئانیشدا ئاماژەی پێدراوە، خوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَالسَّمَاءَ بَنَيْنَاهَا بِأَيْدٍ وَإِنَّا لَمُوسِعُونَ ﴾ الـذاریات: ٤٧. واتە: ئێمە ئاسمانمان بە دەستی توانستی خۆمـان دروسـت كـرد و بەردەوامیش گەورەو فراوانی دەكەین.

---

(١) گۆڤاری هەیف ژ ٧ و ٨. د. أحمد مصطفى متولي، الموسوعة الذهبية في إعجاز القرآن والسنة النبوية ١٠٦_١٠٩. بەدەستكارییەوە.

چەمك و زاراوەی ئاسمان لە زمانەوانیدا بریتییە لەوەی بەسەر سەرتەوەیە و لێت بەرزترەو سێبەرت لێدەكات و دادەپۆشێت. و لەزارەوەشدا: بریتییە لەو جیهانە بەرزەی كە دەیبینین و بەسەر سەرمانەوەیە بە هەموو ئەو پێكهاتانەی كە تێیدان لە كەهكەشان و گەلە ئەستێرەكان. لە ڕووی زانستیشەوە بریتییە لە: هەموو ئەو شتانەی كە دەوری گۆی زەویان داوە هەر لە پەردە هەوای دەورووبەری تا ئەو سنوورەی بوونەوەر كە تا ئێستا زانایان دركیان پێكردووەو نزیكەی سەد هەزار ملیۆن گەلەئەستێرەیان تێدا مەزەندە كردووە لە وێنەی گەلە ئەستێرەكەی خۆمان كە ناویان ناوە (سكة التبانة) یان (درب التبانة)، چوار سەد هەزار ملیۆن ئەستێرەیان هەژمار كردووە وەك خۆرەكەی ناو گەلە ئەستێرەكەمان، سەرباری ئەمەش ئەم بوونەوەرە بەردەوام لە فراوانبوون دایە[1].

ئەم فراوانبوونەی گەردوون یەكێك لە كەڵە زانایانی فیزیای خستە هەڵەوە، ئەویش زانا (ئەلبێرت ئەنشتاین) بوو، ناوبراو لە بیردۆزەكانی دا باسی لەوە كردووە گەردوون وەستاوە، تەنانەت لە یەكێك لە تیۆرەكانی دا نەگۆڕێكی ماتماتیكی هێنا گریمانەی كرد

(1) د. أحمد مصطفى متولي، الموسوعة الذهبية في اعجاز القرآن والسنة النبوية ٣٣. بەدەستكارییەوە.

که دەبێت گەردوون وەستاو بێت، لەگەڵ ئەوەشدا زانایانی ئیمانـدار بـە پشت بەسـتن بـە ئایەتـەکانی قورئـان باوەڕیـان وابـوو نابێـت و ناکرێت گەردوون وەستاو بێت، تا یەکێکی تـر لـە زانـا ناسـراوەکانی گەردووناسی بەناوی (ئەدوین هابل) هات و لە کۆتـایی بیسـتەکانی سەدەی ڕابردوودا هەستا بە تێبینی کردنی ئەستێرەکانی گـەردوون و بۆی دەرکەوت کە ئەستێرەکان لە تێکرای گەردووندا ئەو تیشکی ڕووناکیـەی دەینێـرن شـەبەنگێکی سـوورە، بـە ئاوێتـەکردنی ئـەم ڕاستییە لەگەڵ دیاردەیەك لـە فیزیـادا کـە پێـی دەوترێـت دیـاردەی دلۆپــەر گەیشــتە ئــەو ڕاســتیەی کــە ئــەم ئەســتێرانە و گەلــە ئەستێرانەی لـە دەورمانـدان لـە گەردوونـدا هـەموویان لێمـان دوور دەکەونــەوە، واتــە گــەردوون لەکشـاندایە، ئـەم زانایـە هەسـتا بـە بانگهێشت کردنـی ئەنشـتاین بـۆ سـەردانی ڕووانگـە (مرصـد)ەکەی، پاشان ئەنشـتاین بیروبـاوەڕی گـۆڕی و لـە کۆتـایی ژیـانی دا دەیـوت: یەکێك لەو هەڵانەی کە لە ژیانمدا تێی کەوتم ئەوە بـوو گـەردوونم بـە وەسـتاو دادەنـا، ئەمـەش ئاماژەیـەکی باشـە بـۆ فـراوان بـوونی گەردوون لەلایەن گەورە زانایانی فیزیاوە[1].

---

[1]) گۆڤاری هەیڤ ژ ٧ و ٨. د. أحمد مصطفى متولي: الموسوعة الذهبية في اعجاز القرآن والسنة النبوية ١٦. و د. عبدالرحيم ماردينى موسوعة الاعجاز العلمى في القرأن والسنة ٥٤_٥٨. بەدەستکارییەوە.

کاتێـك ئەسـتێرەکە لـە قۆنـاغی ژیانیـەوە دەچـێتە قۆنـاغی تــرەوە، وردە وردە هایدرۆجینەکـە سـەرف دەکـات و دەبێــت بــە هیلیـۆم، پاشـان ئـەویش سـەرف دەکـات و دەبێـت بـە ماددەیـەکی قورستر (وەك کاربۆن)، ئەویش سـەرف دەکـات تـا دەگاتـە قۆناغێـك ئەو ئەستێرەیە ماددەی ناوی دەبێت بە ئاسن، کە بوو بە ئاسن ئەو ئاسنە وزەیەکی زۆری دەوێت بۆ ئەوەی بتوێتەوە، کە ئـەم کـردارەو ئـەو کـرداری تواندنـەوە ئاسایی نییـە کـە لەسـەر زەوی دا هەمانـە، دەبێت ئەو کردارە بگاتە ناوکی ئـەتۆمی ئاسـنەکە و کـرداری ناوکـە یــەك بــوونی بەســەردا بهێنێــت و وزەی لێبــدات، بــەڵام هــیچ ئەستێرەیەك نییە بتوانێت ئەمە بکات. چونکە کاتێـك ئـەو ئاسـنە بەسەر نـاوکی ئەسـتێرەکەدا کەڵەکـە دەبێـت، ئـیتر ناگۆڕێـت و ئـەو ئەسـتێرەیە دەگاتــە قۆنـاغی کوژانــەوە و مــردن و فــەوتان. لێـرەدا دەبینین خوای گەورە لە قورئاندا ئاماژەی بەم ڕاستییە کـردووە: ﴿ إِذَا الشَّمْسُ كُوِّرَتْ ﴾ التكـوير: ١. واتــە: کاتێــك خــۆر دەپێچــرێتەوەو ڕوونـاکی نامێنێـت. ئـەم کوژانەوەیـە کاتێـك ڕوودەدات کـە مـاددەی ناو ئەسـتێرەکە دەگۆڕێـت بـۆ هیلیـۆم و کـاربۆن، دواتـر دەبێـت بـە ئاسن، ئیتر کوژانەوەو مـردن و فـەوتان لـە ئەسـتێرەکەدا ڕوودەدات، کــە بەکــەڵکی ژیــانی دەورووبەریشــی نایــەت، وەك زەوی کــە بەکوژانــەوەی خـۆر ئـەمیش دەمرێـت. ئـەم کەڵەکـە بـوونی ئاسـنە

توانای ئەو ئەستێرەیە ناهێڵێت و دیاردەیەکی لێ دروست دەکات بە نۆڤا (nova) و سوپەر نۆڤا (super nova) ناو دەبرێت، ئەمیش بەپێی بارستەی ئەستێرەکەیە، ئەم دیاردانە بریتین لە تەقینەوەی ئەستێرەکە کە ماددەیەکی ناوی فڕێ دەداتە دەرێ، ئەو هەسارە و کۆمەڵانەی لە نزیکی دان(وەك زەوی) بەهۆی هێزی کێش کردنەوە ئاسنەکەی دەگاتێ، زانایان زۆر بەچڕو پڕی لەم مەسەلەیەیان کۆڵیەوەتەوەو بۆیان دەرکەوت ئەو ئاسنە لە دەرەوەی زەوی خۆمانەوە هاتووە[1].

خوای زاناو خاوەن توانا لە یەکێك لە ئایەتەکانی تری قورئاندا کە ڕوویەکی تری ئاسمان و گەردوونمان بۆ دەردەخات دەفەرموێت: ﴿ وَالسَّمَاءِ ذَاتِ الرَّجْعِ ﴾ الطارق: ١١. لە ڕووی زمانەوانیەوە، الرجع: رجع یرجع رجعا، واتە (انصرف) کە بەواتای گەڕانەوە یان ڕۆیشتن دێت، وتراوە: (الرجع) بە واتای (محبس الماء) دێت، واتە: شوێنی گلدانەوەی ئاو یان ئەو بارانەیە کە جار لە دوای جار دەگەڕێتەوە یاخود بە مانای (ذات النفع) واتە: شتی بە کەڵك

(1) محمەد حەسەن، ئینسکلۆپیدیای ئیعجازی زانستی لەقورئان و سوننەتدا ١/٤١_٤٤. د. أحمد مصطفى متولي: الموسوعة الذهبية في اعجاز القرآن والسنة النبوية ٦٦، ٦٧. گۆڤاری هەیڤ ژ ٧ و ٨. بەدەستکارییەوە.

و سوود دێت، جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بە هەندێك ڕاستی زانستی بکەین:

١_ چینی یەکەمی بەرگە زەپۆشی زەوی ترۆپۆسفێر هەڵدەستێت بە گێڕانەوەی هەڵمی ئاو بەشێوەی باران بۆ زەوی، هەروەها گێڕانەوەی گەرمی بە شێوەی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن ($CO_2$) بۆ زەوی.

٢_ بەرگە زەپۆشی ڕووی زەوی وەك قەڵغانێك پارێزەری گەورە، زەوی دەپارێزێت لە هەموو ئەو تیشکە کوشندەو نەیزەکانەی کە ئەگەری بەرکەوتنیان هەیە بە زەوی، ئەوەش بە هۆی چینی پێنجەمی ئەو بەرگە زەپۆشە کە ستراتۆسفێرە.

٣_ چینی چوارەمی ئەو بەرگە زەپۆشەی گۆی زەوی سێرمۆسفێر یان ئایۆنۆسفێرە، کە شەپۆلە ڕادیۆییە کورت و ناوەندیەکان دەگێڕێتەوە بۆ زەوی، بۆیە سیفەتی ﴿ ذَاتِ الرَّجْعِ ﴾ دەیانگرێتەوە(١).

لە ڕووی زانستیەوە ئایەتی ﴿ ذَاتِ الرَّجْعِ ﴾ ئەو واتا زمانەوانیانەی پێشوو هەموو دەگرێتە خۆ، گەردووناسەکان ئەوەیان دەرخستووە چینی ترۆپۆسفێر یەکێکە لە چینەکانی

---

(١) گۆڤاری هەیف ژ ١٤ – ١٥. محمەد حەسەن : ئینسکلۆپیدیای ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا ١/٧٤، ٧٥. بەدەستکارییەوە.

بەرگــە زەپۆشــی زەوی هــەموو هەڵمــە دەرچــووەکان لــە ڕووی زەوییەوە بە شێوەی باران دەگێڕێتەوە بۆ زەوی لەمیانەی خولێکی بەردەوام کە بە خولی هەڵمبوونی ئاو دەناسرێت، لە هەمان کاتدا ئەم چینە سیفەتی ئاو گلدەرەوە (محبس الماء) وەردەگرێت، چونکە وەك خەزانێك یان تەنکیەکی پڕ لە ئاوی لێدێت کە ئەو بارانەی بەو شێوە ڕێك و جوانەی لێ دەبارێت ... ئاو کە سەرچاوەی گرنگ و تــوخمی ســەرەکییە بــۆ مانــەوەو بــەردەوامی ژیــانی مــرۆڤ و زیندەوەران، بارانیش لە سەرچاوە گرنگەکانی ئاوی سەر زەوییە، زۆر سەیرە! ئەو هەموو ئاوە چۆن بە ئاسمانەوە ڕاگیر کراوە؟! لە کاتێکدا ئێمەی مرۆڤ ناتوانین تەنها یەك سەتڵ ئاو یان تەنانەت یەك دڵۆپیش لە ئاو لەسەر ڕووی خۆمانەوە ڕاگیر بکەین، لەوەش سەیرتر! ئەو هەموو ئاوە چۆن و بەچ ڕێك و پێکی و سیستەمێکی جوان دێتە خوارەوە، دڵۆپ.. دڵۆپ.. یەك لە دوای یەك، ئەگەر ئەو باراناوە بە هەر شێوەیەکی تر بهاتایە خوارەوە، ئەوا دەبووە مایەی زیان و کاولکاری، بەشێوەی گۆزەی سەر بەرەو خوار بهاتایە خوار چی ڕوودەدا؟ بۆچی وا نایەتە خوار؟! ئەو یاسایە کامەیە کە بە دڵۆپ دڵۆپ و بەرێك و پێکی و یەك لە دوای یەك وەك کۆمەڵی سەربازی مەشقپێکراوی گوێڕایەڵ بۆ هەموو فەرمانێك، ئەو بارانە دەبارێنێت. لەمانەش سەیرتر ئەوەیە جار جار هەورەکان

دەگـرمێنن! وەك ئـەوەی سـرودی خـۆش بچـڕێنن، بروسـکەکانیش وەك فیشـەکی گـڕدارن و بـە ئاسمـانی خۆشـی و ئاوەدانیـدا گـوزەر دەکەن. زۆر سەیرە چۆن ئاو و ئاگر گۆرانی بـۆ ژیـان دەڵێن؟ و لـە کۆرسـی صـەدای بوونـدا ئـاواز دەچـنن!، چـونکە هـەورە بروسـکە بریتییە لە بارگەی کارەبایی جـێگیر (سـتاتیك)ی موجـەب و سـالب، کە بەخاڵی بوونەوەی ئـەو بارگـە کارەباییانـە دروسـت دەبێـت!. لـە هەمووش سەیرتـر ئەو بروسکە خۆیـەتی، ئـەو هـەورە بروسـکەیەی کەسانێك بێ سـوود یـان بـە زیانبەخشـی دەزانـن. ئایـا دەزانـن ئـەو بروسـکەیە چـی دەکـات؟! بـە هـۆی ئـەو بروسـکەیەوە ئۆکسـجینی هەواو نایترۆجین یەك دەگـرن و دووەم ئۆکسـیدی نایتریـت دروسـت دەبێـت، ئینجـا ئـەم نایتریتـە دەبێتـە دیـاری دەسـتی باراناوەکـە و لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێتە ناو زەویەوە، لە ناو زەویشدا ئەو نایتریتـە لەگەڵ توخمەکانی تری ناو زەویدا یەك دەگـرن و نیتراتـی کالسیۆم _ باشترین خۆراك و پـەینی زەوییـە _ پێکدەهێنن، ئـەی نابینیـت هەمیشە پیت و بەرەکەتی خاك بەردەوام پارێزراوە، ئەوە بـە هـۆی ئەو پەینە خواکردەوەیە کە لە یارمەتی و هاوکاری هەورە بروسـکە و باراناوو توخمەکانی ناو خاك دروست دەبێت، ئـەو هـەموو خێـرو بەرەکەتانەی لە نـاو زەوییـەوە دەردەچـن، وەك دیـاری دەسـتی ئـەو بارانــە و زەوی بـۆ ئێمـەی مـرۆڤ. دەبێـت چـۆنیەتی دروسـتبوونی

هەورەکانمان لە یاد نەچێت، جوڵە و گوێزانـەوەیان باسـێکی پـڕ لـە نهـێنی و زانیـاری سەرسـورهێنەرترە! و گەردووناسـەکان ئـەوەیان دۆزیوەتەوە کە چینی ستراتۆسـفێر چـەتری ئـۆزۆن لـە خۆدەگرێـت کـە ڕێگـری دەکـات لـە هاتنـە نـاوەوەی تیشـکی زیانبەخشـی وەك تیشکی سەرووی وەنەوشەیی، مەگەر بە بـڕی کـەم ئـەو کاتـە سـوود بەخش دەبێت، هەروەك لە ئینسکلۆپیدیای بەریتانیادا هاتووە(1).

لەم دواییانەشدا دەرکەوت کە زەوی لە حەوت چین پێکهاتووە و زیـاتر نـا، ئەمـەش بـە ڕاددەیـەك گومـان بـڕ بـوو کـە ئێسـتا لـە زانکۆکـانی ڕۆژئـاوادا دەخوێنرێـت. لـە ڕێـی پێوانـەکردنی بومەلەرزەکان و زانیاری بەدەستهێنان لە ڕێی لێکۆڵینـەوەی تیـۆری لەمەڕ کێڵگەی موگناتیسی زەوییەوە... هتد. پەییان بەمـە بـرد کـە گەردیلەش بە هەمان شێوە لـە حـەوت چـین و توێـژاڵ پێـك دێـت، ئەمەش زیاتر یەکێتی و یـەکگرتووی بوونـەوەر دووپـات دەکاتـەوە، کە ئەو سیسـتەمەی بەڕێوبـەری بوونـەوەرە هـەر هـەمووی یەکـە و زەویـش بـە هـەر هـەموو گەردیلەکانیـەوە حـەوت چـین و توێژاڵـە. دەسا با بزانین کتێبی خوای پاك و بەرز چی دەفەرمووێت:

---

(1) گۆڤار هەیف ژ ١٤ – ١٥. محمەد حەسەن : ئینسکلۆپیدیای ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا ٨٩_ ٩٦. و سەیری ئەم سەرچاوەیەش بکە: د. أحمد مصطفى متولي، الموسوعة الذهبية في إعجاز القرآن والسنة النبوية ٢١ _ ٢٧. بەدەستکارییەوە.

خوای گەورە لە دوو ئایەتی بەپێزدا ئاماژە دەدات بۆ حەوت چینەکانی ئاسمان و زەوی هەروەك دەفەرمووێت:

١_ ﴿ الَّذِي خَلَقَ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ طِبَاقاً ﴾ الملك: ٣.

٢_ ﴿ اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ وَمِنَ الْأَرْضِ مِثْلَهُنَّ ﴾ الطلاق: ١٢.

ئایەتی یەکەم دوو سیفەتی ئاسمانەکانی بۆ ئێمە دیاری دەکات، بریتین لە: ژمارەی ئاسمانەکان کە حەوتن[١] و شێوەکەیان کە ﴿ طِبَاقاً ﴾ واتە: قات قات و نهۆم نهۆم لەسەر یەکەوەن، ئایەتی دووەمیش جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی زەوی بە ئاسمانەکان دەچێ، بۆیە بەو شێوەیە دەری بڕییوە: ﴿ وَمِنَ الْأَرْضِ مِثْلَهُنَّ ﴾. کەواتە ژمارەی نهۆمەکانی ئاسمان و زەویش حەوت نهۆمە. لێرەدا هەڵوەستە دەکەین لەسەر ئەو فەرمایشتەی پەروەردگار ﴿ طِبَاقاً ﴾[٢].

لە لێکۆڵینەوەو توێژینەوەکانی دکتۆر زەغلول نەجار هاتووە: کە زانست ئەوەی دەرخستووە زەوی لە حەوت چین و قات پێك دێت کە ئەمانەن:

---

(١) د. أحمد مصطفى متولي، الموسوعة الذهبية في اعجاز القرآن والسنة النبوية ١٩_٢١. و سەیر ئەم سەرچاوەیەش بکە: د. عبدالرحیم ماردینی؛ موسوعة الاعجاز العلمی في القرأن والسنة النبوية الشريفة ٥٢، ٥٣. بەدەستکارییەوە.

(٢) عبدالرحمن سعد صبي الدين، آيات الاعجاز العلمي من وحي الكتاب والسنة ٣٣، بەدەستکارییەوە.

١_ كرۆكی ڕەقی ناوەكی: پێكهاتووە لە ناوكە ئاسنی بە هێـزو ڕەق بەڕێژەی (٩٠ %) و هەندێ لە ماددەی نیكل بە ڕێـژەی (٩ %) لەگـەڵ كـەمێ لـە ڕەگـەزە سـووكەكان وەك كـاربۆن و فسـفۆرو گـۆگردو سـلیكۆن و ئۆكسـجین بـە ڕێـژەی (١ %) كـە نزیكـە لـە پێكهاتەی نەیزەكی ئاسنین، و لایـەكی ئـەو كرۆكـە دەگاتـە نزیكـەی ٢٤٠٢كم، چڕییەكەی دەگاتە ١٠ تا ١٣,٥ گرام/سم٣.

٢_ كەمـــــەرەی دەرەكـــــی كرۆكـــــی زەوی: پشـــــتێنە و چوارچێوەیەكی دەرەكییە دەوری نـاوەرۆكی ڕەقەكـەی داوە، هـەمان پێكهاتـەی هەیـە بـەلام لـە حاڵـەتی توانەوەدایـە و ئەسـتورییەكەی مەزەندە دەكرێـت بـە ٢٢٧٥كـم، بـە هـۆی شـوێنێكی گوێزەرەوەی نیمچە تواوە كە ئەستورییەكەی مەزەندە دەكرێت بـە ٢٥٠كم كە بە بەشی خـوارەوەی ئـەو پشتێنە دادەنرێـت لـە ناوەرۆكـە ڕەقەكـە جیا دەكرێتەوە، ناوەرۆكی ڕەقی زەوی و پشـتێنەی دەوری نزیكـەی (٣١ %) لە پارچەی زەوی دەبن.

٣_ كەمـــەرەی نـــزم لـــە چـــینی زەوی (توێـــژاڵی نـــزم): پشـتێنەیەكی ڕەقــە دەوری توێــژاڵی دەرەوەی كرۆكــی زەوی داوە، ئەستورییەكەی دەگاتە نزیكەی ٢٢١٥ كـم (لـە قـوڵی ٦٧٠كـم تـا ٢٨٨٥كم دایە) ئەوەی جیای دەكاتەوە لە توێژاڵی سەرووی خـۆی)

بريتيه لەو پلەو ئاستە دابراوەی کە هی شەپۆڵە لەرزەکانە کە لە بومەلەرزەوە دروست بووە.

٤_ کەمــەرەی مامناوەنــدی لــە گەردانــەی زەوی (چــینی ناوەنــد): ئەمــەش پشــتێنەیەکی بــەهێزو ڕەقــە، ئەندازەیەکــەی دەگاتــە نزیکــەی ٢٧٠کــم، ئاســتەکانی پچــڕانی بــەهۆی لەرەکانــەوە دیــاری دەکــرێن، لایــەکی دەکەوێتــە ســەر قوڵــایی ٦٧٠کــم بەمــەش جیا دەبێتەوە لـە گەردانـەی خـواروو، لایەکـەی تـر دەکەوێتـە سـەر قوڵایی ٤٠٠کم و جیا دەبێتەوە لە گەردانەی سەروو.

٥_ کەمەرەی سەروو لە توێـژاڵی زەوی (چـینی سـەروو): ئـەم پشــتێنەیەی لــە پاڵیدایــە، نیمچــە تواوەیــە، خەســتی و چــڕی و لینجیەکـەی زۆر بـەرزە (ڕێـژەی تێیـدا لـە سـنووری _ ١ % _ کـە ناســراوە بــە پشــتێنەی لاوازی زەوی و درێــژ دەبێتــەوە لــە نێــوان قوڵـایی _ ٦٥ _ ١٢٠ کـم _ و قوڵـایی ٤٠٠کـم، ئەسـتورییەکەی لە نێوان ٣٣٥کم و ٣٨٠کم دایە، بۆچوونەکان وای بـۆ دەچـن کـە توێژاڵی زەوی تواوە بووە لە سەرەتای بەدیهێنانی دا پاشـان بـە پلـە بەندی دەستی کردووە بە ڕەق بوون، ئەمەش بە هۆی لەدەسـتدانی بەشێکی گەورە لە گەرمی زەوی بووە.

٦_ کەمـەرەی نزمـی بـەرگی بـەردینی زەوی: ئەسـتورییەکەی لە نێوان ٤٠ – ٦٠کم دایە (لە نێو قوڵای ٦٠ – ٨٠ کم).

٧_ کەمەرەی سەرووی بەرگی بەردینی زەوی (تویکڵی زەوی): ئەستورییەکەی لە نێوان ٥ – ٨ کم لە ژێر دەریا و زەریاکانەوەو لە نێوان ٦٠ – ٨٠کم لە ژێر کیشوەرەکانەوەیە، لە بنچینەدا پێکهاتووە لە ماددەی سووك وەك: سلیکۆن، صۆدیۆم، پۆتاسیۆم، کالسیۆم، ئەلەمنیۆم، ئۆکسجین، کەمێك لە ئاسن بەڕێژەی (٥٥. ٦ %) و هەندێ ڕەگەزی تر، ئەمە پێکهاتەی زاڵە لە توێژاڵی کیشوەرەکاندا کە گرانیت تێیدا زۆرەو بەردی گرانیتی لێیە، پێکهاتەی توێژاڵی ژێر دەریاو زەریاکان زیاتر بەردەکانی ماددەی بازلتەوە[1].

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَالصُّبْحِ إِذَا تَنَفَّسَ، إِنَّهُ لَقَوْلُ رَسُولٍ كَرِيمٍ ﴾ التكوير: ١٨، ١٩. واتە: سوێند بە بەرەبەیان کە پشووی تێ دێت، وەك زیندەورێك ئاهی تێدێتەوە و دەستدەکات بە هەناسەدان و ژیان و ڕووناکییەکەی دەردەکەوێت، بەڕاستی بێ دوودڵی ئەم قورئانە لە زاری نێر دراوێکی بەڕێزەوەیە (کە جوبرەئیلە).

هەروەك دیارە کرداری هەناسەدان لە گرنگترین کردارەکانی زیندوێتییە کە بوونەوەرە زیندووەکان پێی هەڵدەستن، مرۆڤ

---

() عبدالرحمن سعد صبي الدين؛ آيات الاعجاز العلمي من وحي الكتاب والسنة ٣٣. و د. أحمد مصطفى متولي: الموسوعة الذهبية في اعجاز القرآن والسنة النبوية ٢٣١، ٢٣٢. بەدەستکارییەوە.

هەڵدەستێت بە هەڵمژینی ئۆکسجین بۆ سییەکان و هاویشتنە دەرەوەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن، ئەمە کردارێکی زۆر گرنگە بۆ جەستە و هیچ مرۆڤێك ناتوانێت تەنها بۆ چەند خولەکێکیش بێ باکی خۆی دەرببرێت، ڕاوەستانی ئەو کردارە واتە پێش هاتنی مردن. جەستە سودێکی زۆر دەبینێت لە ئۆکسجین بۆ سوتاندن (شیکردنەوە)ی خۆراك و بەرهەم هێنانی ئەو وزەیەی ژیان دێنێتە کایە لە خانە و شانەکانی جەستە و ڕێکخستنیان، لە بەرەبەیانـدا لە دەمەو خۆر هەڵهاتندا (دەست دەکات) بە کرداری گازی کە لەوپەڕی گرنگی و ڕێککاریدایە کە کرداری پێکهاتن و ئاوێتە بوونی ڕووناکییە کە ڕووەکەکان هەڵدەستن بە هەڵمژینی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن[1] لە هەوادا و دەردانی گازی ئۆکسجین[2].

لە (٣٠ %) ئۆکسجین بوونی هەیە لە هەوادا کە ڕووەکەکانی سەر زەوی بەرهەمی دێنن، (٧٠ %) ئەوەی کە ماوەتەوە ئەویش هەر ڕووەکەکان و زیندەوەرە تاك خانەکان لە دەریاو زەریاکان بەرهەمی دێنن، جا ئەمە تێبینی ناکرێت بە چاوی ئاسایی، چونکە ئەم کردارە ئەنجام دەدرێت بە شتی بچوك و لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین دەرەنجامی کرداری ڕووناکی بەدی بکەین لە ماوەی

(١) گازێکی زیانبەخشە.

(٢) عبدالرحمن سعد صبي الدين: آيات الاعجاز العلمي من وحي الكتاب والسنة ٤١، ٤٢، بەدەستکارییەوە.

ئۆکسـجين کـه توانامـان پێدەبەخشـێت بـۆ هەڵسـان بـەکرداری هەناسـەدان و خـۆراك هـەرس کـردن کـه پارێزگـاری لـه ژیانمـان دەکـات. پێکهاتـەی ڕوونـاکی لـه سیسـتەمێکی ورد پێکهـاتووە کـه داتاشـراوە کیمیـاوی و یەکـه پێوانـەکان لەسـەر ئاسـتێکی تەسـك بەکاری دێنن، ئامادەکاری چاك لـەخۆی دەگـرێ. بـه مليـۆن مليـۆن لەو تاقيگه کيمياويانـه هـەن لـەو ڕووەکـه سـەوزانه کـه هەڵدەسـتن بەو کردارە، وێڕای ئەمه ڕووەکەکان ئۆکسجين دروست دەکەن ئێمه هەڵيدەمژين، هێزو وزەی لێ وەردەگرين، ئەم کردارە بـه ئەنـدازەی چەندين مليۆن ساڵه نەوەستاوە. ئەو جۆره دەربڕينـه: ﴿ إِذَا تَنَفَّسَ ﴾ بەڵگەيەکی ئاشکرايه له سـەر کـرداری نوانـدی ڕوونـاکی، ئـەوەش بەوەی که خوای گـەورە بەرەبـەيانی بـەکرداری هەناسـەدانی مـرۆڤ چـواندووە کـه ئەمـەش ئاماژەيـەکی ئاشـکرايه بـۆ پێويسـت بـوونی بەرهـەمهێنانی ئۆکسـجين هاوکـات لەگـەڵ هـەڵهاتنی خـۆردا، ئـەم دياردەيـەش جـەختی لەسـەر کراوەتـەوە بـەو سـوێندەی کـه خـوای گـەورە پێـی خـواردووە، چـونکه خـوا گەورەيـه سـوێند بەشـتێك دەخوات که گەورە بێت. هەروەك منداڵ که لەدايك دەبێـت سـەرەتا دەست دەکات بـه هەڵکێشان و وەرگرتنـی هەناسـه لـەکاتی گريانـدا،

جا هەناسەدان و وەرگرتن سەرتایەکن بۆ ژیان، بە هەمان شێوە ڕۆژ کاتێك لە دایك دەبێت بە هەناسەدان دەست پێ دەکات[1].

خوای گەورە لەبارەی درزەکانی زەوییەوە دەفەرمووێت: ﴿ وَالْأَرْضِ ذَاتِ الصَّدْعِ ﴾ الطارق: ١٢. واتە: سوێند بەزەوی کاتێك درزی تێدەکەوێت بەهۆی ڕووەکەوە.

زەوی بەرگێکی بەردینی دەرەکی هەیە، بەرگەکە دڕاوە بەهۆی درزو کەلێنی گەورەو زەبەلاحەوە کە بە درێژی و پانی درێژ دەبێتەوە بۆ سەدان کیلۆمیتر لە قوڵیدا کە نزیکەی ٦٥ و ١٥٠کم دێژ و پان دەبێت، ئەوە نامۆیە کە ئەو درزانە وا بەیەکەوە بەستراون هەر وا هەست دەکرێت کە یەك درزن. ئەم درزانە پێویستیەکن لە پێویستیەکانی زەوی کە وای لێکردووە دەست بدات بۆ ئاوەدان کردنەوە، ئەم درزانە لە بەرگی بەردینی زەوی دان، بەڵام درزێکی ئاسایی نین، چونکە لەو نێوانەدا جووڵە هەیە یا ئەوەتا بەشێوەی سەرەو ژوور یان ئاسۆیی. زەوی چەندین ڕەگەزی گڕگرتووی لە ناواخنی دایە، ئەگەر دەرچەیەکی دەست نەکەوێت بۆ دەردانی ئەو گەرمێتیە ئەوا وەك بۆمبێکی ناوەکی دەتەقێتەوە هەر لە ساتە وەختی یەکەم و لەو دەستپێکەوە خوای

---

[1] عبدالرحمن سعد صبي الدين: آيات الاعجاز العلمي من وحي الكتاب والسنة ٤٢، بەدەستکارییەوە.

گەورە سوێند بەو ڕاستیە کەونیە سەرسورهێنەرە دەخوات کە زانایان نەیان توانی ڕەهەندەکانی دیاری بکەن تا پاش جەنگی جیهانی دووەم، لێکۆڵینەوەکانیان بەردەوام بوو بۆ زیاتر لە بیست ساڵی یەك لە دوای یەك (١٩٤٥ ــ ١٩٦٥) ئینجا توانیان ئەو درزانە بە کاملی وێنە بکێشن[1].

خوای گەورە بەتایبەتی حەج و عومرەی لە مەککە پێویست و فەرز کردووە، لە ڕێزو پیرۆزی ئەو شوێنە ئەوەیە خوای گەورە تایبەتی کردووە بەوەی کە یەکەم شوێنێك بێت لەسەر زەوی پەروەردگاری تێدا بپەرسترێ[2]، و لە بەجێی گەیاندنی هەر دوو دروشمەکانیشدا. لە کاتی جێبەجێکردنی حەج و عومرەدا پێویستە لەسەر موسڵمان کە حەوت جار (کەڕەت) بە دەورەی کەعبەدا بسورێتەوە دەسپێك بە بەردە ڕەشەکەو کۆتایی هێنانیش هەر بەبەردە ڕەشەکە، ئەو سورانەوەو تەوافە بەپێچەوانەی میلەکانی

---

(١) عبدالرحمن سعد صبي الدين: آيات الاعجاز العلمي من وحي الكتاب والسنة ٤٤. و د. عبدالرحيم ماردينى، موسوعة الاعجاز العلمى في القرأن والسنة النبوية الشريفة ٩٥_٩٩. و د. أحمد مصطفى متولي، الموسوعة الذهبية في اعجاز القرآن والسنة النبوية ٢٤٣ _ ٢٥٠. بەدەستکارییەوە.

(٢) خوای پاك و بەرز لەم بارەیەوە دەفەرموویت:﴿ إِنَّ أَوَّلَ بَيْتٍ وُضِعَ لِلنَّاسِ لَلَّذِي بِبَكَّةَ مُبَارَكًا وَهُدًى لِلْعَالَمِينَ ﴾ آل عمران: ٩٦. واتە: (بەڕاستی یەکەم خانە و ماڵ و مەنزڵگەیەك کە بۆ خەڵکی دانرا لەسەر زەوی _ بۆ خواپەرستی _ ئەوەیە لەمەککەدایە، کە پیرۆزەو هیدایەت و ڕێنمووی بەخشە بۆ هەموو خەڵکی جیهان ).

کاتژمێر دەبێت، هەمان ئاراستەی سوڕانەوەی هەیە کە بوونـەوەر پێـدا دەڕوات هـەر لـە وردتـرین شـتەوە تـا گـەورەترین یەکـە، ئەلیکترۆن بە دەوری خۆیدا دەخولێتـەوە، پاشـان بـە دەوری نـاوکی گەردیلـەدا، بەهـەمان ئاراسـتەی تـەواف بـە پێچـەوانەی میلـەکانی کاتـژمێر دەسـوڕێتەوە، لـە نێـو هـەموو خانـە زینـدووەکان بـە شـێوەیەکی چـەماوەی و بازنـەیی خولانـەوە ئـەنجام دەدرێـت، پرۆتـۆپلازم دەجـۆڵێ بـە شـێوەی چـەماوەیی بەهـەمان ئاراسـتەدا، زەوی بەدەوری خۆردا و مانگ بە دەوری زەویدا، کۆمەڵەی خۆر بـە دەوری چـەقی گەلـە ئەسـتێرەدا، گەلـە ئەسـتێرە بـە دەوری چـەقی کۆمەڵەی گەلە ئەستێرە، کۆمەڵەی گەلە ئەستێرە بە دەوری چەقی بوونەوەردا (کە تـەنها خـوا زانایـە پێـی) بـە پێچـەوانەی میلـەکانی کاتژمێر دەسوڕێتەوە[1].

خوای مەزن لە بارەی گۆیی بوونی زەوییـەوە دەفـەرموویێت: ﴿ إِنَّ رَبَّكُمُ اللّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ يَطْلُبُهُ حَثِيثاً وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ وَالنُّجُومَ مُسَخَّرَاتٍ بِأَمْرِهِ أَلاَ لَهُ الْخَلْقُ وَالأَمْرُ تَبَارَكَ اللّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ ﴾ الأعراف: ٥٤. واتـە: بـێ

---

[1] عبدالرحمن سعد صبي الدين: آيات الاعجاز العلمي من وحي الكتاب والسنة ٤٤. و د. أحمد مصطفى متولي، الموسوعة الذهبية في اعجاز القرآن والسنة النبوية ٩٢١_٩٢٤. بەدەستکارییەوە.

گومـــان پـــەروەردگارتان (اللە)یـــە کـــە بەدیهێنـــەری ئاسمانـــەکان و زەوییـە لـە مـاوەی شـەش ڕۆژدا، پاشـان لەسـەر عـەرش و تـەختی فـەرمان ڕەوایـی وەسـتا، بـە شـەو ڕۆژ دادەپۆشـێت؛ لـە کاتێکـدا بـە شـێنەیی عەودالـە بـە دوایـدا، خـۆرو مـانگ و ئەسـتێرەکان (هـەر هـەموویان) بـە فـەرمانی خـوا کەوتوونەتـە گـەڕو و لـە فـەرمانی دەرناچن، ئاگاداربن و بزانن و تێفکرن کە: هەرچی بـەدیهێنان و بڕیاردانـە هـەر بـۆ ئـەوە، موبـارەك و پـیرۆزو گەورەیـە زاتـی (اللە) پەروەردگاری هەموو جیهانیانە.

قورئانی پیرۆز باسی خرێتـی زەوی کـردووە لـە سـەردەمانێکدا کـە نـەفامی و خوڕافیـات بـاوی سـەردەم بوونـە، خـوای گـەورە لـەو ئایەتـدا باسـی ئـەوە دەکـات کـە ڕۆژ عـەودالی شـەوە، بـەو واتایـەی بەبێ وەستان دوای دەکەوێت. و لـە ئایـەتێکی تـردا دەفـەرموێت: ﴿ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِالْحَقِّ يُكَوِّرُ اللَّيْلَ عَلَى النَّهَارِ وَيُكَوِّرُ النَّهَارَ عَلَى اللَّيْلِ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ يَجْرِي لِأَجَلٍ مُسَمًّى أَلَا هُوَ الْعَزِيزُ الْغَفَّارُ ﴾ الزمر: ٥. بەوشێوەیە خوای گەورە وەسفی شەو ڕۆژ دەکات کە لەسەر شـێوەی کەوانـــەیی (التکـویر) خـــولْقێنراون، جـا کاتێـك زانسـت پێشکەوت و مرۆڤ چووە بۆشایی ئاسمـان و زەوی بینـی و وێنەکـەی کێشا، بۆی دەرکەوت کە نیوەی ڕووناکدارەو نیوەی تریشـی تاریکـە. و خرێتی زەوی بۆ خەڵك دەرنـەکەوت لەکاتێکـدا لـە ئاسمانـدا زەوی

مەلەی دەکردو دەسوڕایەوە تا ڕوسیا مانگی دەستکردی یەکەمی ناردە بۆشایی ئاسمان کە ناوی (سبوتینك) بوو لە سوڕانەوەی بە دەوری زەوی دا لە ئۆکتۆبەری ١٩٥٧ز زانیان و توانیان بە هۆی ئامێرەکانی وێنەکێشانەوە وێنەی زەوی دەستبخەن کە هەبوون لە مانگی دەستکرد لە ساڵی ١٩٦٦ز کە ئەو مانگی دەستکردە (لونیك ٩) بە دەزگا پێشکەوتووەکانی لەسەر ڕووی مانگ هەڵنیشت، وێنەی بۆ وێسگەکانی پێشوازی کردن لەسەر زەوی نارد[1].

لێکۆڵەرێك لە زانستی بیرکاری کە دانیشتووی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبییە، گەیشتە هاوکێشەیەکی ژمێریای بلیمەتانە کە جەخت دەکاتەوەو پشتگیری موعجیزەی خوای پەروەردگار دەکات لە ڕاگەیاندنی بانگەوازی ڕاستی و حەقدا: بانگدان (آذان) بە درێژایی ٢٤ کاتژمێر ڕۆژانە، ئەم لێکۆڵەرە لە توێژینەوەکەی دا دەڵێت: ئەو بانگدانەی کە بانگەوازی ئیسلامە بۆ بەرپاکردنی پەرستشی نوێژ لە سەر هەر هەموو گۆی زەوی بەبەردەوامی لەسەر تەوەرەی کاتدا ناپچڕێت، هەر کە لە شوێنێك کۆتای هات لە

---

(1) عبدالرحمن سعد صبي الدين: آيات الاعجاز العلمي من وحي الكتاب والسنة ٥٠. و د. عبدالرحيم ماردينى، موسوعة الاعجاز العلمى في القرأن والسنة النبوية الشريفة ٤٩. و د. أحمد مصطفى متولي: الموسوعة الذهبية في اعجاز القرآن والسنة النبوية ٢٢٢_٢٢٥. بەدەستکارییەوە.

شوێنێکی تـر دەسـت پێـدەکات، لێکۆڵـەر (عبدالحمیـد فـازل) ڕاڤـەی تیۆرەکـەی کـرد کـە چـۆن زەوی دابـەش دەبێـت بـۆ ٣٦٠ هێـڵ و کاتیش دیاری دەکرێت لە هـەر هـەموو شـوێنەکانی دا، هـەر هێڵێـك بــە چــوار خولــەك لــەوەی تــر جــوێ دەکرێتــەوە، و بنچــینەی بانگـدانیش ئەوەیـە کـە لـە کـاتی خـۆی دەسـت پێبکـات و بـدرێت، پێویستیشە بانگبێژ (بانگدەر) بۆ چوار خولەك بە جوانترین شـێوە بە بەردەوامی بانگەکـە بـدات. بـۆ زیـاتر نزیـك کردنـەوەی وێنەکـە گریمان ئێستا بانگدرا لەلایەن هێڵی یەکەمـەوە و بـەردەوام بـوو بـۆ چوار خولەك، جا ئەگەر ئەو چوار خولەکە تـەواو بـوو ئـەوا لـەلای هێڵی دووەم دەست پێدەکات...تا ڕۆژەکە تەواو دەبێت. دەکـرێ بـەو کرداره ژمێریارییه بچوکه جـەختی لەسـەر بکەینـەوە: ٤ × ٣٦٠ (هێڵــی درێــژ) = ١٤٤٠ خولــەك. ١٤٤٠/٦٠ (خولــەك) = ٢٤ کاتژمێر[1].

---

(1) عبدالرحمن سعد صبي الدين: آيات الاعجاز العلمي من وحي الكتاب والسنة ٥١.

# ٣_ خۆر و مانگ

خـۆر ئەسـتێرەیەکی قـەبارە مامناوەندییـە، بـە ئەنـدازەی ملیۆنێـك و سـێ سـەد هـەزار جـار لـە زەوی گـەورەترە. نزیکـەی ئەنـدازەی شەسـت و پێـنج ملیـۆن کیلۆمـەتر لێیـەوە دوورە... ڕووناکی خۆر ئەو ماوەیە دەبڕێت بە هەشت خولەك... [1]!

سـەبارەت بـە گەرمییەکـەی، زانایـان دەڵـێن: دەگاتـە دە ملیـۆن پلە لـە ناوەندەکـەی، ئەگـەر زەوی بخەیتـە ناویـەوە ئـەوا لـەکاتێکی کەمـدا هـەمووی بـەهڵم دەبێـت، درێـژی پریشـکە ئاگرەکـەی لـە سەرەوەیدا زیاترە لە نیو ملیـۆن کلیۆمـەتر تـا ملیۆنێـك کلیـۆ مـتر، خۆر لە هەر خولەکێکدا ئەوەندە وزە بەرهەم دێنێت بـە ئەنـدازەی ئەوەی کە دوو هەزار تەنی خەڵوزی بەردین بسوتێنێ، خۆر ڕۆژانـە پارچە (تۆپەڵە)یەکی لە دەست دەدات بە ندازەی سێ سەدو شەسـت هەزار تەن... زانایان خەڵك دڵنیا دەکەنەوە کە خۆر ناکوژێتـەوە تـا پێـنج سـەد ملیـۆن ساڵی تـر، چـونکە گـەر لـەناکاو کوژایـەوە ئـەوا زەوی نغـرۆی تاریکـایی دەبێـت و پلـەی گـەرما دادەبـەزێ بـۆ دوو

---

[1] د. عبدالرحیم ماردینی: موسوعة الاعجاز العلمی في القرأن والسنة النبویة الشریفة ١٨. و محمد اسماعیل ابراهیم، القرآن وإعجازه العلمي، لە بەرنامەیەکی ئەلیکترۆنی وەرم گرتووە. بەدەستکارییەوە.

سەدو حەفتا پلەی ژێر سفرەوە، بەمەش زەوی دەبێتە گۆڕێکی بەستەڵەکی، بێگومان نەبوونی گەرماو ڕووناکی بەسن بۆ کوشتنی هەموو دیاردەیەکی ژیان لەسەر ڕووی زەوی.

کەواتە خۆر وا وێنە دەکرێ کە پەستان پێوی سەلامەتە بۆ ژیانی هەموو بوونەوەران لەسەر پشتی زەوی، لێرەدا چەند ڕاستیەکی زانستی هەن قورئان پێداگیری لەسەر کردووە، زانستی سەردەمیش دانی پێدانەوە سەبارەت بە خۆر، بەو شێویەەی کە دێت کورتی دەکەینەوە[1]:

سەیری فەرمایشتی خوای گەورە بکە: ﴿ وَالشَّمْسُ تَجْرِي لِمُسْتَقَرٍّ لَّهَا ذَلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ. وَالْقَمَرَ قَدَّرْنَاهُ مَنَازِلَ حَتَّى عَادَ كَالْعُرْجُونِ الْقَدِيمِ. لَا الشَّمْسُ يَنبَغِي لَهَا أَن تُدْرِكَ الْقَمَرَ وَلَا اللَّيْلُ سَابِقُ النَّهَارِ وَكُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ ﴾ یس: ٣٨ _ ٤٠. واتە: خۆریش لە گەردش و سوڕانەوەی خۆیدا بەردەوامە بەرەو سرەوت دەچێت یان بە دەوری چەقی خۆیدا دەسوڕێتەوە، بێگومان ئەمە توانای زاتێکی باڵادەست و زانا دەردەخات (کە هەموو شتێکی بە ڕێك و پێکی دروست کردووە) . هەروەها کات و شوێنی هەڵهاتنی مانگیشمان دیاری کردووە (هەر شەوێك لەکاتێکی دیاری کراو و شوێنێکی دیاریکراو هەڵدێت) ڕاددەی ئەو ڕووناکیەش کە دەکەوێتە سەری جیاوازە، تا

---

[1]) هەمان سەرچاوە ١٩.

(سەرەنجام هەموو مانگێك لە ڕووالەتیدا) وەك چیلكەیەكی وشكی باریك دەنوێنێت. نەخۆر بۆی هەیە بە مانگ بگات (لە هێلّ و ڕێڕەوی خۆی دەربچێت) نە شەویش پێش ڕۆژ دەكەوێت، بەڵكو هەر یەكەیان لە خولگەی تایبەتی خۆیاندا مەلەوانی دەكەن و بەئاسانی دەسوڕێنەوە.

گەردووناسان ڕوونیانكردەوە: كە خۆر كۆمەڵێك هەسارەو مانگ و... بە دوایدا دەڕۆن بە بەردەوامی، سەر دادەنوێنن بۆ هێزی كێشندەی ئەو، بە دەوری دا دەسوڕێنەوە لە سەر چەند خولگەیەكی یەك لەدوای یەك، گشت تاكەكانی ئەو كۆمەڵەیە لە ماوەی جولەی خۆیەوە لەگەڵ خۆر دەچێت، كۆمەڵەی خۆر بە خێرایی و ئاراستەیەكی دیاری كراو دەڕوات لە ئاسماندا، ئەم خێراییە دەگاتە نزیكەی ٧٠٠كم لە خولەكێكدا... سوڕانەوەكەی بەدەوری چەقی خۆیدا بە ماوەی ٢٠٠ ملیۆن ساڵی ڕۆژی تەواو دەبێت[1].

لەبارەی خۆرەوە دەفەرمووێت: ﴿ لَا الشَّمْسُ يَنبَغِي لَهَا أَن تُدْرِكَ الْقَمَرَ وَلَا اللَّيْلُ سَابِقُ النَّهَارِ وَكُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ ﴾ دەبینین كە ئەم

---

(1) د. عبدالرحيم ماردينى: موسوعة الاعجاز العلمى في القرأن والسنة النبوية الشريفة ٢٣. و د. زغلول نجار، آيات الاعجاز العلمي في القرآن، لەبەرنامەیەكی ئەلیكترۆنی وەرم گرتووە. بەدەستكارییەوە.

واتایە دەگەیەنێ: سەرجەم کۆمەڵەی خۆر دەجوڵێت. واتــە: خــۆر و مانگ و زەوی بەکینایە دەری بڕیوە بە ڕۆژو شەو، ئەو دوانــەی کــە بەیەکــەوە پەیوەســتن لــە یــەك خولگــەدا ڕادەکێشــرێن. جـا ئەمەیـە ئــەو ڕاســتیەی قورئــان ســەلماندوویەتی، ئەمــەش بــە داخــراوی مابووەوە تا زانستی سەردەم دەری خست. لێـرەدا چـەند ڕاسـتیەکی نەگۆڕ هـەن قورئـانی بـەڕێزو پـیرۆز سـەلماندویەتی لـەبارەی هێـزی کێشندەی جوڵەیی لە نێوان ئەستێرەو هەسارەکان بەتایبـەت زەوی، ئەو زانستەی کە زانستی سـەردەم لـەم دواییانـەدا ئاشـکرای کـرد: ﴿ اللَّهُ الَّذِي رَفَعَ السَّمَاوَاتِ بِغَيْرِ عَمَدٍ تَرَوْنَهَا ﴾ الرعـد: ٢. واتــە: خــوا ئــەو زاتەیە کە بە چاوی خۆتان دەبینن چۆن ئاسمانەکانی بەبێ کۆڵەگە و ستون بەرز کردۆتەوەو ڕاگرتووە. سەیرکە و ڕامێنە لە وشـەی ﴿ تَرَوْنَهَا ﴾ واتە: خوای پاك و بەرز ئاسمانەکانی بەرزکردوونەتـەوە بـە کۆڵەکە یان بە چەند کۆڵەگەیەك کە نای بیـنین، ئەوانـە کۆڵەگـەی مەعنەوین ناتوانرێت ببینـرێن بـە چاوی ئاسای، بـەڵکو بـە ژیـری (عـەقڵ) و تێفکـرین و تێڕامـان و زانینـی خاسـیتی شـتەکان پـەیی پێـدەبرێت، ئــەم کۆڵەگەیــە بریتیــە: لــەو هێــزە کێشــندەیەی کــە هــەموو بوونــەوەری ڕێکخســتووە، هــەر لــە گەردیلــەوە تــا گەلــە ئەستێرە هتد[1].

---

[1] د. عبدالرحیم ماردینی: موسوعة الاعجاز العلمی في القرأن والسنة النبویة الشریفة

زەوی بەلای خۆردا کێش دەکات بە هێزێکی زەبەلاح، زەوی بە دەوری خۆردا دەڕوات لە خولگەیەکی داخراودا، ئەگەر هاتبایە ئەو کێشندەیە نەبوایە ئەوا زەوی لە خولگەی خۆی دەردەچوو، تاریکی و بەستنی بەسەردا دەهات و دەبووە یەك پارچە سەهۆڵ، ژیانی لەسەر نەدەما، چونکە پلەی گەرمی دەگەیشتە دوو سەدو حەفتا پلە لە ژێر سفرەوە، ئەمەش پلەی سفری ڕەهای بێ سنورە کە ئەستەمە گەردیلە جوڵەی تێدا بکات، هەروەك خوای پاك بەرز بە فەرمایشتی خۆی ئاماژەی بۆ کردووە: ﴿ إِنَّ اللَّهَ يُمْسِكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ أَن تَزُولَا ﴾ فاطر : ٤١. زەوی بە دەوری خۆردا دەخولێتەوە لەسەر خولگەیەکی سپی، ئەو خولگەیە دوو لای هەن بچوك و گەورە، هێزی کێشندەی زەوی حوکمی نێوان زەوی و خۆر دەکات، چونکە هەمیشە کامە پارچەی گەورەیە ئەوا پارچەی بچوك کێش دەکات و هەر کە پارچەکە گەورەتر بوو ئەوا کێشندەییەکەی زیاتر دەبێت، ئەگەر ماوەی نێوانیان کەم بووە ئەوا هێزی کێشندەکە لاواز دەبێت، جا زەوی لە خولگەی خۆیدا بە دەوری خۆردا دەخولێتەوە بەخێرایی ٣٠کم دەسوڕێتەوەو لە کاتێکدا نزیك دەبێتەوە لەلای بچوك ئەوا نزیك دەبێتەوە لە خۆر، و لەو کاتەدا کێشندەیی زیاد دەبێت و خۆر دەتوانێت زەوی بۆ ناوخۆی بکێشێت

---

٢٤. بەدەستکارییەوە.

و بیكات به هەڵم له ماوەیەكی كەمدا، چونكه پلەی گەرمی خۆر زۆر بەرزە، باوەشی خۆر فراوانە بەو ئەندازەیەی دەتوانێت ملیۆنێك و سێ سەد هەزار زەوی لەخۆی بگرێت، بۆ ئەوەی زەوی نه خلیسكێته ناو دوو توێی خۆرەوەو ژیان كۆتایی پێنەیەت لەسەر ڕووی زەوی ئەوا پێویسته خێراییەكەی زیاد بكات بۆ ئەوەی لەو خێراییەوه هێزێك به دەست بێنێت كه هاوتا بێت بەو هێزەی كه له خۆردا هەیه و كار لەسەر كێشكردنی زەوی دەكات، كاتێك دەگاته لای گەوره ئەوا كێشندەیی خۆر كه زەوی كێش دەكات كەم دەبێتەوە، وای لێدێت زەوی دەربچێت له كێشندەی خۆرو بكەوێته ناو بۆشایی بوونەوەر، ئینجا ببەستێت و ژیان كۆتایی پێ بێت، بۆ ئەوەی ئەمه ڕوو نەدات زەوی خێرایی خۆی كەم دەكاتەوه تا هێزی بەدەستهێنراوەكەی لاواز بێت و یەكبگرێت لەگەڵ هێزی كێشندەی زەوی[1].

خوای گەوره لەبارەی مانگەوه دەفەرموێت: ﴿ وَالْقَمَرَ قَدَّرْنَاهُ مَنَازِلَ حَتَّى عَادَ كَالْعُرْجُونِ الْقَدِيمِ ﴾ یس: ٣٩. واته: كات و شوێنی هەڵهاتنی مانگیشمان دیاری كردووه (هەر شەوێك لەكاتێكی دیاری كراو و شوێنێكی دیاریكراو هەڵدێت _ ڕاددەی ئەو ڕووناكیەش كه

(1) د. عبدالرحيم مارديني: موسوعة الاعجاز العلمي في القرأن والسنة النبوية الشريفة ٢٤، ٢٥. بەدەستكارییەوە.

دەکەوێتــە ســەری جیــاوازە، تــا_ ســەرەنجام هــەموو مانگێــك لــە ڕووالّەتیــدا _ وەك چــیلکە (کەوانە)یــەکی وشــکی بــاریکی کــۆن دەنوێنێت.

ئـەو دەربڕینـەی قورئـان[1]: بـە کەوانـەیی کۆن (وەك: دەوی داس)، بـەوەی سـەوازیی و ئـاو و ژیـانی لەسـەر نییـە وێچـواندنێکی وردە بۆ مەبەسـتەکە، کـە حالّـەتی مانگمـان بـۆ وێنـا دەکـات، ئەمـە هاتەجێ بەکرداری لەکاتێکدا کە مرۆڤ توانی دابەزێ بۆ سـەر ڕووی مانـگ، پـاك و بێگـەردی بـۆ خـوا! پاشـان قورئـان ئـەو فەرمایشـتەی خوای پاك و بەرز دەردەبڕێت:

﴿ لا الشّمسُ ينبغي لها أن تدرك القمر وَلَا اللَّيْلُ سَابِقُ النَّهَارِ وَكُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ ﴾ يس: ٤٠. واتە: نەخۆر بۆی هەیە بە مانـگ بگات (لـە هێڵ و ڕێڕەوی خۆی دەربچێت) نـە شـەویش پـێش ڕۆژ دەکـەوێت، بەڵکو هەریەکەیان لەخولگەی تایبـەتی خۆیانـدا مەلەدەکـەن و بـە ئاسانی دەسوڕێنەوە.

---

[1] د. عبدالرحيم ماردينى: موسوعة الاعجاز العلمى في القرأن والسنة النبوية الشريفة ٢٥. و سەیری ئەم سەرچاوەیەش بکە: د. أحمد مصطفى متولي: الموسوعة الذهبية في اعجاز القرآن والسنة النبوية ٧٠. بەدەستکارییەوە.

ئەمەش دەرخستنی خڕێتی زەوییە[1]... و شەوو ڕۆژ لە یەك کاتدا هەن لەسەر ڕووی زەوی، ئەگەر زەوی ڕاست و پان بوایە ئەوا یەك لەو دوو حاڵەتانە دەبوو:

ڕۆژ بە بەردەوامی....

یان شەو بە بەردەوامی....

زانستی سەردەم دەیسەلمێنێت:

ناکرێ ڕۆژ بە مانگ بگات... ناکرێ هیچ یەکێکیان بە یەك بگەن و بەرامبەر بە یەك لەسەر یەك خولگە بڕۆن، ئەستەمە بەرامبەر بە یەك بن؛ چونکە دوو هێڵی هاوتەریب هیچ کاتێك بە یەك ناگەن.

مانگ لە پێش خۆرەوە دەڕوات ١٨کم لە یەك چرکەدا دەبڕێت، زەویش ١٥کم لە یەك چرکەدا، خۆریش ١٢کم لە یەك چرکەدا، لەبەر ئەمە هەر چۆنێك بێت ناگەن بە یەکتری[2].

هەموویان لە گەردووندا مەلەوانی دەکەن[3]: ئەمە ڕاستیەکی چەسپاوە هیچ ڕەگەزێك لە گەردووندا لێی بەدەر نییە. ئەم

---

(1) هەمان سەرچاوە.

(2) د. أحمد مصطفى متولي: الموسوعة الذهبية في اعجاز القرآن والسنة النبوية ٧٠. بەدەستکارییەوە.

(3) د. زغلول نجار: آيات الاعجاز العلمي في القرآن، لەبەرنامەیەکی ئەلیکترۆنی وەرم گرتووە. و سەیری ئەم سەرچاوانەش بکە: د. عبدالرحيم مارديني: موسوعة الاعجاز

**جوڵەیە زۆر بە چاکی و وردی ئەندازەگیرو نەخشە بۆ کێشراوەو دەخولێنەوە بەشێوەی بازنەیی، بەڵکو گەردوون هەمووی دەجوڵێت جولانێك کە ڕاگواستی لەگەڵدایە لە دەوری چەقێکی دوور کە دوورە لە خەیاڵ و بیری مرۆڤ، زانستی دەستکرد هیچ لەبارەوە نازانێت چ کەم یان زۆر، خوای پایەبەرز لەبارەی ئەم جوڵەوە دەفەرموویێت:** ﴿ وَكُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ ﴾.

**سەرجەم ڕەگەزەکانی ناو گەردوون لە جوڵەیەکی ڕێك و پێکی بەردەوام دان و کەلێنی تێناکەوێت و بەردەوام تەسبیحاتی خوای گەورە دەکەن بەڵام: مرڤ هەر چەندە زانست بە دەست بێنێت ئەوا ناتوانێت پەیی بەو تەسبیحاتە ببات، هەروەك جوڵەی هەر ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکان سوود و بەخشش و بەرەکەتی تێدایە بۆ مرۆڤ کە لەسەر ڕووی زەوی نیشتەجێیە. و لە ئەنجامی ئەو جوڵە خولگەییەی ئەستێرەو هەسارەکان هێزێکی دەرکراو بەرهەم دێت کە شوێنی ئەستێرەو هەسارەکان لەسەر خولگەکانیان دەپارێزێت لەسەر ئەو ماوەیەی کە دەکەوێتە نێوان ئەو و ئەستێرەی دایك،**

---

**العلمی في القرأن والسنة النبوية الشريفة ١٩_ ٢٨. و محمد اسماعيل ابراهيم: القرآن وإعجازه العلمي، لە بەرنامەیەکی ئەلیکترۆنی وەرم گرتووە. و د. محمد راتب نابلسي: موسوعة أسماء الله الحسنى، ٣/ ٧٢. بەدەستکاریەوە.**

هۆكاری سەرەكیشە بۆ بەردەوام بوونی پەیوەندی نێوان ئەستێرەو هەسارەكان بەیەكتریەوە:

- دەستەی دایك.
- خولانەوەی خۆر بە دەوری چەقەكەی.
- دەستەی هەموو ئەوانەی شوێنی زەوی دەكەون.
- بەردەوامی سوڕانەوەی هەر هەموو هەسارەیەك لە خێراییەكی چەسپاودا كە بۆی دانراوە[1].

خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿ .. وَجَعَلْنَا اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ آيَتَيْنِ فَمَحَوْنَا آيَةَ اللَّيْلِ وَجَعَلْنَا آيَةَ النَّهَارِ مُبْصِرَةً.. ﴾ الاسراء: ١٢. واتە: ئینجا ئێمە تاریكیمان هێنا بەسەر دیاردەی شەودا و دیاردەی ڕۆژیشمان بە ئاشكراو دیارو بینراو سازاندووە.

زانستی سەردەم دێت بۆ ئەوەی ئەو ڕاستیە زانستییە بسەلمێنێت لە بارەی مانگ، گەردووناسان ئەوەیان ئاشكرا كرد دوای چوونی مرۆڤ بۆ سەر مانگ بە هۆی ئەو وێنانەی كە گیراون بە مانگی دەستكرد كە هەسارەی مانگ لە كۆنەوە هەسارەیەكی گڕگرتوو بوو بەڵام كوژایەوە و ڕووناكیەكەی چووەو نەماوە، ڕوانگە پێشكەوتووەكان (المراصد المتطورة)، مانگە دەستكردە

---

[1] د. عبدالرحيم ماردينى: موسوعة الاعجاز العلمى في القرأن والسنة النبوية الشريفة ١٩ _ ٢٨. بەدەستكارییەوە.

یەکەمەکە وێنەیەکی تێرو تەسەلی مانگیان گرت، لەو ماوەیەوە بوونی ڕێژگەی بوڕکانەکان و بەرزایی و ئاوکۆ (حەوز)ی نزم دەرکەوت. و زانینی وردەکاریەکانی سروشتی مانگ بەدەر نەکەوت بۆ زانایان تا ڕائیدی ئاسمانی ئەمریکی (نیل ئارمستونغ) چووە سەر ڕووی مانگ لە ساڵی ١٩٦٩ز، پاشان بە هۆی ئامێری ڕووانینی ورد. و لێکۆڵینەوە لە خاکی مانگ و تەواو بوونی لێکۆلینەوەو شیکردنەوەی گڵەکەی گەردوونناسان توانیان بڵێن _ هەروەك لە (ناسا )ی ئاسمانی ئەمریکی دا هاتووە _: مانگ پێکهاتووە لەوەتەی (٤،٦) ملیۆن ساڵ و لەماوەی پێکهاتنی ڕووبەڕووی پێکدادانێکی گەورە بووەتەوە لەگەڵ نەیزەکەکانەوە و بەهۆی ئەو پلە گەرمایە بەرزەی و بە هۆی توانەوە زۆرەکەی لە چینەکانی دا وای کرد کە ئەو ئاوکۆ (حەوز)انە دروست ببن کە پێیان دەوترێت (ماریا) و بەرزایی و تەپۆڵکە کە پێیان دەوترێت (کراتیرز) کە هەڵسا بە هاویشتنی ئەو بوڕکانە گەرمە کە ئاوکۆیەکانی پڕکرد لەو ماوەیەدا، پاشان مانگ سارد بووەوەو بوڕکانەکانی ڕاوەستان و گەرمیەکەی کوژایەوەو نەما، بەو شێوەیە مانگ کوژایەوەو تاریك بوو پاش ئەوەی کە گڕگرتوو بوو[1].

---

[1] د. أحمد مصطفى متولي: الموسوعة الذهبية في اعجاز القرآن والسنة النبوية ٧٤، ٧٥.
و د. عبدالرحيم ماردينى: موسوعة الاعجاز العلمى في القرأن ٣٣_ ٣٥. و عبدالرحمن

بـه گەڕانـەوەمان بـۆ ئـەو ئایەتـەی قورئـانی پـیرۆز کـە پێشتر باسکرا، ئەوا تێبینی ئەم شتانە دەکەین[1]:

١_ بـەکارهێنانی وشـەی (محونـــــا) ئـەم وشـەیە لەلایـەن زمانناسانەوە: بریتیە لە کوژاندنەوەو لابـردن و سـڕینەوە، لەسـەر ئەمـە ماناکـەی دەبێـت بـەوەی: خـوای گـەورە ڕووناکی مـانگی لابردووە و سـڕیوەتەوەو کوژاندۆتـەوە. کوژاندنـەوەش بـۆ ڕووناکی دەبێت.

٢_ سـەیری فەرمایشتی خـوای پـاك و بـەرز دەکـەین: (آيَـةَ اللَّيْلِ) کـە لـەبارەی مانگـەوە دەری بڕیـوە پـاش لابردنـی ڕووناکی پرشنگداری مانگ بووە.

٣_ لـە بـارەی خـۆرەوە کـە ڕووناکیەکـەی وەك خـۆی هێشتووەتەوە فەرموویەتی: ﴿ وَجَعَلْنَا آيَةَ النَّهَارِ مُبْصِرَةً ﴾ تا بەهۆیەوە ببینین.

---

سعد صبي الدين: آيات الاعجاز العلمي من وحي الكتاب والسنة ٧١، ٧٢. و يوسف الحاج أحمد: موسوعة الاعجاز العلمي في القرآن الكريم و السنة ٣٠٧، ٣٠٨. بەدەستکارییەوە.

() عبدالرحمن سعد صبي الدين: آيات الاعجاز العلمي من وحي الكتاب والسنة ٧١، ٧٢. بەدەستکارییەوە.

## ٤ _ ژیاندار و جانەوەرەکان

### مێش

**خوای گەورە دەفەرموێت:** ﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ ضُرِبَ مَثَلٌ فَاسْتَمِعُوا لَهُ إِنَّ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ لَنْ يَخْلُقُوا ذُبَابًا وَلَوِ اجْتَمَعُوا لَهُ وَإِنْ يَسْلُبْهُمُ الذُّبَابُ شَيْئًا لَا يَسْتَنْقِذُوهُ مِنْهُ ضَعُفَ الطَّالِبُ وَالْمَطْلُوبُ ﴾ الحج: ٧٣. **واتە: ئەی خەڵکینە: نمونەیەك هێنراوەتەوە چاك گوێی بۆ بگرن؛ بەڕاستی ئەوانەی کە هاناو هاواری لێدەکەن لە جیاتی خوا، هەرگیز ناتوانن تاکە مێشێك دروست بکەن، هەر چەندە بۆ ئەو کارە کۆببنەوەو _ یارمەتی یەکتر بدەن _ ئەگەر مێشەکە شتێکیان لێ بفڕێنێت، ناتوانن لێی بسەنن‌نەوە، داواکارو داوالێکراو هەر دووکیان لاوازو بێ دەسەڵاتن.**

**لەبارەی لیکی مێشەوە، زانستی سەردەم سەلماندوویەتی و پشتگیری ڕاستێتی ئەم ئایەتەی کردووە: ئەوەی مێش بیبات ناتوانین لێی بستێنینەوە؟، چونکە لەگەڵ وەرگرتن و بردنی ئەو خۆراکەدا دەست بەجێ لیکی بەسەرا دەڕژێنێت و دەیگۆڕێت بۆ ماددەیەکی تر، ئەگەر مێشەکە بکوژین و بگەڕێین بۆ ئەو ماددەیەی بردوویەتی نایدۆزینەوە، چونکە ئەوەی بردوویەتی**

گۆڕیویەتی بۆ ماددەیەکی تر[1]. لەو کاتەی ماددەکە بەسەر خواردنەکە داکرد ئەوا خواردنەکە دەست دەکات بەشیبوونەوە بۆ پێکهاتەی سادەو ئەمەش لە پێناو مژینی، جا لەبەر ئەوەی مێش دەزگایەکی هەرسکەری بەهێزی نییە، ئەوا پەنا دەباتە بەر هەرسکردنی دەرەکی، ئەمەش بەهۆی شیلاوە هەرسکەرەکان، کە بەسەر ماددەکەدا دەکات، پاشان ئەو ماددە هەرس کراوانە دەگوێزرێنەوە بۆ شوێنێك لە دەرەوەی لاشە، بۆ بۆڕی هەرسکەر تا بمێژرێت و بچێتە ناو سورگەی خوێنەوە لەوێشەوە بۆ ناو خانەو شانەکان، بەشێکی دەبێتە هێز بۆ ئەوەی توانای فڕینی هەبێت، بەشێکی تری بۆ خانەکانی ئەندامەکان و بەشی کۆتایش بۆ پاشکۆی لاشەی مێش کە لەوێ فڕێی دەداتە دەرەوە[2].

مێش درێژیەکەی نزیکەی یەك سانتیمەترە، بەلاّم لە سەعاتێك دا دەتوانێ ٨٠کم ڕێگا ببرێت وێرای ئەوەی هەرچی لەسەر ڕێی و دەوروبەریەتی هەستی پێدەکات!. هەروەك ڕوونە هەر کیلۆمەترێك ١٠٠٠ مەترە و هەر مەترێکیش ١٠٠ سانتیمەترە کەواتە: ٨٠ × ١٠٠٠٠٠ = ٨٠٠٠٠٠٠ سم (هەشت

---

(١) عبدالمجيد عزيز الزنداني: یەکتاپەرستی (التوحيد)، وەرگێڕانی: ئەندازیار حسين حسن احمد ٢/٩٣. بەدەستکاریەوە.

(٢) عبدالرحمن سعد صبي الدين: آيات الاعجاز العلمي من وحي الكتاب والسنة ١٤٥، بەدەستکارییەوە.

ملیۆن سەنتیمەتر) دەبرێت لە یەك كاتژمێردا، بە دەربڕنێكی تر مێش لە ماوەی یەك كاتژمێردا هەشت ملیۆن ئەندازە و قەبارەی جەستەی خۆی دەبرێت، مادام وابێت مێش خێراترە لە خێراترین ڕۆكێت كە تا ئێستا داهێنراوە. زیندەوەرناسان بە میكرۆسكۆبە بەهێزەكانەوە سەیری چاوی (مێش)یان كردووە و گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامە كە ئەو مەگەزە خاوەنی (٦٠٠) تا (١٠٠٠) چاوە، بە دەربڕینێكی تر خاوەنی (٦٠٠) تا (١٠٠٠) دووربینی وێنەگرتنە، بەلاَم چاوی مرۆڤ لەگەڵ ئەو هەموو وردەكارییەدا تەنیا خاوەنی دوو دووربینە، هەر چاوەی یەكێكی تێدایە!. مێش بە هۆی پێیەكانییەوە ڕۆڵێكی گرنگ دەگێڕێ لە موتوربەكردنی زۆر چەشنە گوڵ و گژو گیادا، دەورێكی باڵاش دەبینێ لە گواستنەوەی میكرۆب و بلاْوكردنەوەی نەخۆشی جۆراو جۆردا[1].

**مێروولە**

**خوای گەورە دەفەرموێت:** ﴿ حتى إذا أتوا على واد النمل قالت نملة يأيها النمل ادخلوا مساكنكم لا يحطمنكم سليمان وجنوده وهم لا يشعرون، فَتَبَسَّمَ ضَاحِكاً مِّن قَوْلِهَا وَقَالَ رَبِّ أَوْزِعْنِي أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ الَّتِي أَنْعَمْتَ عَلَيَّ وَعَلَى وَالِدَيَّ وَأَنْ أَعْمَلَ صَالِحاً تَرْضَاهُ وَأَدْخِلْنِي بِرَحْمَتِكَ فِي عِبَادِكَ

---

[1]) علی باپیر: پوختەیەك دەربارەی ئیسلام لەژێر رۆشنای سورەتی فاتحەدا ٧٩.

الصَّالِحِينَ ﴾ النمل: ١٧_ ١٩. واتە: هەتا گەیشتە دۆڵی مێروولە، مێروولە مێچکەیەك _ هاواری کرد _ وتی: ئەهای مێروولەینە، بچن ماڵ و کون و کەلەبەرەکانتانەوە نەوەك سولەیمان و سەربازانی پێشێلتان بکەن، لە کاتێکدا هەستتان پێناکەن، سولەیمان _ کە گوێی لە هاواری مێرووەکە بوو _ زەردەخەنە گرتی و پێکەنی بە هاوارو قسەکەی، بۆیە وتی: پەروەردگارا؛ یارمەتیم بدە دڵ و دەروون و ڕۆح و گیانم کۆبکەرەوە، تا سوپاس گوزاری نازو نیعمەتەکانت بم کە بەسەر من و دایك و باوکمدا ڕژاندووتە، هەروەها کۆمەکیم بکە تا کارو کردەوەی چاکە ئەنجام بدەم کە تۆ پێی ڕازی بیت و بە ڕەحمەت و میهرەبانی خۆت بمخەرە ڕیزی بەندە چاکەکانت.

ئیعجازی زانستی[١]:

١_ قورئان وشەی مێرووی بە مێینەی بەکارهێناوە: ( نملة)، سەلمێنراوە کە مێرووی مێینەی نەزۆك هەڵدەستێت بە کارەکانی شوێنەکە و کۆکردنەوەی خواردن و سەرپەرشتی بچوکەکان و پاراستنی شاری مێرووەکان.

---

(١) عبدالرحمن سعد صبي الدين: آيات الاعجاز العلمي من وحي الكتاب والسنة ١٨٥، ١٨٦، ١٨٧. و شەماڵ عبدالرحمن موفتی، کۆباسەکانی میحراب ١٣٧ _ ١٣٩، بەدەستکارییەوە.

**٢_ بوونی زمانی تێگەیشتن لە نێوان تاکەکانی مێرووەکانـدا:**

﴿ قالـت نملـة يأيهـا النمـل ادخلـوا مسـاكنكم ﴾، **مێرووەکـــان زمـــانی تێگەیشتنی تایبەتیان هەیە ئەمەش لە ڕێگای وردەکاری گفتۆگۆ لە شـێوەی چـەند پەرلـە و هێمایـەکی کیمیاویـەوە، دەکـرێ ئـەو گفتوگۆیەی کە ئـەو مێـرووە ئاراسـتەی گەلەکـەی کـرد دەربڕینێـك بێت لەشێوەی ئـەو پەرلـە کیمیاویانـە. ئینجا نـوێترین لێکۆلینـەوە زانستیەکان ئەوەیان سەلماندووە کـە هـەموو جۆرێـك لـە جۆرەکـانی ژیانـدارو جیانـەوەران بـۆنێکی تایبـەتیان هەیـە، لـە نێـوان یـەك جۆریشـدا چـەند بـۆنێکی زیـادکراو هەیـە کـە بـەکاردێت وەك پسوولەیەکی کەسـی یـان وەك ڕێنامـە وایـە بـۆ ناسـاندنی کەسـێتی خێزانـە جیاوازەکـان. بـۆن وەك زمـانێکی شـاراوە یـان نامەیـەکی بێـدەنگ کـە پێکـدێت لـە پێکهاتەیـەکی کیمیـاوی کـە زانایـان نـاوی (فرمونات)یـان بـۆ دانـاوە بـەکاردێت، ئاماژەکـان ئـەوە بـە دەسـتەوە دەدەن کـە هـەموو بۆنێـك (فرمونـات) نییـە، مـرۆڤ زۆرێـك لـە بۆنـەکان دەناسـێ بـۆ نمونـە خواردەمـەنی بـەلاَم بـە هـۆی ئـەو بۆنانەوە نادوێت یان تێ ناگات. دوای جێبەجێکردنی ئەمـە لەسـەر جیهـانی مێرووەکـان دەبیـنین مێـروو جیایـە بـە هـۆی بـۆنێکی تایبەتـەوە کـە بەڵگەیـە لەسـەر ئـەو و هێلانەکـەی، ئـەو ئەرکـەی هەموو مێرووێك جێبەجێی دەکات لـەو هێلانـەیـەدا کـە دەرکردنـی**

ئەو فرموناتانە تەواو دەبێت لە نزیك ڕژێنی کۆمەوە. ئەگەر دوو مێروو بە یەکگەیشتن ئەوا دوو شاخەکانی هەستپێکردن بەکاردێنن، کە بریتین لە ئەندامی تایبەتی بۆنکردن، تا هەر یەکەی ئەوەی تر بناسێ.

ئەگەر مێرووێکی نامۆ چووە ناو شوێنێکی پاوانکراو کە هی ئەوێ نەبێت، ئەوا مێرووەکان لە ڕێگای بۆنەوە دەیناسن و بە دوژمنی خۆیان هەژماری دەکەن، پاشان هێرشی دەکرێتە سەر. لە یەکێك لە تاقیکردنەوە کرداریەکاندا دەرکەوتووە کە لابردنی بۆنی هەندێك لەو مێروانەی کە هی بنەماڵێکن و بۆندارکردنیان بە بۆنی دوژمنیان وای کرد کە ئەو بنەماڵەیە هێرش بکاتە سەر ئەو چەند مێرووانە کەچی هەر ئەندامی خۆشیان بووە. لە تاقیکردنەوەیەکی تردا مێرووێك بۆندارکرا بە بۆنی مێرووێکی تر کە مرد بوو، ئەوە تێبینی دەکرا کە نزیکەکانی ئەو مێرووە مێرووەکەیان فرێدەدایە دەرەوەی هێلانە _ بە هۆی ئەو بۆنەی کە لێی دەهات بۆنی مێرووی مردوو _ کە مێرووەکە دەگەڕایەوە بۆ ناو هێلانەکە ئەوا دووبارە بە دەریان دەنایەوە سەرەڕای ئەوەی کە زیندوو بوو بەرگریشی دەکرد. دواتر کە بۆنی مردنیان لێ لابرد ئەوا مێروەکان ڕێیان پێدا تا بمێنێتەوە لە هێلانەکە. کاتێك مێرووی دۆزەرەوە سەرچاوەی خۆراکی دۆزیەوە ئەوا ڕاستەوخۆ

هەڵدەستێت بەدەرکرنی (الفرمون) بۆنی پێویست لە ڕژێنەکانـدا کە لەسکی دایە تا شوێنەکەی پـێ بزانێـت و دواتـر دەگەڕێتـەوە بـۆ هێلانەکــە، لــە ڕێگــای گەڕانــەوەی دا ڕێگاکــە لــەبیر ناکــات تــا هاوڕێیــەکانی شــوێنی بکــەون، بــۆنی زیــاتر دەر دەدەن تــا ڕێگاکــە ئاسانتر بێت[1].

قورئـانی بـەڕێزو پـیرۆز ئامـاژەی داوە بـۆ ڕاسـتییەکی زانسـتی گـەورە ئـەویش زیرەکـی و توانـاداری و لێهـاتووی مێـرووە لـە ڕووی بیرو ژیریـەوەو ڕووبـەڕوو بوونـەوەی مەترسـیەکان لـە مـاوەی ئـەو سەرگوزەشتەیەدا کە ڕوویدا لەگەڵ پێغەمبەری خوا سلیمان و ئـەو ڕێگەیــەی کــە ئــەو پێیــدا دەڕوات، ئەمــەش نــەدەکرا مەگــەر بــەو توانایە بەهێزە نەبووایە کە مێروو هەیەتی.

بزانــە خــوای گــەورە بــۆ ئــەوە باســی مێــرووی کــردووە تــا ســەرنجمان بــەرەو گــەورەی و سەرســوڕهێنی ئــەو بەدیهێنراوانــە ڕابکێشێت کـە مـرۆڤ بـە کـەمیان دەزانێـت. بـەڵام بەڕاسـتی ئەوانـە بەدیهێنـراوی ڕێك و پێك و خـاوەن توانـان، کـار دەکـەن لـە میانـەی نەخشــەیەکی ڕوون و ئاشــکرا کــە کارەکــان دابــەش دەکەنــە ســەر تاکەکانی خانەکە، هەر تاکێك لە تاکەکانی ئەو شوێنە هەڵدەسـتێت

[1]) عبدالرحمن سعد صبي الدين: آيات الاعجاز العلمي من وحي الكتاب والسنة، لا ١٨٥_١٨٨. بەدەستکارییەوە.

به ئەرکی خۆی بە جوانی، لـە میانـەی بەرنامەیـەکی خوارسـك کـە خوای گەورە لـە مێشکی دا بـەدیهێناوە. ئاماژەیـەکی تـری قورئـانی پیرۆز ئەوەیە کە مێروو بەدیهێنراوێکی کۆمەڵایەتییە و لـە شـوێنە پاوانیەکانیاندا دەژین و لە هەمان کاتـدا یارمـەتی یـەکتری دەدەن و هەر تاکێکی هەست بە بەرپرسیارێتی دەکات بەرامبەر تـاکێکی تـر، ئەمـەش لـە هەڵسوکەوتی مێـرووە مێینەکـەوە دەردەکـەوێت کـە گەلەکەی بە ئاگا هێناوە. مێروو لە شـوێنی پـاوانکراودا دەژیـت جا لەوانەیە ئەو شوێنانە لە شێوەی شارێك یان دۆڵێك بێـت، هـەروەك قورئانی پیرۆز بەوە ناوی بردووە.

لە چیاکانی بەنسلفانیا کە یەکێکە لە ویلایەتـەکانی ئـەمریکا، زانایەك توانی گەورەترین شاری مێـروو لـە جیهانـدا ئاشـکرا بکـات، کـە بەشـی گـەورەی لـە ژێـر زەوی دا بنیـاتنرابوو، هـەموو ئـەو شوێنانەی کە مێروو لێی نیشتەجێن پێکدێن لـەم توێـژو چـینانەی خوارەوە[1]:

١_ دەرگای ئاڵوگۆرکردنی هەوا.

---

[1] عبدالرحمن سعد صبي الدين: آيات الاعجاز العلمي من وحي الكتاب والسنة ١٨٥_١٨٨. و د. أحمد مصطفى متولي: الموسوعة الذهبية في اعجاز القرآن والسنة النبوية ٣٣٨ _ ٣٤٨. بەدەستکارییەوە.

٢_ شوێنی چاودێرو پاسەوانەکان بۆ ئەوەی ڕێگری بکەن لە هاتنە ناوەوەی نامۆکان.

٣_ یەکەم چین کە بۆ حەسانەوەو پشوودانی کرێکارەکان ئامادەکراوە لە هاویندا.

٤_ کۆگاو عەمبارگەی پاشکەوت کردنی تێشوو و زەخیرە.

٥_ شوێنی نانخواردن.

٦_ سەربازگە.

٧_ ژووری شاژن کە لەوێدا هێلکەکانی دادەنێ.

٨_ تەویلە بۆ مانگا مێرووەکان و پێخۆریان.

٩_ تەویلەیەکی تر بۆ دۆشینی مانگا مێرووەکان.

١٠_ شوێنی پیتاندنی هێلکە.

١١_ شوێنی پەروەردەکردنی بێچووە مێرووەکان.

١٢_ زستانە هەوارگەی مێرووەکان، لە تەنیشتیەوە شوێنی بە خاك سپاردنی لێیە.

١٣_ زستانە هەوارگەی شاهەنگە مێروو. دەکرێ قولّی شوێنی نیشتەجێبوونی مێرووەکان لە هەندێك شوێنی کە لە دارستانەکانی ئەمازۆن دەژین بگاتە (٥ مەتر و فراوانیەکەی ٧ مەتر). کە تیایدا سەدان چالّ و ژووری تێدان. لەکاتی چالّ لێداندا نزیکەی (چل تەن) لە گلّ دەگوازنە دەرەوە، ئەو ئەندازەیە

بنیاتنانــه خــۆی لــه خۆیــدا موعجیزەیەكــه لــه موعجیزەكــانی بەدیهێنان. و كۆمەڵگەی مێروو چەند ڕێگایـەكی تایبـەتی هـەن بـۆ كۆكردنــــەوەی مــــاددە خۆراكیـــــەكان و پاشـــــەكەوت كردنیـــــان و پاراستنیان، ئەگەر مێروو نەیتوانی بارەكەی هەڵبگرێ بە دەمی بـه هۆی گەورەییەكەیەوە وەك نەریتێك كە هەیەتی ئـەوا بەپێیـەكانی پشـتەوەی دەیجـوڵێنێ و بـەرزی دەكاتـەوە بەلاقـەكانی، یـەكێك لـه نەریتەكانی ئەوەیە كە ئەو تۆوە دەكاتـه دوو پارچـه تـا نەژیتـەوەو جارێكی تر نەبێتەوە بەڕووەك، بـۆ ئـەوەی بـۆ گواسـتنەوەی ئاسان بێت، ئەگەر هاتوو ئـەو تۆوانـه تـەڕ بـوون بـه هـۆی بارانـەوە ئـەوا دەیـان هێننـه دەرەوە بـۆ ئـەوەی تیشـكی خۆریـان بـەر بكـەوێت و وشك ببنەوە.

## ٥ـــ ڕووەکە پزیشکیەکانی قورئان

لــەم باســەدا لەســەر دوو نمونــە دەدوێــین کــە دوو ڕووەکــی پزیشکین لە قورئانی پیرۆزدا باسیان کراوە:

**یەکەم: زەنجەفیل**

خـوای گـەورە لـە قورئانـدا دەفـەرمووێت: ﴿ وَيُسْقَوْنَ فِيهَا كَأْساً كَـانَ مِزَاجُهَـا زَنْجَبِيلاً ﴾ الإنســان: ١٧. زەنجـــەفیل ڕووەکێکـــی شـــێوە قامیشییە زیاتر لە سێ ساڵ دەژیەت، ڕەگ دەردەکات و قـەدی درێـژ دەبێتــەوە و هەڵدەئاوسـێت و ئەسـتوورە، بـنج و شـوێنی بـوونی سەرەکی ئەم ڕووەکە خواروەی کیشوەری ئاسیایە، سـەلکی گۆشـتنە، ڕەنگـی سـەوزێکی زەردبـاوە. زەنجـەفیل لـە هـەموو ناوچـە گـەرم و نیمچـە گەرمـەکانی دونیـا دەڕوێـت. زۆر لـە کۆنـەوە ئـەم ڕووەکـە بــەکارهاتووە وەك دەرمــان. گــەڵاکانی ئــەم ڕووەکــە لــە پــایزدا دەردەکەوێت، لە بن زەویدا ڕەگەکانی ئەسـتور دەبـن و خـواردن کـۆ دەکەنــەوە کــە پێــی دەوترێــت ڕایــزۆم، ســوودە پزیشـکیەکانی زەنجـەفیل لـەو ڕایزۆمانەدایـە. گـەڵای زەنجـەفیل درێـژ کۆڵەیـە و لێواری پەلکە گوڵەکانی مەیلەو پەمەییەکی وەنەوشەییە، بەرەکەی

لە شێوەی کەپسولیەکی تەڕو بڕە. ناوچەی خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بە ناوچەی ڕەسەنی ئەم ڕووەکە دادەنرێت، بەڵام ئێستا لە هەموو ناوچە خولگەییەکانی هێڵی کەمەرەیی بە بەمەستی بازرگانی دەڕوێنرێت، وەك وڵاتانی ئەفەریقا و چین و هند و جامایکا و وڵاتانی دەریای کاریبی، هندستان بەگەورەترین وڵاتی بەرهەمهێنەر دادەنرێت. بەهۆی توانا چارەسەریەکانی لە کۆنەوە زەنجەفیل بەکارهێنراوە، ناوبانگی باشی هەبووە، وەك: بە هارات و تام و بۆن بەکاریان هێناوەو تا ئێستاش بەکار دەهێنرێت، لە کاتی خۆیدا بە وشك کراوی[1].

چەندەها پێکهاتەی کیمیاوی بە سوودی بۆ مرۆڤ تێدایە، دەتوانین بۆ دوو گروپ دابەشیان بکەین:

١_ پێکهاتە کیمیاوییە سەرەتاییەکان: ئەم پێکهاتەیە بۆ بونیاتنان و دامەزراندنی لەش، بەسەر خانەو شانەکانی لە شدا بە گوێرەی پێویست دابەش دەبێت، لەو پێکهاتانەدا ڤیتامینەکان و پرۆتینەکان و خوێ کانزاییەکان... هتد. ئەم خشتەیەی خوارەوە هەندێك لەو پێکهاتانەیە کە مرۆڤ سوودیان لێوەردەگرێت لە کاتی بەکارهێنان و خواردنی زەنجەفیلدا، و هەر ١٠٠ گم لە ڕایزۆمی زەنجەفیل ئەم بڕانەی تێدایە:

---

[1]) گوڤاری هەیف ژ ١٤_١٥، بەدەستکارییەوە.

| ژ | ناوی مادده | بڕ | % |
|---|---|---|---|
| | کاربۆ هایدرات | ١٧,٧٧ گم | _ |
| | شەکر | ١,٧ گم | _ |
| | فایبەر | ٢ گم | _ |
| | چەوری | ٠,٧٥ گم | _ |
| | پڕۆتین | ١,٨٢ گم | _ |
| | پایمین(v.b1) | ٠,٠٢٥ ملگم | ٢ |
| | ڕایبۆ فلا ڤین (v.b2) | ٠,٠٣٤ ملگم | ٢ |
| | نیاسین(vt.b3) | ٠,٧٥ ملگم | ٥ |
| | پانتۆپنیك اسید (b5) | ٠,٢٠٣ ملگم | ٤ |
| ٠ | ڤیتامین (b6) | ٠,١٦ ملگم | ١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١ | فۆلەیت(v.b9) | ١١ ملگم | ٣ |
| ٢ | ڤیتامین (c) | ٥ ملگم | ٨ |
| ٣ | کالسیۆم | ١٦ ملگم | ٢ |
| ٤ | ئاسن | ٠,٦ ملگم | ٥ |
| ٥ | مەگنیسۆم | ٤٣ ملگم | ١٢ |
| ٦ | فسفۆر | ٣٤ ملگم | ٥ |
| ٧ | پۆتاسیۆم | ٤١٥ گرام | ٩ |
| ٨ | زینك | ٠,٣٤ ملگم | ٩ |

٢_ پێکهاتە کیمیاویە ناوەندییەکان: مرۆڤیش بۆ ژیانی خۆی سوودێکی زۆری لەم ماددانە وەرگرتووە، وەك:

١_ ئاوێتە فینۆڵییەکان.

٢_ ماددە تێرپینیۆدییەکان.

٣_ ماددە تفتە ئەلکاۆیدیەکان.

٤_ ئاوێتە نایترۆجینییەکان.

٥_ مادده فلاڤۆنۆدیەکان.

٦_ مادده تانینییەکان.

٧_ زەیتە بنەڕەتیەکان[1].

مرۆڤ بە چەندین ڕێگە سوودی لەم ماددانە وەرگرتووە، بۆ نمونە:

١_ وەك بەهارات: تام و بۆن و چێژی تایبەتی دەدات بە خواردن.

٢_ وەك ڕەنگ کردن: بەکاری دێنن بۆ ڕەنگ کردنی خواردن، قوماش... هتد.

٣_ کەرستەی پزیشکی و پیشەسازی دەرمان.

٤_ لەسەر تیشکی ئەو زانیاریانەی سەرەوە زەنجەفیلیش، کە ڕووەکێکە لە ڕووەکە پزیشکیەکان، چەندین ئاوێتە و پێکهاتەی کیمیاوی تێدایە سوودە بایلۆجی و پزیشکییەکانی زەنجەفیل بریتین لەمانەی خوارەوە:

١_ کاریگەری لەسەر کۆئەندامی هەرس:

أ_ بەکارهێنانی زەنجەفیل وەك دژە ڕشانەوە.

ب_ کاریگەری زەنجەفیل لەسەر دەردانی دەردراوی زەرداو و چالاکیەکانی تری کۆئەندامی هەرس.

---

[1] گۆڤاری هەیڤ ژ ١٤_١٥، بەدەستکارییەوە.

٢_ كاریگەری زەنجەفیل لەسەر هەوككرن.
٣_ كاریگەری زەنجەفیل دژ بە هەلأوسان و لووەكان[1].

**دووەم: هەنار**

هەنار یەكێكە لە میوەكانی بە هەشت[2]، خوای گەورە بە تایبەت باسی كردووەو ناوی هێناوە وەك نمونەیەك لەو میوەجاتانەی كە دەبەخشێت بەبەندەكانی، لەوبارەوە دەفەرموێت: ﴿ فِيهِمَا فَاكِهَةٌ وَنَخْلٌ وَرُمَّانٌ ﴾ الرحمن: ٦٨. دووبارە باسی دارخورماو هەنار كراوە، كەچی هەر بەشێكن لە میوەجات، ئەمە بۆ زیاتر خستنەڕووی پلەو پایە گەورەیی هەردووكیانە. هەنار یەكێكە لەو میوانەی زۆر بەربڵاو و ناسراوە، زۆرێك لە نەتەوە دێرینەكان ناسیویانە، لەوانە فیرعەونەكان كە بەكاریان هێناوە لە چارەسەركردنی نەخۆشیدا. و شوێنی ڕەسەنی باشوری خۆرئاوای ئاسیایە یاخود باكوری خۆرئاوای هیند و لەوێشەوە گوێزراوەتەوە بۆ ئێران و پاشان بۆ حەوزی دەریای سپی ناوەڕاست و میسرو لەوێشەوە بۆ ئەوروپا لە چاخە دواییەكان.

---

(1) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(2) یوسف الحاج أحمد: موسوعة الاعجاز العلمي في القرآن الكريم و السنة ٨٦٦ – ٨٦٩. و عبدالرزق أحمد، ئاشكرابوونی موعجیزەكانی قورئان و سوننەت لە سەردەمی نوێدا ١١٤. بەدەستكاریەوە.

له كەلەپوری ئیسلامیشدا وەسفێكی وردی سوودەكانی هەنار كراوە، هەروەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموویێت: (كلوا الرمان بشحمه فانه دباغ للمعدة) واتە: ئێوە هەنار بەناواخنە سپیەكەیەوە بخۆن، چونكە دەبێتە پارێزەری گەدە. لەبەر ئەمە ئیمامی عەلی (خوا لێی ڕازی بێت) كە هەناری لەت دەكرد ناواخنەكەی دەخوارد بۆ جێبەجێكردنی فەرمانی پێغەمبەر ﷺ. لە نوێترین لێكۆڵینەوەدا ئاشكرا بووە ناواخنە سپییەكەی هەنار ماددەی دژە قەبزی و چارەسەری تیایدایە بۆ قورحەی گەدەو دوانزەگرێ، هەتا لە لێكۆڵینەوەیەكدا ئەو پوختەی لە ناواخنی هەنار وەرگیرا بە هۆی ئامێری هەناو بین (ناظور) درا لە شوێنی قورحەكان لە ناو گەدەو دوانزەگرێ دا، دوایی بۆیان ئاشكرا بوو كە قورحەكانیان بە تەواوی چاك بووەتەوە[1].

لەوەی سەرەوە بۆمان دەركەوت ئێستا لە وڵاتە ڕۆژئاواییەكان دەیان و سەدان توێژینەوە لەسەر ئەم دەقە قورئانیانی و فەرموودانە ئەنجام دەدرێن، زۆربەشیان باوەڕیان پێی نییە، بەڵام لەبەر بەرژەوەندی گشتی هاوڵاتیانیان هەڵدەستن بە وەرگرتنی

---

(1) یوسف الحاج أحمد: موسوعة الاعجاز العلمي في القرآن الكريم و السنة ٨٦٦ – ٨٦٩. و د. أحمد مصطفى متولي: الموسوعة الذهبية في اعجاز القرآن والسنة النبوية ١٠٠٥. و عبدالرزق أحمد؛ ئاشكرابوونی موعجیزەكانی قورئان و سوننەت لە سەردەمی نوێدا ١١٤. بەدەستكاریەوە.

ئەو ماددانـەی کـە لـە کەلـەپوری ئیسلامدا هـاتووەو توێژینـەوەیان لەسـەر دەکـەن، ئەمـەش بـۆ زانینـی ئـەو سـوودانەی فـەرموودەکان باسـیان کـردووە، کاتێـك ئـەو شـتانەیان بـۆ دەسـەلمێت ئـەوا بڵاویـان دەکەنـــەوە، زۆرێـــك لـــەو ماددانـــە کـــراون بـــە دەرمـــان و لـــە دەرمانخانەکان دا دەست دەکەون، گەورەترین سوود دەبەخشن.

# تەوەری سێیەم

# هەندێ جۆری موعجیزە

# لە فەرموودەکانی پێغەمبەردا ﷺ

دەروازەی یەکەم: ئیعجازی زانستی لە هەندێ لەو شتانەی کە پێغەمبەر ﷺ ڕێگری لێکردووە

دەروازەی دووەم: ئیعجازی زانستی لە هەندێک لەو شتانەی کە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێ کردووە

دەروازەی سێیەم: ئیعجازی زانستی لە هەندێک لەو هەواڵە پەنهان و غەیبیەکانی پێغەمبەر ﷺ داویەتی

# دەروازەی یەکەم

## ئیعجازی زانستی

## لە هەندێ لەو شتانەی کە پێغەمبەر ﷺ ڕێگری لێکردووە

### ١_ زۆرخۆری

لـە میقـدادی کـوڕی معـد یەکربـەوە (خـوا لێـی ڕازی بێـت) کـە هاوەڵێکی پێغەمبەر ﷺ بوو وتویەتی: گوێم لە پێغەمبەر ﷺ بـوو فـەرمووی: (مَا مَلَأَ آدَمِيٌّ وِعَاءً شَرًّا مِنْ بَطْنِـــهِ، بِحَسَـــبِ ابْـــنِ آدَمَ لُقَيْمَاتٌ يُقِمْنَ صُلْبَهُ، فَإِنْ كَانَ لَا مَحَالَةَ، فَثُلُثٌ لِطَعَامِهِ، وَثُلُثٌ لِشَـــرَابِهِ، وَثُلُثٌ لِنَفَسِهِ) فەرموودەیـەکی ڕاسـتە، ئیمـامی ئەحمـەد و ترمـزی و نەسـائی و ئـیبن ماجە و ئیبن حەببان و حالك گێڕاویانەتەوە. واتـە: مـرۆڤ هـیچ دەفرێکـی پـڕ نەکردووە کە لە سکی خۆی خراپتر بێت، ئەوەنـدە بەسـە بـۆ مـرۆڤ چەند پاروویەك بخوات بۆ ئەوەی هێزی تێدا بێت و بتوانێت خۆی ڕاگرێت و گەر هەر پێویست بکات ئەو کاتـە بـا سـکی بکـات بـە سـێ بەشەوە: بەشێکی بۆ خـواردن، بەشـێکی بـۆ خواردنـەوە، بەشـەکەی تر بە بەتاڵی بهێڵیتەوە بۆ هەناسە. ئەم فەرمایشـتە پـیرۆزە ئامـاژە بە ڕاستیەکی پزیشکی نوێی دەکـات، زانـای ڕووسـی (ئیڤـان پـاڤلۆڤ)

له سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئەوەی دۆزیەوە کە گەدە چەندین دەردراوی تایبەتی هەیە بۆ هەرس کردنی خواردن دەیڕێژێت، ناوبراو دەڵێت: کە مرۆڤ گەدەی خۆی پڕ کات لە خواردن و خواردنەوە ئەوا ئەو دەردراو و ئەنزیمانەی گەدە شوێنیان بۆ نامێنێ تا تێکەڵ ببن لەگەڵ خۆراکەکەدا و هەرسی بکەن، هەر بۆیە ئەو کەسەی بەردەوام گەدەی خۆی پڕ دەکات هەست بە نارحەتی دەکات و گەدەکەشی خواردن باش هەرس ناکات. گەدەی مرۆڤ لە تورەکەیەکی ماسولکەیی پێکهاتووە کاتێك مرۆڤ لە خواردن دەبێتەوە هەڵدەستێت بە ڕاوەشاندنی خواردن و خواردنەوە لەگەڵ دەردراوەکانی گەدەدا تێکەڵیان دەکات، ئەگەر مرۆڤ بەشێکی گەدەی بە بەتاڵی بەجێی نەهێلێت و هەمووی هەر پڕ بکات ئەوا بواری ئەو ڕاوەشاندنەی نابێت و خواردنەکە باش هەرس نابێت، شایەنی باسە ئەو زانایە لەسەر ئەو دۆزینەوەیە خەڵاتی نۆبلی وەرگرت لە ساڵی ١٩٠٤ز. ئەو فەرموودە پیرۆزە موعجیزەی زانستی گەورە پەخش و بەخش دەکات تەنانەت لاڕێ و ملهورەکانیش دانیان بە گەورەیی ئەو وتەیەدا ناوە، دکتۆر (عەبدولباست سەید) دەڵێت: سەردانی شاری (شتوتگارت)ی ئەڵمانیم کرد و چووم بۆ نەخۆشخانەی سەرەکی ئەو شارە کە هەزاران پزیشك و کارمەندانی تەندروستی کاری تێدا دەکەن،

کاتێك چوومە هۆڵی سەرەکی نەخۆشخانەکە بینیم لە ناو چوارچێوەیەکی گەورەدا بە زمانی عەرەبی و ئەڵمانی نووسراوە: (فإنْ كَانَ لَابُدَ فَثلُثٌ لِطَعَامِه، وَثُلُثٌ لِشَرَابِه، وَثُلُثٌ لِنَفَسِه) لە ژێریدا وتەکە بۆ سەر زمانی ئەڵمانی وەرگێڕدرا بوو، لە کۆتایدا نوسرابوو ئەوە وتەی پێغەمبەری ئیسلامە![1].

## ٢_ ڕێگری کردن لە خواردن بێ پشوودان بەسەریەکدا:

ئەنەس دەڵێ: (كانَ الرَسُولُ اللهِ ﷺ يَتَنَفَسُ فِي الشّرابِ ثَلاثًا)[2]. واتە: پێغەمبەر ﷺ لەو کاتەی خواردنەوەیەکی دەخواردەوە، سێ جار هەناسەی دەدایەوە... .

پێغەمبەر ﷺ ڕێگری کردووە لەوەی مرۆڤ دوای خواردن خواردنێکی تری بکات بەسەریدا. لە ڕۆژگاری هاوچەرخدا

---

(1) د. أحمد مصطفى متولي: الموسوعة الذهبية في اعجاز القرآن والسنة النبوية ٩٥٦. و عبدالرزق أحمد، ئاشكرابوونی موعجیزەکانی قورئان و سوننەت لە سەردەمی نوێدا ١٠١، ١٠٢.

(2) رواه البخاري ابن حجر العسقلاني: فتح الباري شرح صحصح البخاري: باب: باب: الشرب بنفسين أو ثلاثة، رقم ٥٦٣١، ١٠/١١٥. و مسلم: الامام محيي الدين النووي: المنهاج شرح صحيح مسلم بن الحجاج، باب: كراهية التنفس في الانا‌ء و استحباب التنفس ثلاثا خارج الاناء، رقم ٥٢٥٤، ١٩٩/٣. و ابن ماجه: سنن ابن ماجه باب: الشرب بثلاثة أنفاس، رقم ٣٤١٦، ٤٤٧. و الترمذي: جامع الترمذي باب: ماجاء في التنفس في الاناء، رقم: ١٨٨٤، ٥٣٩.

موعجیزەی ئەو فەرموودەیە بەپێزە دەرکەوتووە. لە ڕووی زانستی کارئەندامزانی (فسیۆلۆژی) زانایان بینیویانە گەدە کاتێ خواردنی تێدەکرێت هەڵدەستێت بە داخستنی هەردوو (دەرچەی) سەروو و خواروو، چونکە گەدە دوو دەرگای هەیە: دەرچەی سەروو لە سورێنچکەوە بۆی دەچێت دەرچەی خواروو: ئەوەی لە ناوی دایە دەیڕژێنێتە ناو ڕیخۆڵەی دوانزەگرێوە، پاش ئەوە کرداری ڕاوەشاندنی خۆراك ئەنجام دەدات ئەوەش ٢ _ ٤ کاتژمێری دەوێ بۆ ئەوەی خواردن و خواردنەوەکە بە چاکی و بە جوانی هەرس بکات، ئەگەر ئادەمیزاد زووتر خۆراك بخوات هەموو نیو کاتژمێرێك یان کاتژمێرێك هەر جارێ شتێك بخوا بواری ئەو کردارە نادات بە ڕێك و پێکی بەڕێوە بچێ سوودی باش لە خواردنەکە وەرناگرێ، لەبەر ئەوە مرۆڤ کە خۆراکی خوارد با نەریتی وابێ بەیەکەوە هەمووی بخوات و پاشان تا ماوەی دوو سەعات بەلایەنی کەم خواردن نەخواو نەیکا بەسەر یەکدا بۆ ئەوەی تووشی نارەحەتی نەبێ. شایەنی سەرنجە کە فەرمایشتەکەی پێغەمبەر ﷺ چۆن باسی کردووەو ڕێگا چارەی بۆ داناوە ئاوەهاش زانستی نوێی سەردەم ڕاستێتی ئەوەمان زیاتر بۆ تۆخ دەکاتەوەو پێداگیری زیاتری لەسەر دەکات[1].

---

(1) عبدالرزق أحمد: ئاشکرابوونی موعجیزەکانی قورئان و سوننەت لە سەردەمی نوێدا

## ٣_ ڕێگری کردن لەپیس کردنی ئاو:

سـەبارەت بـە پاراسـتنی ئـاو لـە پـیس بـوون پێغەمبـەر ﷺ دەفەرموویێت: (لا يُبُولَنَّ أَحَدُكُمْ في الماءِ الدَّائِمِ الذي لَايَجْرِي ثُمَ يَغْتَسِلُ فِيـــهِ) بخاری و موسلیم لەسەری کۆکن. واتـە: هـیچ یـەکێك لـە ئێـوە میـز نەکاتە ناو ئاوی وەستاوەوە، پاشان خۆی تێدا بشوات. لەبەر ئـەوەی ئـاوی وەسـتاو ژینگەیـەکی باشـە بـۆ گەشـەکردنی بـەکتریا وەك: کولێرا، سەلمۆنێلا، شیگێلان و هەندێك کرمی وەك: کرمـە پانـەکان، کرمی بەلهارزیا، لـە ئـاودا سووری ژیانیـان تـەواو دەکـەن، هـەروەها پێغەمبـەر ﷺ فەرموویـەتی: (غَطَوا الْانَاءَ، وَأَوْكُوا السَّــقاء) ئیمامی موسلیم گێراویەتیەوە. واتە: دەفرەکان داپۆشـن و سـەر بـەرەڵایی جێیـان مەهێڵێن. و فەرموویەتی: (نَهَى النَّبِيُ ﷺ أَنْ يشرب مَنْ فِي السَّــقاء) ئیمامی بوخاری گێراویەتیەوە. واتە: پێغەمبـەر ڕێگـری کـردووە لـە دەمـی گۆزەوە ئاو بخورێتەوە، چونکە هەر یەك میلی لیترى لیك ملیۆنەها میکرۆبـی تێدایـە، گەشـە دەکـەن و کەسـی تـر کـە لێـی دەخواتـەوە زیانی پێدەگات. زانستی خۆپارێزی کاتێك پەیدابوو کـە زینـدەوەرە بچووکوکان بـە جـۆرە جیـا جیاکانیـەوە دۆزرانـەوە، تەکنـەلۆژیای

---

١٠٣. و عبدالرحيم ماردينى، موسوعة الاعجاز العلمى في القرأن و السنة النبوية الشريفة ٦٣٧، بەدەستکارییەوە.

پێشکەوتوو هۆکانی تووش بوونی بە نەخۆشی دۆزییەوە، ئەمەش لە سەدەی بیستەمدا پەیدا بوو، بەڵام پێش ئەوە مرۆڤەکان دوو جۆر بوون: موسڵمانەکان کە بنەما وردەکانی زانستی خۆپارێزیان دەزانی، ئەویش بەهۆی ئایینەکەیانەوە، زۆر بە ئاسانی پەیڕەویان دەکرد، وەك: پەرستشێك بۆ پەروەردگاریان دەزانی، بەڵام ئەوانەی موسڵمان نەبوون، با بزانین زاناکانیان چی دەڵێن لە بارەیانەوە: زانای ئەڵمانی (زبجرید هۆنکە) لە کتێبی (شمس العرب تشرق على الغرب) باسی سەرسورمانی زانای موسڵمان (تەرتوسی) دەکات لە پیس و پۆخڵی ڕۆژئاواییەکان، (تەرتوسی) لە سەدەی هەژدەهەمدا سەردانی ڕۆژئاوای کردووەو خۆی پێنج فەرزە دەست نوێژی گرتووە، کەچی ڕۆژئاواییەکان تەنانەت ساڵی یەکجار یان دوو جار بە ئاوی سارد خۆیان دەشۆرد و جلەکانیان نە دەشۆرد نەوەك بدرێت، پاشان ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن وڵاتانی ڕۆژئاوا کاریان تێکرا بە ڕەوشتی موسڵمانان، وردە وردە ڕەوشتە ئیسلامیەکانیان وەرگرت لە بواری پاك و خاوێنی، ئەمە گەواهی زانایەکی ڕۆژئاواییە، بەریتانیەکان وایان دەزانی خۆشۆردن زەرەرو زیانی بۆ تەندروستی هەیە، لە کۆشکی (ڤێرسای) کە خانووی پادشاکانی فەڕەنسا بووە یەك حەمام نەبووە، زۆر عەیب بووە لە کۆشکی سپی ئەمریکیشدا حەمام هەبێت، تەنانەت یەکەم حەمام لەوێ لە

ساڵی ١٨٥١ز دا دروستكرا، هەروەها (بەرنارد شۆ) كە دكتۆرێكی بەریتانییە، لە كتێبی (حیرة طبیب) باسی ئەوە دەكات كە چۆن كاتێك بەریتانییەكان دوورگەكانی (ساندویش)یان لە زەریای هێمندا داگیر كرد، خەڵكەكەیان ناچاركرد، كە واز لە ئایینی ئیسلام بێنن، ببن بە مەسیحی، ئەم دكتۆرە باس دەكات كە چۆن دوایی تووش بوون بە چەندین نەخۆشی، پاش وازهێنان لە ئامۆژگارییەكانی ئیسلام سەبارەت بە پاك و خاوێنی. لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ جیهانی زیندەوەرە وردەكان غەیبی شاراوە بوو، كەس شارەزای لەبارەوە نەبوو، بەڵام ڕێنماییەكانی ئیسلام دەربارەی پاك و خاوێنی ئاماژە بەوە دەكەن، كەواتە زانست خۆی دەسەلمێنێت كە قورئانی پیرۆزو سوننەتی بە پێزی پێغەمبەر ﷺ پێشڕە بوونە[1].

(1) گۆڤاری هەیف ژ ٧ و ٨.

# دەروازەی دووەم

## ئیعجازی زانستی

## لە هەندێک لەو شتانەی کە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێکردووە

### ١_ کەلەشاخ کردن

کەڵەشاخ کردن: بریتییە لە هەڵمژینی خوێن لە جەستەی مرۆڤ بە هۆی ئامێری تایبەت، بە عەرەبی پێی دەگوترێت (حجامة)، بە کوردی پێی دەگوترێت (کەڵەشاخ)، بە هۆی ئەوەی کە لە کۆنەوە لە کوردەواری شاخی ئاژەڵ واتە (قۆچیان) بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێناوە، بەڵام ئەمڕۆ کەرستەی پزیشکی تایبەت پەیدابووە بۆ ئەم مەبەستە. لە ڕووی پزیشکی بریتییە لە کرداری هەڵمژینی خوێن، لە چەندان شوێنی تایبەت لە جەستەدا، بە هۆی بە تاڵ کردنەوەی هەوا لەو شوێنە و بەکارهێنانی کاسە یان پەرداخی تایبەت و ئاگرکردنەوە لەناو پەرداخەکەدا یان بە هۆی ڕاکێشان و بە تاڵ کردنی هەوا بە هۆی ئامێری تایبەت (پەمپ).

پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: (خَيْـــرُ مَاتَــداوَيْتُمْ بِـــهِ الْحجَامَـــةُ وَالْفَصْدُ)[1] واتە: چاکترین چارەسەریتان خوێن بەردانە. (عَلَـــيْكُمْ بِالْحجَامَةِ) نەسائی گێڕاویەتیەوە. واتـە: سوود لـە کەڵەشاخ وەربگرن. زانایـان و پسـپۆڕان لــە ئەمــەریکاو چــین و ســوریا و ئــەڵمانیا و چەندان وڵاتـی تـر گرنگیـان داوە بـە خـوێن گـرتن لـە پشت و زۆر سوودی لێبینراوە. و پێغەمبـەر ﷺ فەرموویـەتی: (عَلَيْكُمْ بِالْحجَامَةِ فِي جَوْزَةِ الْقَمْحُدُوَةِ فإنَّها شِفاءٌ مِنْ اِثْنَيْنِ وَسَبْعِينَ دَاء). واتـە: کەڵەشـاخ بکـەن لـەو چـاڵەی کۆتـایی کاسـەی سـەردا، کـە دەنوسـێ بەملـەوەو دەکەوێتــە ژێــر ڕژێنــی نوخامیــەوە، بــۆ حــەفتاو دوو نەخۆشــی شــیفایە. زانایــەکی وڵاتــی ئــەڵمانیا لــە شــتوتگارد لــە ئــەڵمانیا لێکۆڵینەوەی کرد لەسەر ئەو فەرموودە پیرۆزە، بۆی دەرکەوت ئـەو ڕژێنە (غوددەیە) حەفتاو دوو هۆرمۆن دەردەکات، بە هەر گیرانێـك لەو ناوچەیەدا کـە ڕووبـدات و هۆرمۆنـەکان کـاری خۆیـان ناکـەن و کەسەکە تووشی نەخۆشی دەبێ، بۆیە ئەگەر گیران لـە دەمارەکانـدا ڕوویانــدا لــەو ناوچــەیەدا بــەو خــوێن لێگرتنــە بــەردەبێت و چارەسەرە بۆ حەفتاو دوو نەخۆشی. ئـەو زانایـە پـاش ئـەوەی ئـەو

---

[1] حاجی عەبدول الجمیل: کەڵەشاخ (حیجامە) ١٥.

موعجیزەیە گەورەی پێغەمبەری بۆ دەرکەوت هاتە سعودیە ساڵی ۲۰۰۲ز موسڵمان بوو[۱].

## ۲_ سیواك كردن

دەرختی داری سیواك ناوی (ئاراك)ە، ڕۆڵ و کاریگەریەکی گەورەی هەیە لەسەر تەندروستی دەم و ددانەکان، توانای پارێزگاری کردنیان هەیە لە کلۆربوونی ددان و هەوککردنی پووك و پارێزگاری کردن لە تووش بوون بە شێرپەنجەی پووك، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان دەرکەوت کە دار سیواك چەندین ئاوێتەی سوود بەخشی تیادایە، سیواك هەردوو ماددەی (فلۆریدا و سلیکۆنی) تیادایە و ڕیشاڵەکانی ماددەی بیکار بۆ نانی صۆدیۆمی تێدایە، بە هەموویان ڕۆڵی پارێزەریان بۆ ددانەکان سەلمێنراوەو ئێستا لە هەموو جیهاندا دەخرێتە ناو پێك هاتەکانی هەویری پاك کردنەوەی ددان، جگە لەوەی ڕۆڵێکی گەورەشی هەیە بۆ هێمن کردنەوەی ئێشی ددانەکان، دوو ماددە لە سیواك دا هەیە ناویان (ڕێسین) و (تانك ئەسید)ە، وا لە ددانەکەکان دەکەن زیاتر

---

(۱) عبدالرزق أحمد: ئاشکرابوونی موعجیزەکانی قورئان و سوننەت لە سەردەمی نوێدا ۱۱۹. و د. عبدالرحیم ماردینی: موسوعة الاعجاز العلمی في القرأن و السنة النبوية الشريفة، و حاجی عەبدول الجمیل؛ کەڵەشاخ (حیجامە) بکە.

بەرگريان هەبێ دژى كلۆربوون و چاڵ بوونى ددانەكان، ئەويش بە هۆى دروست كردنى چينێكى داپۆشەر لە سەر دەورووبەرى ددانەكان. هەروەها پێكهاتەى تريشى تيادايە وەك: گۆگردو كبريت و كلۆرو صۆديۆم و كالسيۆم و ئاسن و ڤيتامين سى. ئەو هەموو پێكهاتە بە سوودانەى ناو سيواك كە لە ٢٢ ماددە زياترە، واى كردووە سيواك بە هاوو نرخى زانستى باشى هەبێت لە تەندروستى ددان و پووك، توانای كەمتر نەبێت لەو هەوير (مەعجون)انەى لەلايەن كۆمپانيا جيهانيەكانى دروست كردنى هەويرى ددانەكانەوە بەرهەم دەهێنرێت، تەنانەت ئێستا پێشبڕكێ هەيە لە نێوان بەكارهێنانى سيواك لە دروستكردنى هەندێك هەويرى پاك كردنەوەى ددانەكان، لەوانە كۆمپانياى ناسراو (sarakan ltk.ofuk)ى بەريتانى بە بەرهەمى ( hotta_ pila) و كۆمپانياى (كلكتا)ى هيندى بە بەرهەمى ( neem tooth paste)، سوود و كەڵكى ئەو ڕووەكە تەنها بۆ ددان و ناو دەم نييە، بەڵكو گەلێك سوودى پزيشكى تريشى هەيە، وەك: بوونى ڕۆنى (زەيتى) بە هەڵم بوو تێيدا و (كلۆر فۆرم، ميثانول و ئيسپرتول) كە بە سوودن بۆ هەموو لەش بە گشتى. (د. فريد

فیستر) دەڵێت: حەوت ساڵە من تەنها سیواك بەكاردەهێنم بۆ دەم و ددان[1].

ئینجا پاك كردنەوەی ناو دەم بە هۆی داری سیواكەوە یان (سیواك كردن) یەكێكی ترە لە فەرمانەكانی پێغەمبەر ﷺ كە دەفەرموێت: (لَوْلَا أَنْ أَشُقَّ عَلى أُمَّتِي لَأَمَرْتُهُمْ بِالسِّوَاكِ عِنْدَ كُلِّ صَلَاةٍ)[2]. واتە: ئەگەر بە گرانم نەزانیایە لەسەر ئوممەتەكەم ئەوا فەرمانم پێ دەكردن بەوەی سیواك لەگەڵ هەموو نوێژێكدا بكەن.

هەروەها دەفەرموێت: (تَسَوَكُوا فِانَ السِّوَاكَ مُطهرة لِلْفَمِ مَرْضَاتٌ لِلرَّبِ) ئیبن ماجە گێڕاویەتیەوە. واتە: بە سیواك كردن پاك بوونەوەی ناو دەم و ڕەزامەندی خوای گەورە بە دەست دێنن. لە ڕووی زانستیەوە سەلماوە كە چینێكی میكرۆب لە سەر ددانەكان دروست دەبێت، لێپرسراوە لە داخورانی ددانەكان و نەخۆشییەكان و هەوكردنی پووك، ژمارەی میكرۆبەكانی تیایدا لە سانتی مەترێكدا ١٠٠ بلیۆنە، لەبەر ئەوە لە كاتی خەوتندا لیك كەمترەو گەشەی میكرۆبەكان زۆرترە، ئەم چینە زیاتر دروست

---

(١) عبدالرزق أحمد: ئاشكرابوونی موعجیزەكانی قورئان و سوننەت لە سەردەمی نوێدا ٩٥_ ١٠٠، بەكەمێك دەستكاریەوە. و یوسف الحاج أحمد: موسوعة الاعجاز العلمي في القرآن الكريم و السنة ٧٤١ _ ٧٤٨.

(٢) ئیمامی موسلم گێڕاویتەیەوە: سەیری: الامام محيي الدين النووي؛ المنهاج شرح صحيح مسلم بن الحجاج، باب: السواك، رقم ٥٨٨، ٢/١٣٦.

دەبێت، بۆیە دەبینین لە فەرموودەیەکدا هاتووە: هەر کاتێك پێغەمبەر ﷺ لە خەو هەڵبستایە سیواکی دەکرد. و ئەم چینە میکرۆبە پەیوەندی بەخواردنەوە نییە، بۆیە لە کاتی بەڕۆژوو بوونیشدا گەشە دەکات، سیواك کردن سوونەتە[1].

سیواك کردن چەندین سوودی پزیشکی هەیە، لەوانە:

١_ ماددەیەکی دژ بە بەکتریای تێدایە کە لە (پەنسلین) دەچێت.

٢_ ماددەی (سنجرین)ی تێدایە کە دژە بەکتریایە و پێنج جۆر بەکتریای ناو دەم لە ناو دەبات لەوانە: (streptococcus)، کە زانایان (جاکوب و براون) لە ساڵی ١٩٧٩ز سەلماندیان.

٣_ ماددەی (سیلیس)ی تێدایە، ددانەکان تێدا دەدرەوشێنەوە.

٤_ ماددەی (tannic acid) کە دژە بەکتریایە، هەوککردنی پوك چاك دەکاتەوە.

٥_ ماددەی (trimethyl amine) گەشەی میکرۆب کەم دەکاتەوە، لە لێکۆڵینەوەیەکدا لەسەر ئەوانەی کە سیواك بەکاردێنن، بینراوە کە ئەو توێژاڵە بەکتریایە لادەبات، تەنانەت هەوکردنی پوکیش چاك دەکاتەوە، بۆیە لێکۆڵەرەوەکان داوایان

---

[1]) گوڤاری هەیف ژ ٧ و ٨.

کرد بەکاربهێنرێت بۆ پاراستنی خەڵکی لە نەخۆشییەکانی پووك و ددانەکان[1].

## ٣_ قەیلولە

قەیلولە خەوتنی پێش نیوەڕۆیە، ئەبی هورەیرە (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێت پێغەمبەری خوا ﷺ قەیلولەی دەکرد. ژمارەیەك لە کۆمپانیا ئەمەریکیەکان شێوەی "پشووی یەکەم" بەکار دەهێنن کە بریتییە لە خەوتنی ماوەیەکی کەمی کارمەندان لە نوسینگەکانیاندا، لە دەورووبەری نیوەڕۆدا بۆ ماوەی بیست خولەك تا نیو کاتژمێر، بە مەبەستی چاڵاك کردنەوەی وزەیان لە بەرهەم هێناندا. کۆمپانیای "یارد میتالز" تایبەتمەندە لە دابەشکردنی ئاسن، ٦٤٠ کەس لە سەرجەم ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کاری تیادا دەکەن و هۆڵی تایبەتی هەیە لە هەر هەشت بنکەکانی و ناوی ناوە "بەشی حەوانەوە"، هەر کەس بچێتە ناو ئەو هۆڵەوە هەست بە ئارام بوونەوەی دەروونی دەکات لەبەر بۆنی خۆش کە تێکەڵ بە دەنگ و ئاوازی خۆش دەبێت لە کاتێکدا ئەو کەسە لەسەر کورسیەکی فراوان دادەنیشێت، سەرباری ئەوەی کە دیوارەکانی بە ڕەنگی شینی ئاسمان ڕازاوەتەوە.

---

[1]) گۆڤاری هەیف ژ ٧ و ٨.

(سـوزان كوزيكوفسـكى) وتـه بيـَژى كۆمپانيـاى "يـارد ميتـالز" لـه بـارەى سيسـتەمى پشـووەوە لـه كـاتى دەوامـى ئاسـاييدا (سـوزان لـه سالّى ٢٠٠٠ لـه كۆمپانيـاى نـاوبراو كـار دەكـات) وتـى: "پشـوومان گەياندۆتە بەرزترين ئاست كە بەهۆيەوە ماندووى و بىّ تاقەتيمان نەهێشـتووە"، لـه وەلاّمـى پرسـيارێكى ئاژانسـى (فـرانس پـرێس)دا دلّنيـايى ئـەوەى دا كـە: "بيسـت خولـەك حەسـانەوە بەرامبـەر دوو كاتژمێر لە بيركردنەوە يان چوار سەعاتە لە نووستن"، كۆمپانياكە بە پشت بەستن بـەم سيسـتەمە "قـازانجى گـەورەى كـردووە لەسـەر ئاسـتى بەرهـەم هێنـان لەلايـەك و سـەلامەتى لەلايـەكى تـرەوە" سـەبارەت بـەو فەرمانبەرانـەى كـە زۆربـەيان لەسـەر ئـەو ئامێرانـە كاردەكـەن كـە كاريـان بەرزكردنـەوەى قورساييە و پێويسـتيان بـە وريايـيـەكى تـەواو هەيـە. ئـەنجامى ئـەو لێكۆڵينەوانـەى كـە زانـاى ئــەمريكى و يۆنانيــەكان لــەم دواييــەدا پێــى گەيشــتوون ئــەوە دەسەلمێنێت كە پەيڕەو كردنى پشووى نيوەڕۆ بەشێوەيەكى ڕێـك و پێـك سـێيەكى مەترسـى مـردن كـەم دەكاتـەوە بـە هـۆى (سـنگە كوژىّ)يـەوە. (پـيتر فيتاليـانو) مامۆسـتاى دەروونزانـى لـە زانكـۆى (واشنتۆن) دەلّىّ:"ئەم لێكۆڵينەوەيە زۆر گونجاوە" و باسـى سوودى ئـەو پشـووە دەكـات كـە لـە ولاّتـانى ئـەوروپا گرنگـى پـىّ دراوە. (فيتاليـانۆ ) وتى:"لێـرە ئەگـەر كەسێك وا بكـات ئـەوا بـە تەمبـەڵ

دادەنرێت بەڵام لە یۆنان و ئیسپانیا پرسیار لەو کەسە دەکرێت کە ئایا پشووی باشی داوە؟!". لەو کۆمپانیایانەی کە کار بەو سیستەمە دەکەن لە کەرتی گواستنەوەو گەیاندن، وەك: کۆمپانیاکانی فرۆکەوانی و هێڵی ئاسن و لە نێوانیاندا نەخۆشخانە و کۆمەڵێك لە زانکۆکان و پاشان نوسینگەکانی پارێزەری و ئاژانسەکانی ڕاگەیاندنیش هەیە[1].

دوای ئەنجامدانی چەندین توێژینەوەی دوورو درێژ دەرکەوتووە کە باشترین قەیلولە کە سوودی گەورە ببەخشێت بە لەشی مرۆڤ ئەوەیە کە ماوەی ٢٠ خولەك تێنەپەڕێت بە مەرجێك پچڕ پچڕ نەبێت، بەریتانیەکان بە قەیلولە دەڵێن خەوتنی وزە بەخش (powr up)، ئێستا لە زۆرێك لە دامەزراوە نێودەوڵەتی و کۆمپانیا گەورەکان پێویست کراوە، لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی لابردنی گرژی و دڵەڕاوکێ لەلای فەرمانبەرەکان. دوای قەیلولەیەك کە نیو کاتژمێر بخایەنێت کاردانەوەو بە ئاگایی لای مرۆڤ بەرز دەبێتەوە بە ڕێژەی زیاتر ١٦٪، بێ ئاگایی و هزر بڵاوی بەڕێژەی ٣٤٪ کەم دەکاتەوە، ئەمەش ئەو ڕێژەیەیە کە زانایانی زانکۆی (هارفارد)ی ئەمریکی دووپاتیان کردۆتەوە، پرۆفیسۆر(دیمیتریوس تریخوبولوس) لە کۆلێژی پزیشکی

---

[1]) گۆڤاری هەیف ژ ١٢.

(هارفارد) دەڵێت: قەیلولە لەوانەیە ببێتە هۆی کەم کردنەوەی ڕێژەی مردن بەتایبەتی لەوانەدا کە نەخۆشی دڵیان هەیە. (یارل گرانت) یاریدەدەری بەڕێوبەری ئاژانسی "سترۆبیری فرۆگ" بۆ ئاگاداریەکان کە ساڵێك دەبێت سستمی "پشووی وریاکەرەوە" لەکاتی ئیشکردندا پەیڕەو دەکات دەڵێت:"هەر چەندە خەڵکی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان هێشتا بەشێوەیەکی باش لە ناوەڕۆکی ئەم باسە نەگەیشتوون وەك ئەوروپا". (یارل گرانت) ئەوەی ڕوون کردەوە کە "پشوو دان بۆ ماوەی دە خولەك لە وێستگەکانی بەیانیاندا شتێکی سروشتییە"سەبارەت بە فەرمانبەرانی ئاژانس کە ژمارەیان نزیکەی پەنجا کەسە". بۆ ئەم مەبەستە چەند کورسیەك دروستکراوە کە بۆ ئەم کارە گونجاو بێت لەسەر شوێنی کارکردن، (ئیرشاد شودوری) کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی "مترو نابس" کە هەڵدەستێت بە دابەشکردنی ئەم کورسیانە و بەجۆرێك دروستکراوە کە لەکاتی خۆیدا کەسی نوستوو بەخەبەردەکاتەوە[1].

1) گۆڤاری هەیڤ ژ ١٢.

# دەروازەی سێیەم

## ئیعجازی زانستی

## لە هەندێک لەو هەواڵە پەنهان و غەیبییەکانی پێغەمبەر ﷺ داویەتی

**یەکــــەم:** هەواڵــدانی پێغەمبــەر ﷺ لــەبارەی کۆچــی دوایــی کردنی فاتیمەی کچی[1]، جا کاتێك پێغەمبەر لە سـەرەمەرگ دابـوو، ڕاکشابوو لەسەر جێگاکەی (پێخەڤەکەی) لە مـاڵی عائیشـە (خوا لێی ڕازی بێت) ئەو کارەساتە ڕوویـدا کـە دایکـی ئیمانـداران عائیشـە (ڕەزای خوای لێبێت) بۆمانی دەگێڕێتەوە، دەفەرمویێت: (پێغەمبەری خـوا ﷺ بانگی فاتیمەی کچی کرد و بە پەنهان قسەیەکی بۆ کـرد و ئـەویش گریـا، دووبـارە قسـەیەکی بــە نهێنــی بــە گوێچــکەیدا چــرپاند زەردەخەنە گرتی و پێکەنی؟.

عائیشە وتی: بە فاتیمەم وت: ئەو شتە چی بوو کە پێغەبەری خـوا ﷺ بـە نهێنـی پێـی ڕاگەیانـدی و تـۆش گریایـت و پاشـان قسەیەکی تری بە گوێی تۆدا چرپاند بەهۆیەوە تۆ پێکەنیت؟.

---

[1] د. عبدالرحیم ماردینی، موسوعة الاعجاز العلمی في القرأن و السنة النبویة الشریفة ٨٢٢، ٨٢٣، بەکەمێك دەستکارییەوە.

فاتیمه (خوا لێی ڕازی بێت) فەرمووی: یەکەم جار هەواڵی مردنی خۆی پێدام منیش گریام، پاشان هەواڵی دامێ کە من یەکەم کەسم شوێنی دەکەوم لە خانەوادەو خزمە نزیکەکانی، بۆیە پێکەنیم و دڵخۆش بووم) ئیمامی بوخاری و موسلیم گێراویانەتەوە.

بە کرداری مێژوو گەواهی دەدات کە فاتیمەی زەهراء (خوا لێی ڕازی بێت) یەکەم کەس بوو کە لە خانەوادە و خزمە نزیکەکانی کۆچی دوایی کرد لە دوای کۆچی پێغەمبەر ﷺ و چووە خزمەتی، کاتێکی زۆر کورت بەسەر مردنی باوکیدا ﷺ تێپەری نەکرد ئەوا ئەویش گەیشتەوە خزمەت باوکی.

ئیمامی نەوەوی ڕوونکردنەوەیەکی داوە لەسەر ئەم فەرمایشتە، ڕووی ئیعجازیشی تێدا ئاشکرا کردووە، وتویەتی: ئەمە موعجیزەیەکی ئاشکراو ڕوونی پێغەمبەرە ﷺ، بەڵکو دوو موعجیزەن کە هەواڵی داوە بە مانەوەی فاتیمە لە پاشی... لە هەمان کاتدا هەر ئەویشە یەکەم کەسە لە خانەوادە و خزمە نزیکەکانی کە پێی دەگات، ئەمەش ڕوویدا، فاتیمە لە خۆشیدا پێکەنی بە هۆی ئەوەی کە زوو بە پێغەمبەر ﷺ دەگات، لە مەشدا ئەوە دەردەکەوێت کە دوارۆژیان هەڵبژاردووەو بەختەوەر بووینە بە گوێزرانەوەیان بۆ دونیاکەی تر و ڕزگاربوونیان لە دونیای فانی.

**سێیەم: هەواڵدانی پێغەمبەر ﷺ لە بارەی دووبارە بە باخ و بێستان بوونەوەی نیشتمانی عەرەب:**

**پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: (لَنْ تَقُومَ السَّاعَةُ حَتى تَعُودَ أَرْضُ الْعَرَبِ مُرُوجًا وَأَنْهَارًا)** ئیمامی موسلم گێڕاویەتیەوە. **واتە: دوارۆژ بەرپا نابێت تا زەوی عەرەب نەگەڕێتەوەو نەبێتەوە بە باخ و باخات و ڕووبار. و دەفەرمووێ: (یُوشَكُ یَامُعَاذ اِنْ طَالَتْ بِكَ الْحَیاة أَنْ تَرَی مَا هَاهُنَا قَدْ مُلِئَ جِنَانـاً)** ئیمامی موسلیم گێڕاویەتیەوە. **واتە: ئەی موعاز ئەگەر تەمەنت بە بەرەوەما دوور نییە ئا لێرە باخ و باخات بەچاوی خۆت ببینی. وتوێژێك ڕوویدا لە نێوان زانای موسڵمان دکتۆر (عبدالمجید زندانی) لەگەڵ پسپۆر (ئەلفرێد کرۆنر) کە ئەڵمانیە و لە بەناوبانگترین زاناکانی دونیایە لە جیۆلۆجیدا و لە ناو زاناکاندا بەرەخنەکانی بۆ تیۆری گەورە زانایانی دونیا بەناوبانگە.**

**دکتۆر زندانی دەڵێ: پرۆڤیسۆر ئەلفرێد کرونر یەکێ لەوانەیە هەر هەڵێکی ڕاکردنی لەسەر بابەتە ئاینییەکان بینیبایە لێی ڕادەکرد، دکتۆر زندانی لێی پرسی ئایا وڵاتی عەرەب باخ و باخات و ڕووبار بووە؟ وەڵامی دایەوە بەڵێ، ئینجا دکتۆر زندانی پێی وت کەی وابووە؟ کرۆنەر وتی لە چاخی بەفریندا کە بەسەر**

زەویـدا ڕۆیشـتووە ئـەوا بەسـتەڵەکەکان لـە جەمسـەری بەسـتووی باکور کەڵەکە دەبن و پاشان دەکشێن بەرەو باشور، کاتێ کە لە دوورگەی عەرەبی بەرێژەیی نزیك دەبێتەوە کەش و هەوا دەگۆڕێت، وڵاتی عەرەبیش لە هەموو وڵاتانی دونیا زیاتر دەبێتە باخ و باخات و ڕووبار، دکتۆر عبدالمجید زنداني پێی وت: ئایا جارێکی دیکە وڵاتی عەرەب دەبێتەوە باخ و باخات و ڕووبار؟ پرۆڤیسۆر کرۆنەر وتی: بەڵێ ئەمە ڕاستییەکی زانستی سەلمێنراوە. دکتۆر زنداني وتی: بۆچی؟ پرۆڤیسۆر کرۆنەر وتی لەبەر ئەوەی چاخی بەفرین دەستی پێکردووەتەوە. ئەو بەستەڵەکانەی لە جەمسەری بەستووی باکوری زەوییەوەن جارێکی تر بەرەو باشور دەکشێن، لە ڕێگاکەی دا لە ناوچە نزیکەکانی وڵاتی عەرەب نزیك دەبێتەوە، لە دوایدا وتی: بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەو باو بۆران و گێژەلوکە بەفرینانەیە کە هەموو زستانێك لە شارە باکوریەکانی ئەوروپا دەدات، ئەوەش یەکێکە لە بەڵگەکان و زاناکان چەندەها بەڵگەی تریان پێیە لەسەر ئەوەی کە ڕاستیەکی زانستییە. دکتۆر عبدالمجید زنداني وتی: ئەوەی تۆ باسی دەکەی زاناکان لە دوای چەندین لێکۆڵینەوەی زانستی بە بەکارهێنانی چەندەها ئامێری ورد ئەوەیان ئاشکرا کردووە، بەڵام پێغەمبەر ﷺ پێش ١٤٠٠ ساڵ ئەوەی باس کردووە دکتۆر

زندانی به پرۆفیسۆر کرۆنەری وت: کێ ئەوەی بە پێغەمبەر ﷺ ڕاگەیاند کە وڵاتی عەرەب باخ و باخات و ڕووبار بووە؟ و کێ هەواڵی دایە پێغەمبەر ﷺ کە جارێکی تر زەوی عەرەب دەبێتەوە باخ و باخات و ڕووبار؟ پرۆفیسۆر ئەلفرێد کرۆنەر ماوەیەك بیری کردەوە لە دوایدا وتی بەڕاستی ئەو زانیاریانە لە سەرەوە بە نیگا نەبێت بە مرۆڤ ناگات[1].

## چوارەم: هەڵهاتنی خۆر لە خۆر ئاواوە

ئەبوو هورەیرە_ خوا لێی ڕازی بێت _ دەفەرمووێت: پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووی: (مَنْ تَابَ قَبْلَ أَنْ تَطْلُعَ الشَّمْسُ مِنْ مَغْرِبِها تَـابَ اللهُ عَلَيهِ) ئیمامی موسلیم گێراویەتیەوە. واتە: هەر کەسێ لە پێش ئەو کاتەدا کە خۆر لە خۆرئاواوە هەڵدێت تۆبە بکات خوا تۆبەکەی گیرا دەکات. ئەو فەرموودە پیرۆزەی پێغەمبەر ﷺ بووە هۆی موسڵمان بوونی (دیمیتری بولیاکوف) کە پسپۆری بواری فیزیاو عەودالی توێژینەوە زانستییەکانە لە ئۆکرانیا هاتە ناو مزگەوت دوای تەواو بوونی نوێژ لە تەنیشت پێش نوێژخوێنی مزگەوتەکەوە دانیشت

---

(1) عبدالرزق أحمد: ئاشکرابوونی موعجیزەکانی قورئان و سوننەت لە سەردەمی نوێدا ١١٧، ١١٨. بۆ زیاتر وردبوونەوە سەیری، عبدالرحمن سعد صبي الدين، آيات الاعجاز العلمي من وحي الكتاب والسنة ١٤٢، ١٤٣.

لە پێشدا مامۆستای مزگەوت وتارێکی بۆ ئامادەبووانی خوێندەوە، دوای وتارەکەی مامۆستا (دیمیتڕی) شایەتمانی هێنا، باسی هۆی موسڵمان بوونی خۆی بۆ ئامادەبووانی مزگەوتەکە کرد، وتی: سەرەتای بەسەرهاتی موسڵمان بوونی هۆکارێکی زانستی و فیزیایی بووە! ئامادەبووانی مزگەوتەکە زۆر بە جوانی گوێیان لێ ڕاگرت بوو، تا بزانن چۆن زانستی فیزیایی ئەو زانایەی بەرەو ئیسلام ڕێنمایی کردووە؟ دیمیتڕ ڕوونی کردەوە کە لە تیمێکی توێژینەوەی زانستیدا کار دەکات کە تایبەتە بە بواری فیزیای بۆشایی بە سەرپەرشتی (نیکۆلای کۆسینیکۆف) کە یەکێکە لە زانا هەڵکەوتووەکانی ئەو بوارە. دیمیتڕی باسی لەوەکرد چەند نموونەیەکیان دروست کردووە و تاقیکردنەوەی لابۆرییان لەسەر ئەنجام داوە، بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە تیۆرێکی نوێ بۆ لێکدانەوەی خولانەوەی زەوی بە دەوری تەوەرەی خۆیدا. بەلاَم دوای دەرەنجامەکانی زانی کە فەرموودەیەکی پێغەمبەر ﷺ هەیە هەموو موسڵمانان دەیزانن جەخت لەسەر دەرەنجامی ئەزموونی ئەو تیۆرە دەکاتەوەو لەگەڵ پوختەکەیدا یەکدەگرێتەوە. ئیتر دڵنیا نەبوو زانراوێکی وەك ئەوە کە تەمەنی زیاترە لە (١٤٠٠) ساڵە تاکە سەرچاوەی دەبێت بەدیهێنەری گەردوون بێت! ئەو تیۆرەی کە پرۆفیسۆر (کۆسینیکۆفی) باسی دەکات بە نوێترین

تیۆر دادەنرێت لە بواری لێکۆڵینەوە لە دیاردەی خولانــەوەی زەوی بە دەوری تەوەرەی خۆیدا. ئـەو گرووپـە یەکـەم جار نمونـەیـەکیان ئامادەکرد بریتی بوو لە تۆپێکی پڕ لـە تـوخمی قەصـدیری تـواوەو لە بـواری موگناتیسـی دا دانـرا کـە بـەکرداری پێچـەوانە بوونـەوەی بارگەکان ئامادەکرابوو، جا هەر هێنده تـەزووی کارەبـای نـەگۆر بـە دوو جەمسـەرە کارەباییەکـدا دەبرێـت ئـەوا بـوارە موگناتیسـیەکە پێکدێت و تۆپە پـڕ لـە قەصـدیرە تواوەکـەش دەکەوێتـە خولانــەوە بە دەوری تەوەرەکەی خۆیـدا. ئـەو دیاردەیـەش نـاونرا بـە کـرداری تــەواوکاری ئــەلیکترۆ مــاگنۆ دینــامیکی کـە بەشـێوەی گشـتییەکەی لاسایی کردنەوەیە بۆ پرۆسەی خولانەوەی زەوی بە دەوری خۆیـدا، لـە جیهـانی ڕاسـتەقینەماندا هێـزی خـۆر دەبێتـە هێـزی بزوێنـەر. ئەوەتا وزەی خـۆر بـوارێکی موگناتیسـی ئـەو تـۆ بەرهـەم دێـنێ کـە زەوی بە دەوری تەوەرەی خۆیدا دەخولێنێتەوە. خێرایی و سیسـتی خولانەوەکـەی زەوی هاوڕێژەیـە لەگـەڵ ڕاددەی چـڕی وزەی خـۆر، بارو ئاراستەی جەمسەری باکوری گۆی زەویـش پشـت بـەو چڕییە دەبەستێ. تێبینی کـراوە جەمسـەری موگناتیسـی زەوی هـەتا سـاڵی (١٩٧٠ز) بە خێراییەك دەجولاێەوە کە لە (١٠کـم) لـە سـاڵێکدا زیاتر نەبوو. بەلاّم لەو سـاڵانەی دواییـدا خێراییەکـەی زیـادی کـرد هــەتا گەیشــتە (٤٠ کــم) لــە ســاڵێدا. تەنانــەت ســاڵی (٢٠٠١)

جەمسەری موگناتیسی زەوی (٢٠٠کم) دوورکەوتەوە. ئەوەش تێمان دەگەیەنێ کە لە ژێر کاریگەری ئەو هێزە موگناتیسیانەوە هەر دوو جەمسەری موگناتیسی زەوی شوێنەکانیان دەگۆڕنەوە. کە ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ گۆی زەوی ئەوکاتە بە ئاراستەی پێچەوانەی ئێستا دەخولێتەوەو خۆر لە خۆر ئاواوە هەڵدێت[1].

(١) عبدالرزق أحمد: ئاشکرابوونی موعجیزەکانی قورئان و سوننەت لە سەردەمی نوێد ٨٩ ـ ٩١.

# کۆتایی

واتـا و مانـای مـوعجیزە لەوەوبـەر بۆمـان ڕوون بـووەو وەك ڕۆژی ڕووناك، بۆیە نهێنیەکمان بۆ ئاشکرا دەبێت، ئـەویش ئەوەیـە کـە ئـەو خەڵکانـەی داوای مـوعجیزەو دەراسـایەك لـە پێغەمبـەرو نێردراوەکانیـان دەکـەن، بـە بۆچـوونی خۆیـان ئـەم داوایـەیان بـۆ ئەوەیــە تــا خوایــەتی پــەروەردگاریان بــۆ دەربکــەوێت، ئــەو موعجیزەیە ببێتە هـۆی ئاشـانا بوونیـان بـە خـوا، هۆکـاری ناسـینی خوایــەتی خوابێــت، کەچــی ئەوانــە لــە دەوروبەرەکەیانــدا ورد نەبوونەتــەوە، بــە کەشــتی ژیریــان نەچــووەتە قــوڵایی دەریــای بەدیهێنـراوەکان، هێزی بیرکردنەوەی خۆیان لەکار خستووە و توانـا و هێزە پەنهانەکانیان بەگەڕ نەخستووە.

ئەمانە داوای ئەوە دەکەن تا ڕوونـاکی و قورئـان بپێچـرێتەوەو دەیانەوێت ژیانیـان بـە ڕۆشـناییە لاوازەکـەیان ببەنەسـەر، بەمـەش چاویان لـە ئاسـت ئیعجـازە ڕوونـاك پەخشـە خورئاسـاکەی قورئـان بنـوقێن، تـەنها بـە هـۆی ڕووناکیـە کزەکـەی ژیریـان بگـوزەرێنن. ئەمانـە هـەرگیز سـەرکەوتوو نەبوونـە، کـورد گوتـەنی: (بـەری ڕۆژ بەبێژینـگ ناگیرێت).

بوصەیری شاعیریش دەڵێ:

قَدْ تُنْكِرُ الْعَيْنُ ضَوْءَ الشَّمْسِ مِنْ رَمَدٍ وَيُنْكَرُ الْفَمُ طَعْمَ الْمَاءِ مِنْ سَقَمٍ .[1]

واتـە: لەوانەیـە چـاو لەبـەر چاوئێشـە دان بـە بـوونی تیشـکی خۆر دانەنێت و دەمیش لەبەر نەخۆشی هەست بەتامی ئاو نەکات.

لەبـەر ئـەوەی زاتێـك کـە ڕۆژی کـردووە بـە بیلبیلـەی چـاوی ئاسمانەکان و هـەر ئـەویش بیلبیلـەی بـە چـاوی مـرۆڤ بەخشـیووە، زاتێك کە لە وەرزی زستاندا کفن بە بـەر زەوی دا دەکـات هـەر ئـەو زاتەش کفن بە بەر گشت مرۆڤەکان دەکات، خاوەن توانایەك کە لـە وەرزی بەهاردا لە شـێوەی حەشـردا کـاڵای زیندووبوونـەوە بـە بـەر باڵای مردووی بونەوەراندا دەدورێت و سەدان هەزار گوڵ لە سـەدان هـەزاران جـۆرو لـە هـەزاران شـێوە و تایبەتمەندیـدا بـە ئەنـدازەی گشت گرۆی ئادەمیزاد زیندوویان دەکاتەوە، جارێکی تر ژیانیان پـێ دەبەخشێت، هەر ئەو زاتەش مرۆڤ زیندوو دەکاتەوە.

بۆیـە ئـەم بـێ بـاوەڕە نـەفام و سـاویلکەیە کاتێـك داوای بـاوەر هێنانی لێ دەکرێت، ئـەو داوای مـوعجیزە دەکـات، دەیـەوێت شـتێك

---

[1] ـ سەیری ئەم سەرچاوەیە بکە: الامام البوصيري (قصائد البردة للشعراء كعب بن زهـير و الامام البوصيري و أحمد شوقي) لەئامادەکرنی: محمود حريتانی، چاپخانەی الصفا والمروة، حلب، سوريە، ١٤٢٧ك ٢٠٠٦، ٣٣ .

ببێت بەبەڵگە لە سەر ڕاستێتی پەیامی ئەو پێغەمبەرو نێردراوە کە ڕیزپەڕو لە دەرەوەی ڕێسای بوونەوەر بێت، تا باوەڕ بهێنێت.

کەچی هەرچی لەو بوونەوەرەدایە هەر هەمووی نیشانەیە لەسەر پەروەردگارێتی خوای بێ وێنە، بە شێوەیەك کە ئەم جیهانە شوێن و ئاوێنەی درەوشانەوەی ناوە چاك و جوان و سیفەتە بەرزو پیرۆزەکانی خوای گەورەیە. بۆیە ئەو کەسەی داوای موعجیزە دەکات چاوی کوێرە لە ئاست ئەم بەڵگانە و ژیری لەکار کەوتووە، هەر بۆیە توانایی لێکدانەوەو ڕامانی نییە، چونکە ئەگەر کەمێك ورد ببێتەوە دەزانێت هەر گەردیلەیەکی ئەم جیهانە گەواهیدەرو ئاماژە دەکات بۆ خوای بەدیهێنەر، لە هەمان کاتدا بەندە هەر خۆی جیهانێکی بچکۆڵە و دەورووبەریشی جیهانێکی گەورەیە.

هەر بۆیەش داوای بەڵگەیەك دەکات کە لە دەرەوەی یاساو ڕێسا گەردوونیەکان بێت، واتە داوای لادان لە ڕێسا سروشتییەکان دەکات، تا ئەو لادانە بکاتە بەڵگە لەسەر ڕاستێتی پەیامی پێغەمبەران. جا مرۆڤی بڕوادار هەر خاوەنی ئیمانە پتەوەکەیەتی، گەر داوای موعجیزەش بکات ئەوا بۆ سەلماندنی خوایەتی پەروەردگار نییە بەڵکو بۆ ئارام بوونی نەفس و دەروون و ناخیەتی.

هیــوا خــوازم بــەم كــردو كۆششــە كەمــەم كــەڵك و ســودێكم گەیاندبێت.

## ناوەرۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی .................................. | ٦ |
| تەوەری یەکەم: سەرەتایەك دەربارەی موعجیزە | ٩ |
| پێناسەی چەمکی موعجیزە ........................ | ١٠ |
| موعجیزە بۆچی؟ .............................. | ١٦ |
| جیاوازی موعجیزە لەگەڵ ڕووداوە ئاساییەکان ... | ١٨ |
| موعجیزە بەپێی ڕۆژگارو سەردەم هاتووە ...... | ٢٩ |
| موعجیزە پەیامێکە .............................. | ٣١ |
| حوکمی موعجیزە چییە؟ ............................ | ٣٢ |
| موعجیزە هۆکارێکە بەرەو مەبەست نەوەك ئامانج | ٣٥ |
| تەوەری دووەم: قورئان گەورەترین موعجیزەیە | ٣٧ |
| دەروازەی یەکەم: قورئان موعجیزەیە.............. | ٣٨ |
| دەروازەی دووەم: هەندێك جۆری موعجیزە لە قورئاندا | ٤٥ |
| یەکەم: ئیعجازی قورئانی لە ڕووی زمانەوانی و ژیربێژیەوە.................................................... | ٤٦ |

دووەم:  ئیعجازی قورئانی لە ڕووی هەواڵدانی غەیبی و مێژوویەوە........................................ ٧٦
سێیەم: ئیعجازی قورئانی لە ڕووی یاسادانانندا .... ٨٨
چوارەم: چەند دیمەنێك لە ئیعجازی زانستی لە قورئاندا...................................... ١٠٧
١_ مرۆڤ .................................... ١٠٧
٢_ ئاسمان و زەوی ............................. ١١٥
٣_ خۆر و مانگ ............................ ١٣٨
٤_ ژیاندار و جانەوەرەکان ................. ١٥٠
٥_ ڕووەکە پزیشکیەکانی قورئان ........ ١٦٠
تەوەری سێیەم: هەندێ جۆری موعجیزە لە فەرموودەکانی پێغەمبەردا ﷺ........................................ ١٦٨
دەروازەی یەکەم: ئیعجازی زانستی لە هەندێ لەو شتانەی کە پێغەمبەر ﷺ ڕێگری لێکردووە ................ ١٦٩
دەروازەی دووەم: ئیعجازی زانستی لە هەندێك لەو شتانەی کە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێ کردووە ................ ١٧٦
دەروازەی سێیەم: ئیعجازی زانستی لە هەندێك لەو هەواڵە پەنهان و غەیبیەکانی پێغەمبەر ﷺ داویەتی.... ١٨٦
کۆتایی ........................................ ١٩٤

ناوەرۆك.......................................................... ١٩٨




مافی چاپکردنەوەی بۆ خانەی چاپەمەنی سۆران پارێزراوە